دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٦١

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

سێ‌شەمە ● ١١ی بانەمەڕی ١٣٨٦ ● ١ی مای ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## ڕێپێوانی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران لە سنە لەگەڵ دژکردەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەرەوڕوو بۆوە

ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/١ (١٣٨٦/٢/١١) ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سنە پێك هاتوو لە چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك بەتایبەت کرێکاران، ڕووناکبیران‌و چالاکانی بواری کۆمەڵایەتی‌و کرێکاری بە بۆنەی ١ی مانگی مای (ڕۆژی جیهانیی کرێکار) خۆپێشاندانێکیان لە بەردەم ئیدارەی کار لە شەقامی سنەدا ساز داو بە دەرکردن‌و خوێندنەوەی بەیاننامەیەکی تایبەت بەو بۆنەیە، جارێکی دیکەش لەسەر مافە ڕەواکانی کرێکاران پێیان داگرتەوە. شایانی باسە ئەم خۆپیشاندانە لەگەڵ هێرشی هێزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم بەرەوروو بۆوەو ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران دەزگیرو ڕەوانەی ئیتلاعاتی سنە کران کە لەنێو دەزگیرکراوەکاندا "خالید ئەمانی" چالاکی کرێکاری‌و "سدیق کەریمی" چالاکی کۆمەڵایەتی دەبیندرێن. لەو تێك هەڵچوونانەدا هەر کەس دووربینی پێ بووە، لێیان سەندوەو یەکێك لە کرێکارە دەرکراوەکانی کارگەی "نساجی"ی سنەیان بەلێدان بردوە، بۆ ئیتلاعات.

## لەبەرە بەری وەرزێکی گەرم دا!

### (بە بیانووی ڕۆژی جیهانیی کرێکارانەوە)

ب. هیوا

وەك لە بڕیارەکانی پلینۆمی ئەم دواییانەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بانگەوازی کومیتەی نووسینەوەی پرۆگرام‌و پێڕەوی نێوخۆی ئەم حیزبە را دەردەکەوێ، ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی ساڵی پێکهاتنی کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. بەیاننامەو بەڵگەنامەو لێدوانە ڕەسمی‌یەکانی ئەم حیزبەش شایەدی بۆ بەرعۆدە بوونی حیزب لە ئاست پێکهێنانی گۆڕانی بنەرەتی‌و ملدان بۆ نوێبوونەوە دەدەن. کەسیش ناتوانێ نکۆڵیی لەوە هەبێت کە گۆڕان‌و نوێبوونەوە لە بەر تیشکی بەخۆداچوونەوەو ڕەخنە لەخۆ گرتنی ئازایانەو دەست نیشانکردنی کەم‌و کورتی‌یەکانی رابردوو بەدوور لە دەمارگرژی‌و تەسك بینی‌و بە دارشتنی بەرنامەو سیاسەت‌و پرۆژەو میکانیزمی گونجاوو سەردەمیانەو وەڵامدەر، ئیمکانی هەیە.

کێشەو گیروگرفتەکانی چین‌و توێژە زەحمەتکێشەکان‌و ویست‌و داواکانیان‌و خەبات‌و تێکۆشانیان یەکێك لەو تەوەرانەیە کە پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێستاوە تا کۆنگرەی داهاتوو بە جیددی بیهێنێتە بەرباس‌و لەم بوارەشدا وەك زۆر بواری دیکە خوێندنەوەی نوێی خۆی بۆ مەسەلەکە وەك زۆر پرسی گرنگی دیکە، وێڕای بەرنامەی عەمەلیی خۆی لەم پێوەندی‌یەدا، روون بکاتەوە. ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا ئێستاش پێکهێنانی کۆمەڵێکی دیموکراتیکی سوسیالیستی‌یە. لە زۆربەی مادەو بەندەکانی پرۆگرامێکیش دا کە ئەم حیزبە هەتا ئێستا پێی پابەندە بایەخدان بە ئاستی ژیانی خەڵك‌و بەتایبەتی زەحمەتکێشان‌و دابینکردنی مافەکانیان جێگایەکی تایبەتی هەیە. ناشکرێ باس لە زەحمەتکێشان بکەین‌و کرێکاران لە ریزی هەرە پێشەوەیان دا نەبینین. خوێندنەوەمان بۆ هەر کام لەم چەمکانەو قۆناغی ئێستای خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر چۆنێك بێ، حاشا لەو راستی‌یە ناکرێ کە کرێکاران بە تایبەتی‌و زەحمەتکێشان بەگشتی بەشێکی گرنگ‌و سەرەکی لە تەرکیبی کۆمەڵایەتیی کوردستان پێك دێنن‌و، کێشەو گیروگرفتەکانیشیان بەشێکی ئەسلی لە کێشەو پرسەکانی کۆمەڵی لە حاڵی گۆڕانی کوردستان دان. هەروا کە خەبات‌و تێکۆشان‌و ئیعترازو مانگرتنەکانیان بە دژی چەوساندنەوەو بۆ باشتر کردنی ژیانیان، بەشێکی هەرە دیار لەو خەباتە بەر بڵاوەیە کە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، لە گۆڕێ دایە.

بەرنامەی حیزبی دێموکرات هەر لە دوای کۆنگرەی سێهەمی ئەم حیزبەوە تا ئێستاش لە بایەخدان بە ویست‌و داواکانی چین‌و توێژە زەحمەتکێشەکان‌و گرینگیدان بە دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی شانبەشانی داوا کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێغی نەکردوەو، لەم بارەیەوە نەك هەر جێگای ڕەخنەیەکی مەبدەئی نیە، بەڵکوو شایانی ڕێز لێنانیشە. بەڵام لە تێکۆشانی ڕۆژانەمان‌و لە راگەیاندن‌و لە ڕێکخستنی ئەو حەرەکەت‌و بزووتنەوانەدا کە ویست‌و داخوازی چینایەتییان هەبووە، تەنانەت لە ناسین‌و شرۆڤەکردن‌و ناساندن و دەنگ لێ هێنانیان دا، ئێمە کەمتەرخەم‌و بێ تەفاوەت بووین. لە پەروەردەی فیکریی ئەندامانمان، لە بەرنامەڕێژی بۆ ڕێکخستنەکانمان لە نێو خەڵك‌و لە تەبلیغات‌و بوارەکانی دیکەی تێکۆشانماندا کەمترین بایەخمان بەم لایەنە گرنگە داوەو لەم بارەیەوە بە جیددی جێگای ڕەخنەین.

تۆخکردنەوەی لایەنی نەتەوەیی ئامانجەکانی حیزب‌و هەوڵدان بۆ پێناسە کردنەوەی سەر لە نوێی زۆر لە چەمکەکانی پێوەندیدار بە ژیانی سیاسی‌و تێکۆشانمان‌و پێویستیی هەبوونی خوێندنەوەی نوێ بۆ گۆڕانەکان لە کوردستان‌و ناوچەو جیهان کە بە دروستی لە "هێڵە گشتی‌یەکانی ڕێبازی ئێمە" دا قامکیان لەسەر دانراوە، هەموویان لە جێی خۆیان دان. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ زۆرایەتیی ئەندامانی هەر کۆمەڵێك یا هەر نەتەوەیەك، ئەو کاتەش کە تەنانەت کیانی سەربەخۆو ئاڵای تایبەت بە خۆو سنووری دیاریکراوو دانپێدانراوی خۆیان وێڕای دەسەڵاتێکی نەتەوەیی‌و مۆدێرن هەیە، بە ژیانێکی پڕ لە چەوسانەوەو بەدوور لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی رازی نابن. ئەمەش باشترین هۆکارو هاندەرە بۆ ئەوەی لە "وەرزی گەرمی تێکۆشانمان"، لەم قۆناغە گرنگە دا کە بەرەو کۆنگرە دەچین، بەوپەڕی گرنگیدانەوە، مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی کوردستان لە نێو حیزبدا بێنینە بەرباس‌و ئاکامی دروست‌و پێویستیان لێ هەڵێنجین.

**هانس یوئاخیم ئێریك، پارێزەری کەسوکاری قوربانییانی تیرۆری میکونووس:**

# زامەکانی میکونووس هەر کراوەن‌و هەر بە کراوەیی دەمێنن




تابلۆی بیرەوەریی تیرۆری د. شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی لە بێرلین

ڕۆژی ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٧ لە پێش ریستورانی میکونووس لە تەنیشت تابلۆی بیرەوەریی تیرۆری د. سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی لە شاری بێرلین، ڕێوڕەسمی دەیەمین ساڵرۆژی دەرچوونی بڕیاری دادگای میکونووس بەڕیوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا هانس یۆئاخیم ئێریك یەك لە پارێزەرانی بنەماڵەی قوربانییەکانی ئەم تیرۆرە گوتی: زامەکانی میکونووس تا ئەمرۆ کاریگەرییان ماوەو هەر کراوەن‌و بە کراوەییش دەمێننەوە. چونکە تا ئەمرۆ وەزیری ئەوسای دەزگای زانیاری‌و ئەمنیەتی ئێران (فەلاحیان)و سەرۆکی کۆماندۆ تیرۆریستەکان (بەنی هاشمی) کە فەرمانی گرتنیان دراوەو بە دوایان دەگەڕێن، تا ئەمرۆ بۆ بەردەم دادگا پەلکێش نەکراون. زامەکان تا ئەمرۆ کاریگەرییان هەیە، چونکە دەسەڵاتدارانی ئەوساو ئێستای ئێران خاوەنی هەمان فکرن‌و تا ئەمرۆ خۆیان وەك بڕیاردەری ئەم تاوانە بە لێپرسراو نازانن. وەك پێشوو هەر هەوڵ دەدەن تاوانبارەکان ئازاد بکەن... بەڵام ئازادکردنی پێشوەختی تاوانکاران بۆ ئێمە پارێزەران شتێکی نامومکینە. ئەگەر تاوانکاران ئازاد بکرێن ئەوا لە تاران وەك پاڵەوان تەماشا دەکرێن‌و ئاهەنگیان بۆ دەگێردرێت. وەك ئەمرۆ ئەوە بۆ تاوانکارانی‌تر دەکەن‌و گاڵتە بە قوربانیان دەکەن.

٤

## "تاوانێك کە هیچ پاساوێکی ئایینی، کۆمەڵایەتی‌و ئایدۆلۆژی هەڵ ناگرێت"



لە ٧ی نیسانی ٢٠٠٧ لە کۆمەڵگەی بەعشیقە لە نزیك مووسڵ کچێکی ١٧ ساڵەی یەزیدی بە ناوی "دوعا" بە تاوانی پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی غەیرە یەزیدی، کەوتە بەر پەلاماری بە کۆمەڵی پیاوانی تایفەکەی‌و لە بەر چاوی خەڵك بە بەردو لەتە بلۆك‌و لێدان گیانی لێ ئەستێندرا. بە دوای بڵاو بوونەوەی فیلمی بە مۆبایل هەڵگیراوی کارەساتی کوژرانی ئەو کچە لە ئینتێرنێت دا شەپۆلی گەورەی نارەزایەتی بە دژی ئەم کردەوە وەحشیانەیە، سەرانسەری کوردستان‌و میدیاکانی کوردی داگرت.

ئەنجومەنی باڵای ڕۆحانیی یەزیدییەکان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەن (٢٠٠٧/٤/٢٧)دا کە بە سەرۆکایەتیی میر تەحسین بەگ پێك هات ئەم تاوانەیان مەحکووم کردو بە "کردەوەیەکی دڕندانەو ناشیرین" ناویان برد.

سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش کوشتنی خاتوو "دوعا"ی بە تراژیدیایەکی گەورە بۆ خێزانەکەی‌و گشت کۆمەڵگەی کوردستان داناو ڕای‌گەیاند "ئەمە تاوانێکە کە هیچ پاساوێکی ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی قبوول ناکات." لە لێدوانی وتەبێژی حکوومەتی هەریمی کوردستان دا هاتوە: دەبێ هەر کەسێك ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری کردوە لە تاوانی کوشتنی دوعا، بە زووترین کات بە سزای یاسایی خۆی بگات.

## ئێران جارێکی دیکە لە سەرووی لیستی پشتیوانانی تیرۆریزم دا



وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی دا، جارێکی دیکە ناوی ئێرانی لە سەرووی لیستی وڵاتانی پشتیوانی تیرۆریزم لە جیهان دا هێناوە. ڕاپۆرتەکە دەڵێ ئێران یارمەتیی توندرەوانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی عێراق دەداو، بە هاوکاریی میلیشیا شیعەو سوننی‌یەکانی عێراق ئاژاوەو نائارامی لەو وڵاتە پەرە پێ دەدا. ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٦ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئێران بە چالاکترین وڵاتی پشتیوانی تیرۆریزم ناو دەباو دەڵێ سپای پاسداران‌و وەزارەتی ئیتلاعات‌و ئەمنییەتی ئێران ڕاستەوخۆ دەستیان لە بەرنامەڕێژی‌و پشتیوانی لە کردەوەی تیرۆریستی دا هەیەو، گرووپی جۆراوجۆری فەلەستینی کە ڕێبەرایەتییەکەیان لە سوریەیە، هەروەها حیزبوڵلای لوبنان بۆ ئامانجە تیرۆریستییەکانی خۆی بەکار دێنێ.

شایانی باسە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبەرەبەری پێکهاتنی کونفرانسی شەرمولشێخ بە مەبەستی جێگیر کردنی تەناهی‌و سەقامگیری لە عێراق دا، بڵاو بۆتەوە. B.B.C

## ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە ڕێپێوانی ١ی مانگی مای لە ڤییەن دا بەشدار بوون

لە ڕێپێوانێك دا کە حیزبی سوسیال دێموکراتی ئۆتریش بە بۆنەی ١ی مای ڕۆژی جیهانیی کرێکارانەوە لە شاری ڤییەن پێکی هێنا، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو شارە،بە ئاڵای کوردستانەوە بەشدار بوون. ڕێپێوانەکە لە ناوەندی حیزبی سوسیال دێموکراتەوە لە ناوچەی ٣ی ڤییەن دەستی پێ کردو پاش برینی مەودایەکی ١٠ کیلۆمیتری، بەشداران لە مەیدانی بەناوبانگی شارەداریی ڤییەن کۆ بوونەوە. زۆر لە کوردانی دیکەی دانیشتووی ڤییەن، لە مەیدانی شارەداری بە دیتنی شەکانەوەی ئاڵای کوردستان لە نێو ئاپۆرای ١٠٠ هەزار کەسی دا، بە هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیوەست بوون.






ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی کومیتەی ناوەندی ٢


هەواڵ، دیدارو چالاکی ٣


شۆڕشی فەرهەنگی پیلانێك دژی نوێخوازی ٤


داهاتووی ڕاگەیاندن لە کوردستانی ئێران بۆ میدیای ئازادو دێموکراتیکە ٥


یەکی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکاران ٨


شەپۆلێکی دیکەی توندوتیژی لە دژی ژنان ١١

# ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی

**ڕۆژانی ٢٣و ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ی هەتاوی پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێك هات. ئەم ڕاپۆرتەی لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران، لەم پلینۆمەدا کەوتۆتەبەرباسو پەسند کراوە**

**( ٢ـ٢ )**

ئەگەر بمانەوێ باسی وەزعی کورد بەگشتی یان وەزعی کوردستان بە گشتی بکەین، ئێمە وای دەبینین کە مەسەلەی کورد لە وەزعییەتێکی باش دایە. ئەمن ناڵێم مەسەلەی کورد بۆتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی. چونکە بوونی مەسەلەی کورد بە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی، لە دیدگای واقعیی خۆی دا ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی یان دەسەڵاتە گەورەکان باس لە مەسەلەی کورد بکەن وەك مەسەلەی میللەتێك کە ژمارەی حەشیمەتی دەگاتە نزیك ٤٠ میلیۆن، ویسعەتی خاکەکەی بەقەد وڵاتێکی وەك فەرانسە دەبێ، بەقەد چەند وڵاتی وەکوو هولەندو بێلژیكو سویس دەبێ، بەڵام لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش کراوەو پێویستە ئەو مافەی بۆ تەئمین بکرێ. هەتا ئێستا مەسەلەی کورد وا مەترەح نەکراوە. بەڵام لە موقابیل دا مەسەلەی کورد لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا ئێستا مەسەلەیەکی نەناسراو نیە. کورد میللەتێکی نەناسراو نیە. لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەستی نەتەوایەتی لەچاو هەموو وەختەکانی پێش ئێستا لە پلەیەکی بەرز دایە. هاوپێوەندیو عەتفێکی بەرچاوی نێونەتەوەیی لەنێو دنیای دەرەوە دا دەگەڵ مەسەلەی کورد هەیە.کەوابێ زەمینەی ئەوە کە کورد تێکۆشانی سیاسیی هەبێ، تێکۆشانی دیپلۆماسیی هەبێ، لەبارە. ئێستاشی لەگەڵ بێ وەکوو لەبارەی کوردستانی خۆمان دا باسمان کرد لە سەتحی هەموو کوردستانیش دا جێگای نەوعێك هاوکاری هەر بەتاڵە. کورد نەیتوانیوە لە نێو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا بە یەك دەستو بە یەك زمان خۆی بنوێنێ. بەنەزەری من لەگەڵ ئەوەی کوردستان بەش کراوە، لە هەر بەشەی کوردستان دا هەلومەرجێکی تایبەتی هەیە، دۆستو دوژمنێکی جیاواز هەیە، بەڵام ئەو زمانە موشتەرەکە لەسەر هێندێك شتی هاوبەش هەیە کە بەداخەوە هەتا ئێستا ئیستیفادەی لێ نەکراوە. بۆ نموونە هەر ئەوە کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا حەللی مەسەلەی کورد بە شێوەی فیدراڵی مەقبووڵە. باشە ئەگەر ئێمە وەك کوردی ڕۆژهەڵات بچینو ئەوی دیکە وەك کوردی باشوورو باکوورو ڕۆژئاوا بچێ، ئەو قوەتەی نیە کە هەمووман وەختێکی لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی قسە دەکەین بڵێین ئێمە وەکوو کورد پێمان وایە حەللی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا بە شێوەی پێکهێنانی کۆمەڵێکی فیدراڵی حەللێکی مەعقوولە. ئەوە حەتمەن قوەتێکی دیکەی دەبێ. ئەگەر دە کەس هەرکەسەی بۆخۆی، بچن قسەکەی بکەن فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی یەکێك بە ناوی دە کەسەوە یان هەیئەتێکی دە کەسی بچێ ئەو قسەیەی بکا.

ئەگەر باسی باشووری کوردستان بکەین، ئەو بەینانە یادی ڕووخانی کۆماری کوردستانو لەداردرانی پێشەوامان دەکردەوە، بۆمن جێی شانازی بوو یادی لەداردرانی پێشەوامان لە کوردستانێکی ئازاد دا دەکردەوە. ئەگەر زەمانی جمهوری هەموو بەشی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان حەشیمەتەکەی بە زەحمەت خۆی لە میلیۆن دەدا ، ڕەنگ بوو نەگاتە ٨٠٠هەزار کەسیش، ئێستا پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەوەندە حەشیمەتی هەیە. وەزعییەتی دەوڵەتی کوردی لەگەڵ مولاحەزاتێکی کە ئێمەشو خەڵکی خۆشیان لەسەری هەمانە، لەسەر یەك بە باوەڕی من لە وەزعییەتی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا کە هەر یەکەی ڕابردووی دەیان ساڵ، سەدان ساڵ یان هەزاران ساڵ حوکمداریو فەرمانڕەوایییان هەیە کەمتر نیە. لە هەر بارێکەوە بیگری ئەزموونێکی سەرکەوتوو نیشان دراوە لە کوردستانی عێراقێ. لە پاشانیش ئەوە دەتوانێ وەکوو نموونەیەك، وەکوو ئولگوویەك بۆ حەللی مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکە دا مەترەح بێ کە هەر ئەوندە بۆخۆی پاڵپشتێکە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، بێجگە لەوەی هەقی کوردەکانە کە ئینتیزاری پشتگیریو پشتیوانیی زیاتریان لەو حکوومەتە ناوچەییە هەبێ کە لە کوردستانی ئێرە دا پێك هاتوە.

بەڵام لەسەر یەك لەگەڵ ئەوەی دنیا مەسەلەی کوردی دەرك کردوە، هەلومەرجەکە ئامادەیە، هاوپێوەندیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ مەسەلەی کورد شتێکی بەرچاوە، نابێ نە ئێمە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات، نە کورد بەگشتیو نە تەنانەت کورد لە باشووری کوردستانیشو حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو مەترسییانە غافڵ بن کە ڕوویان لە مەسەلەی کورد هەیە. یانی تێکۆشەری سیاسی نابێ هەر بارە موسبەتەکان ببینێ، نابێ هەر بارە مەنفییەکان ببینێ، دەبێ هەردووکیان ببینێ. ئەگەر بارە موسبەتەکان نەبینێ ئیستیفادەیان لێ ناکا. ئەگەر خەتەراتەکە نەبینێ، بەهەڵە دەچێو ڕەنگە زەربەی لێ بدرێ. خەتەراتەکە لە چ دایە؟ دەبینین دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا دەگەڵ هەموو ئیختیلافاتێك کە لەنێو خۆیان دا هەیانە، لەسەر مەسەلەی کورد یەك دەنگن. هەمیشە خەریکی نەخشەو پیلانو تەوتیئەی موشتەرەکن لە زیددی مەسەلەی کورد. مەعلوومیشە هەرکام لەوانە بیگری، لەباری ئیمکاناتی سیاسی، نیزامی، ئیقتیسادی، تەبلیغاتیو دیپلۆماسییەوە بەتەنێ لە هەموو بزووتنەوەی کورد ئیمکاناتیان پتر لەدەست دایە. کەوابێ دەبێ لەو تەوتیئانە غافڵ نەبین. هەر ئەو دەنگە ناسازانە کە لەملاولەولا دەبیسترێن لە نێوخۆی عێراقو لە دەوڵەتانی دەوروبەرو لە دەوڵەتانی دوورترەوە کە دەبێ هێزەکانی ئەمریکا بە زوویی لە عێراقێ بچنە دەرێ، لەبەر نیشتمانپەروەری نیە، لەبەر دڵسۆزیی دراوسێکان بۆ سەربەخۆیی عێراق نیە. بەڵکوو لەبەر دوو شتە: یەکەمیان لەبەر ئەوە کە لە عێراقێ دا یان دیکتاتۆرییەکەی پێشوو زیندوو بکەنەوە یان دیکتاتۆرییەك لە جۆرێکی دیکە دامەزرێنن. لە پاشان لەبارەی مەسەلەی کوردیشەوە، ئەو دەسکەوتانە کە بۆ کورد بە ڕەسمی ناسراونو لە قانوونی ئەساسی دا گونجاون بسڕێنەوە. کەوابێ کورد دەبێ زۆر بە زیرەکی لەگەڵ هەموو ئەو فاکتۆرانە هەڵسوکەوت بکا. لە عامیلە موساعیدەکان کەلك وەربگرێ. بەڵام هیچ وەختێك ئەو کەندو کۆسپانەشی لەبەر چاوان ون نەبێ. هەر بۆ نموونە بڕوانە ئەو هەڕەشەیە کە دەوڵەتی تورك دەیکا بۆ دەستێوەردانی کاروباری حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

**بێینە سەر باسی ئێران:** ئێران لە هیچ بارێکەوە بەرەو باشتر بوون هەنگاوی نەناوە. ئێران لە سێبەری کۆماری ئیسلامی دا دیسان لەگەڵ سەرکوتو خەفەقان، لەگەڵ پاشکەوتوویی ئابووری، لەگەڵ مەحروومییەتی خەڵکی هەم لە نان هەم لە ئازادی بەرەوڕوویە. بە جۆرێك کە دەتوانین بڵێین ناڕەزایەتیی خەڵك لە حکوومەتو فاسیلەی نێوان خەڵكو حکوومەت ـ ئێستا کە قسەی تێدا دەکەین ـ لە هەموو وەختەکانی دیکە زیاترە. زەبروزەنگو کوشتوبڕو بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکان، گرتنو کوشتنو تەبعیدو لەداردانو ئازارو ئەشکەنجەی ئازادیخوازان، داخستنی مەجەللەو ڕۆژنامەکان، بەکورتی سەرکوتی ئازادییە دێموکراتییەکان هەتا دێ پتر پەرە دەگرێ. بەڵام لە عەینی حاڵ دا هێندێ شتی موسبەت هەیە: وەکوو زۆر جارمان گوتوە لە ئێرانێ دا تەکلیفی خەڵكو حاکمییەت لە هەموو وەختان ڕووناکترە. لە دەورانی حاکمییەتی ڕەفسەنجانی دا، لە دەورانی حاکمییەتی خاتەمی دا بەتایبەتی، لانی کەم بەشێك لە خەڵکی دوچاری تەوەهومێك ببوو کە لەنێو حاکمییەت دا جەناحێك هەیە کە دەتوانێ جمهووریی ئیسلامی ئیسلاح بکاو بە بوونی جمهووریی ئیسلامییشەوە خەڵك دەتوانن بە مافو ئازادییەکانیان بگەن. بەڵام ئێستا دەبینین کەسێك لە وڵاتی ئێمە دا حاکمە کە نمایندەی واقعیی کۆماری ئیسلامییە لە فەلسەفەو بۆچوونی سیاسی دا. بۆیە خەڵکەکە هەرچەندە مونسەجیم نین، یەکگرتوو نین، بەڵام تێگەیشتوون کە دەبێ وەکوو کوللی خەڵك دەگەڵ کوللی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەرەوڕوو بنو حیسابی خۆیانی لەگەڵ یەك لا بکەنەوە. ئەوە شتێکی موسبەتە لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ئازادیو سەربەخۆیی دا. ئەوەی لەو نێوە دا کەمە دیسانەکە ئەوەیە کە ئەو ناڕەزایەتییە موتەشەککیل نیە. دەبێ کاری بۆ بکرێ. هەروەکوو پێشتر ئیشارەی پێ کرا ئێمە بە نۆرەی خۆمان دەبێ کار بکەین بۆ یەکخستنی ئەو ناڕەزایەتییە. لە پێش دا لە سەتحی کوردستان دا بە بەسیجی خەڵکەکەمان لە دەوری حیزب، بە پێکهێنانی پلاتفۆڕمێك لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان، لە پاشان لە نێو گەلانی ئێرانێ دا. هەروەك جاری دیکەش گوتوومانە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ وەکوو تریبوونێك، وەکوو سەرەتایەك شتێکی باشە، دەبێ ئەو هاوکارییە تەقویەت بکرێ، پتر بەهێز بکرێ. لە پاشانیش لە سەتحی سەرتاسەری دا. پێم خۆشە لێرە دا ئەوەی بڵێمەوە کە نابێ بە هیچ جۆر دوچاری ئەو هەستە بین کە بڵێین ئێمە کارمان بە ئێرانێ نیە. مەسەلەی کورد ڕەنگە ئاییندەکەی شتێکی دیکە بێ بەڵام ئەگەر قابیلی حەللە لە چوارچێوەی وڵاتەکان دا قابیلی حەللە. کورد نە دەتوانێ لە ئێرانێ جوداوەبێ، نە دەتوانێ لە عیراقێ جودا وەبێ، نە لە تورکیەی نە لە سووریەی. بەتەنێ نە دەتوانی شتەکانت بەسەر دەوڵەت دا بسەپێنی، نەدەتوانی کوردستانەکەی لێ بستێنی. کەوابێ دەبێ خەباتی موشتەرەك بکەی. تەنانەت نەتەوەی حاکم کە نەتەوەی فارس بێ لە ئێرانێ دا، ناتوانی بەدوور لەخۆت بگری. ئێرانی ستیزی یان فارس ستیزی بە هیچ جۆر لە خزمەتی خەباتی حیزبی دێموکرات یان بزووتنەوەی کوردو میللەتی کورد لە ئێرانێ دا نیە. بۆیە ئێمە دەبێ سەعی بکەین چەندی بکرێ پێوەندیمان لەگەڵ هێزە سەرتاسەرییەکانیش بەهێز بێ.

باسی دنیای دەرەوە کە دەکەین پێمان خۆشە لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانێ دا باسی بکەین. ئەگەر لەو بارەیەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین، دەتوانین بڵێین هەلومەرجی نێونەتەوەییو هەڵوێستی دەسەڵاتە نێونەتەوەییەکان بەرابەر بە ئێرانێ لە وەزعییەتێکی موساعید دایە. دنیای دەرەوە بەرەبەرە بەرامبەر بە سیاسەتەکانی جمهووریی ئیسلامی خەریکە دەگاتە نوختەی ئاخر. حەوسەلەی بەسەر دەچێ. پێم وایە هەمووومان ئەوەی قبووڵ دەکەین کە لەوەتا جمهووریی ئیسلامی لە ئێرانێ دا هاتۆتە سەرکار، قەت بەقەد ئێستا دنیای دەرەوە بەرامبەری یەکدەنگ نەبووە. ئەو یەکدەنگییە کامڵ نیە. بەڵام قەت بەقەد ئێستا نەبووە. هاوهەڵوێستیی ئورووپا و ئەمریکا، نزیکبوونەوەی هەڵوێستی چینو ڕووسیە لە هەڵوێستی ئورووپا و ئەمریکاو لەوەش جالبتر، هەڵوێستی تەقریبەن شەفافی وڵاتانی ئیسلامی، وڵاتانی عەرەبی بەرابەر بە ئێرانێ نیشانەی وەزعییەتێکی تازەیە لە ڕوانینی دنیای دەرەوە بۆ جمهووریی ئیسلامی، بۆ پێوەندییەکانیان لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی. هەر ئەو لێك-نزیکبوونەوەیەیە کە لەو دواییانە دا دوو قەتعنامەی بەهێزی شووڕای ئەمنییەتی سازمانی میلەلی موتتەحیدی لەبارەی ئێرانێوە بە دوادا هاتوون، کە هیچ بە دوور نازانرێ پاش تەواو بوونی ئەو وەختەی قەتعنامەیەکی سەریحتر، ڕوونترو بڵێین فەراگیرتری بەرامبەر بە ئێرانێ بەدواوە بێ. ئەو ڕێبازەی دەوڵەتی ئێرانێ گرتوویەتە پێشێ بە تایبەتی ڕەفتاری ئەحمەدینەژادو ئەو موژدەیەی ئەخیری کە بە خەڵکی ئێرانێی دا کە ئێمە لە بواری پیتاندنی ئۆرانیۆم دا گەیشتووینە ڕادەی غەنیسازی لە مقیاسی سەنعەتی دا، ئەوە مزگێنی نیە بۆ خەڵکی ئێرانێ. بەڵکوو ئەوە بەجۆرێك لە جۆران نیشانەی ئەوەیە کە ئێران تووشی بەڵایەکی دیکە دەبێ. ئێران دەستی بە ئینێرژیی ئەتۆم ڕابگا یان ڕانەگا، دەستی بە سیلاحی ئەتۆمی ڕابگا یان ڕانەگا، دەگەڵ ئەوەی خەتەر ئیجاد دەکا بەڵام خەتەر لەسەر دنیای دەرەوە ئیجاد ناکا. ئەمریکا بە ئێرانێ لەبەین ناچێو ئورووپا بە ئێرانێ لەبەین ناچێ. بەڵام دەتوانێ ئەو بەرزەفڕییانە جامیعەی ئێرانێو خەڵکی ئێرانێ دوچاری میحنەتێكو بەڵایەك بکا کە ئەبعادەکەیو ئاکامەکەی بۆ هیچ کەس قابیلی پێشبینی نیە. ئەگەر ئەو وەزعە ئاوا بڕوا، دەگەڵ ئەوەی بە باوەڕی من کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، عەلاقەمەند نیە لە هەلومەرجی ئێستا دا دەگەڵ ئێرانێ دوچاری ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی ببێ. بەڵام ڕۆژبەڕۆژ ئەو مەترسییە نزیك دەخاتەوە. چونکی زۆر جار شەڕ لە بەینی دوو هێز دا کە پێك دێ، بە ئینتیخاب نیە. بەرەبەرە ناکۆکییەکان ئەوج دەگرن، تا دەگاتە لێکدان. کە بوو بە لێکدان ئیدی پێش پێگرتنی هەروا ئاسان نیە. شەڕێك بە تەقەیەك هەڵدایسێ، بەڵام پێشپێگرتنی چەند مانگو چەند ساڵو جاری وایە چەند دەساڵ دەخایەنێ. بۆیە ئەو مەترسییە لەسەر ئێرانێ زۆرە کە دوچاری بەرەنگارییەکی ئاوا ببێ. باجەکەی مەعلوومە خەڵکی ئێرانێ دەیدا. پێم وایە هیچ یەك لە ئێمە نە ئارەزوو دەکەینو نە دەبێ ئارەزوو بکەین کە وڵاتەکە بکەوێتە بەر حەملەیەکی بەربڵاوی نیزامی لەتەڕەف هەر وڵاتێکی خاریجییەوە. چونکە ئاکامەکەی بۆ هیچ کەس مەعلووم نیە چ دەبێ. بەڵام مەعلوومە باجەکەی خەڵکی ئێرانێو یەك لەوان خەڵکی

بۆ لاپەڕی٤

**هیچ یەك لە ئێمە نە ئارەزوو دەکەینو نە دەبێ ئارەزوو بکەین کە وڵاتەکەی بکەوێتە بەر حەملەیەکی بەربڵاوی نیزامی لەتەڕەف هەر وڵاتێکی خاریجییەوە. چونکە ئاکامەکەی بۆ هیچ کەس مەعلووم نیە چ دەبێ. بەڵام مەعلوومە باجەکەی خەڵکی ئێرانێو یەك لەوان خەڵکی کوردستان دەیدەن**

## بانگەوازێك لە هەیئەتی نووسینەوەی بەرنامەو پێڕەوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە

**بۆ هەموو ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

لەگەڵ سڵاوی گەرمو ئاواتی سەرکەوتن

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەو کۆنگرە دەچێ. یەکێك لەو هەنگاوانە کە بۆ ئامادەکردنی کۆنگرە هاویشتوونی پێکهێنانی هەیئەتێك بۆ نووسینەوەی بەرنامەو پێڕەوی حیزبە. هەر وەك لە"هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە" دا هاتوە، حیزبەکەمان لە زۆر بارەوە پێویستی بە ئاڵوگۆڕو نوێبوونەوە هەیە. کە وایە هەم ئامانجە بەرنامەیییەکانو هەم پێوەندییە ڕێکخراوەیییەکانو قەوارەی ڕێکخراوەیی حیزب دەبێ بە پێی پێداویستییەکانی سەردەم ئاڵوگۆڕیان بە سەردا بێ.

بەو بۆنەیەوە داوا لە هەموو لایەك دەکەین پاش خوێندنەوەو لێکدانەوەی وردو سەرلەنوێی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبو"هێڵەگشتییەکانی ڕێبازی ئێمە" هەر ئاڵوگۆڕێکی پێویستیان دێتە بەر چاو هەتا ئاخری جۆزەردانی ١٣٨٦(٢١ی ژوئەنی ٢٠٠٧) یان بە نووسراو بیگەیەننە هەیئەتی بەرنامەوپێڕەو لە سکرتاریا، یان بە ئادرەسی ئەلێکترۆنیی خوارەوە بە ڕێی بکەن. تێبینییەکانتان پێویستە ئەم سروشتانەیان هەبێ:

١- ئەگەر ماددەیەك لە بەرنامە یان پێڕەو بە زیاد دەزانن بە ڕوونی بنووسن کە باش وایە لابچێو ئەگەر دەلیلی لابردنەکەش بنووسن باشترە.

٢- ئەگەر لە بەرنامە یان پێڕەو پێتان وایە پێویستە ماددەیەك یان چەند ماددە زیاتر بکرێن، بە زمانێکی ڕەوانو وەك ماددەیەکی بەرنامەیی یان ئەساسنامەیی ئامادەی بکەنو بۆشمان بنووسن کە لە چ جێگایەکی بەرنامە یان پێڕەو زیاد بکرێ.

٣- ئەگەر پێتان وایە ماددەیەك دەبێ بگۆڕێ بە ڕوونی بنووسن کە فڵان ماددەی بەرنامە یان پێڕەو دەبێ بگۆڕێو ئەو دەقەش کە دەبێ لە جێگای دابنرێ بۆ ئێمە بنووسن.

٤- بۆ سەرەتای بەرنامەش هەر بەشێك یان هەر بڕگەیەك نەزەرتان لە سەر گۆڕینی یان لابردنی هەبێ یان پێتان وابێ پێویستە شتێك زیاد بکرێ هەر بەو شێوەیەی سەرەوە بیروبۆچوونی خۆتانمان بۆ گەڵاڵە بکەنو بنێرن.

تێبینی: هەم بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆو هەم "هێڵە گشتییەکان" لە سایتی "کوردستانو کورد"دا دەست دەکەون.

www.kurdistanukurd.com

بیرو بۆچوونەکانی خۆتان بەم ئادرەسە ئەلیکترۆنییە بۆ ئێمە ڕەوانە بکەن:

bernameuperew@yahoo.com

ئێمە چاوەڕوانی پێشنیارو بیروبۆچوونە بە نرخەکانتانین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**هەیئەتی نووسینەوەی بەرنامەو پێڕەو**
**١٣٨٦/٢/٥(٢٠٠٧/٤/٢٥)**

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## دەورەی ١٧٩ای سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات



ڕێکەوتی ١٠ی بانەمەر دەورەی ١٧٩ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات و پۆلێکیتر لە لاوانی وڵاتەکەمان بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان پۆشیی. هەر بەو بۆنەوە ڕێورەسمێکی بەشکۆ لەلایەن فێرگەی سیاسی - نیزامیی و بە بەشداریی هاوڕێیانی دەورەو بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. دواتر بەڕێز کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربوانی ڕێورەسمەکە کرد. بەڕێز کەریمی لە سەرەتای وتەکانیدا وێڕای پیرۆزبایی کردن لە بەرێوەبەرانی فێرگەو هاوڕێیانی دەورەی ١٧٩، تیشکی خستە سەر سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە نەتەوەکەمانو لەم بارەیەوە گوتی: کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هیچ ڕێگایەك سڵی نەکردوتەوە بۆ لەنێو بردنمانو زیانێکی زۆری بە خەڵکی کوردستان گەیاندوە، بەڵام ئێستا دەبینین کە دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە درێژە لە دەسەڵات و حاکمییەتی ئەو ڕێژیمە، تەنیا ئەوە کە سەرکەوتوو نەبووەو مانەوەو خۆڕاگریی ئێمە، مانەوەی میللەتەکەمان و هاوارکردن بە دەنگی بەرزتر لە ساڵانی ڕابردوو دەریدەخا کە میللەتی ئێمە لە جێی خۆی ماوە، میللەتی ئێمە جێ پێی قایمتر بووە و ئەوە کۆماری ئیسلامیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ جێ پێی لەرزۆکتر دەبێ.

بەڕێز کەماڵ کەریمی لە کۆتایی وتەکانیدا ئاماژەی بەوەش کرد کە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی کوردستان دەریان خست کە میللەتی ئێمە میللەتێکی زیندوویە و زیاتر لە جاران هاوار دەکا بۆ مافەکانی خۆی و هەر زوڵم و زۆرییەك کە لە سەریەتی و ئەوەش نیشانەی زیندوویی خەڵکی کوردستانەو لەلایەکیتر ئەو خەڵکەش هێزی پێشمەرگە بە پشتیوانی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێو ئەوەش ئەرکێکی گرینگ دەخاتە سەر شانی هەموومان، ئەرکێك کە لە باری ئەخلاقییەوە ئێمە دەرەوەست دەکات. بەوەی کە وەفادار بین بە ئامانجو وەفاداریی خەڵکەکەمان، وەفادار بین بە میللەتەکەمان بۆ پاراستنی، و هەوڵدانو خۆبەخت کردن لەپێناو وەدەستهێنانی داواکارییەکانی ئەو خەڵکەمان، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی بەرنامەکەیدا گونجاندویەتی.

لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا مەعرووفی ڕاپۆرتی ئامووزشیی فێرگەی سیاسی - نیزامی خوێندەوەو لە برگەی دواتر هاورێیەکی بەشداربووی دەورەی ١٧٩ پەیامی دەورەی پێشکەش کرد.

برگەکانی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوون لە پێشکەش کردنی چەند پارچە شێعرو گۆرانی لەلایەن هاوڕێیانی دەورە. دواتر چەند کەس لە بەشداربووانی دەورەی ١٧٩ لەلایەن بەڕێز کەریم سەقزی بەرپرسی ناوەندی وەرگرتنی پێشمەرگە پەزیرشو کاك ئەحمەد نەستانی، کادری بەوەجی حیزبەکەمان خەڵات کران.

## شەشەمین کۆنفرانسی ساڵانەی بنکەی ڕۆشنبیریی کاوە

### بەبەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٨٦/٢/٩ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بریتی بوون لە بەڕێزان جەلیل گادانی، حوسێن مەددەنیو خالید وەنەوشە لە ڕێوڕەسمی شەشەمین کۆنفرانسی ساڵانەی بنکەی ڕۆشنبیریی کاوە لە شاری هەولێر کە لە هۆڵی زانکۆی سەلاحەدین دا بەڕێوە چوو، بەشدارییان کرد. ئەندامانی هەیئەت لەم دەرفەتەدا دەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتیی ڕۆشنبیریو سیاسیو ئەدەبی چاوپێکەوتنیان هەبوو.

شایانی باسە بەم بۆنەیەوە برووسکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بنکەی ڕۆشنبیریی کاوە لەلایەن هەیئەتەوە پێشکەش کرا. ئەوەش دەقی ئەم برووسکەیە:

*بەڕێز بنکەی ڕۆشنبیریی کاوە*
*بەسڵاوێکی گەرمەوە*

بە بۆنەی پێکهاتنی شەشەمین کۆنفرانسی ساڵانەتان پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەین. هیواداریـن لە ئەرکی پیرۆزی خۆتان دا بۆ پەرە پێدانی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی سەرکەوتوو بنو تا وەدیهاتنی ئامانجە لە مێژینەکانی نەتەوەکەمان تێکۆشانی خۆتان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە درێژە بدەن.

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٣٨٦/٢/٩
٢٠٠٧/٤/٢٩

## بەشداری لە چالاکیو بەرنامەکانی تایبەت بە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەولێردا



بە بۆنەی ٢٢ی ئاوریلی ٢٠٠٧، سەدونۆیەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، لە شاری هەولێر کۆمەڵێك چالاکیو بەرنامەی جۆراوجۆری تایبەت بەم یادە بەڕێوە چوون. هەیئەتێك لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە هاوڕێیان قادر وریاو مستەفا مەعرووفی لەم چالاکیو بەرنامانەدا بەشدار بوو.

کاتژمێر ١٠ی ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی ئاوریل لە بارەگای ڕۆژنامەی "هاوڵاتی" گرووپی ٢٢ کە لە کۆمەڵێك میدیای سەربەخۆو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی پێك هاتوەو لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٠٢/١٤وە دامەزراوە، پێشانگەی کتێبی کردەوە. لەم پێشانگەیەدا بە سەدان کتێبی جۆراوجۆری ئەمساڵو چەند ساڵی ڕابردووی دەزگاو ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی کوردی بەرچاو دەکەوت کە نرخەکەیان بە شێوەیەکی بەرچاو داشکێندرابوو.

کاتژمێر ١١/٥ی ٢٢ی ئاوریل هەیئەتی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" بە مەبەستی پیرۆزبایی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیو بۆ ڕێزگرتن لە هەوڵەکانی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سەردانی بارەگای سەندیکای کردو لەلایەن ڕێزدار فەرهاد عەونی سەرۆکی سەندیکاو ئەندامانی ئەنجومەن پێشوازییان لێ کرا.

هەیئەتی دەستەی نووسەرانی "ڕۆژنامەی کوردستان"، کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ لە هوتێل چوارچرا بەشداریی لە سمینارێك دا کرد کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە پێك هاتبوو. لەو سمینارە بەڕێزان عەبدوڵڵا زەنگەنە، دوکتور جەمشید حەیدەری، ڕێبوار سیوەیلی، هەڵکەوت عەبدوڵڵاو کاروان عەبدوڵڵا هەرکام باسێکی ڕۆژنامەنووسییان پێشکێش کرد کە دواتر سەرنجو تێبینیو ڕەخنەی بەشداران لەسەر باسەکان وەرگیران.

پێویستە بگوترێ دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە چەند بەرنامەو چالاکییەکی دیکەی تایبەت بە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەر لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو. لە هوتێل شرایتۆن وەزارەتی وەرزشو لاوان لە ڕێورەسمێك دا ١٥ ڕۆژنامەنووسی لاوی بەم بۆنەیەوە خەڵات کرد. لە هوتێل هەورامانیش وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێورەسێکی بە بەشداریی وەزیری ڕۆشنبیریی بەڕێز فەلەکەددین کاکەیی پێك هێنا کە لەودا کۆمەڵێك لە ژنانی ڕۆژنامەنووس خەڵات کران.

درێژەی لاپەڕی١ :

## هانس یوئاخیم ئێریك، پارێزەری کەسوکاری قوربانییانی تیرۆری میکونووس:

بڕیاری حکوومەتی ئاڵمانی فیدراڵ بۆ خەبات دژی تیرۆر، پێویستە تیرۆری دەوڵەتیش بگرێتەوە.

من داوا لە حکوومەتی ئاڵمانی فیدراڵ دەکەم کە پشتیوانی لە داخوازی قەرەبوو کردنەوەی قوربانیانی میکونووس بکا. ئەوەی نکۆڵی لە تاوانی هۆلۆکۆست بکاو کۆنفرانسی بۆ ڕێك بخاو بە ئاشکرا هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بدا، پێویستە لەلایەن کۆمەڵی نێونەتەوەییەوە بخرێتە پەراوێزو خەباتی لە دژ بکرێت.

لەسەر ئەم تابلۆی بیرەوەرییە کە ئێمە بەر لە سێ ساڵ دوای بێنەو بەرەیەکی زۆر لێرەمان دانا، نووسراوە" قوربانییان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو دەمی ئێران کوژراون". ناڕەزاییو تووڕەیی ٣ ساڵ لەوەپێشی تاران دەری خست کە دەسەڵاتدارانی ئەو دەم هێشتا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، تا ئەمڕۆش هەر دەسەڵاتدارن.

دۆستان! ئەوە دەکەوێتە سەر ئێوەو خەڵکی ئێران کە ئایا نووسینی سەر تابڵۆکە دەبێتە ڕاستیو، کەی وەڕاست دەگەڕێو چیتر بکوژانی میکونووس لەسەر دەسەڵات نامێننەوە. ئەو کاتە دەتوانین بە هەق قسە لە "دەسەڵاتدارانی ئەو دەم" بکەین. ئەگەر هاتوو دەوڵەتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئەو جینایەتەدا بەرپرسایەتیی خستە ئەستۆی خۆیو زیانی کەسو کاری قوربانییانی قەرەبوو کردەوە، ئەوسا دەکرێ زامەکانی میکونووس هێدی هێدی سارێژ بن.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان نێت

## مەهاباد



### پەیکەرێك بۆ محەمەدی قازی

ڕۆژی دووشەمە ٣ی بانەمەڕ لە یەکێك لە مەیدانەکانی مەهاباد لە نزیك زانستگەی ئازاد پەردە لەسەر پەیکەری وەرگێڕو کەسایەتیی فەرهەنگیی بەناوبانگی ئێران، محەمەدی قازی، لادرا. لە ڕێورەسمی پەردە لادان دا، ئەحمەدی قازی، نووسەرو وەرگێڕی ناسراو وتەیەکی پێشکێش کردو لەسەر کەسایەتیی محەممەدی قازی بۆ بەشداران دوا.

### ئیدارەی ئیتلاعات بە ناودێرکردنی شەقامێکی شاری مەهاباد بە شەقامی سەرداران ڕازی نیە.

بە گوێرەی هەواڵێکی دیکە، ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد، لە ناودێر کردنی یەکێك لە شەقامەکانی ئەو شارە بە ناوی شەقامی سەرداران لەلایەن شووڕای شارەوە، ناڕازیی‌یە. هۆی ئەو تووڕەیی‌یەی ئیدارەی ئیتلاعاتیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ناوی سەرداران ناوی ڕێبەرانی شەهیدی خەڵکی کوردستان وەبیر خەڵك دێنێتەوە.

## سنە

### دەرکردنی حوکمی لەسێدار دران بۆ ١١ کەس

ڕۆژی ٨٦/٢/٢ی هەتاوی ٢ کەس لە زیندانی ناوەندیی سنە بە ناوەکانی جەماڵ شێرمحەمەدیو حەبیبوڵڵا پاش ٦ مانگ زیندانی لەسێدار دران. تاوانی ئەو دوو کەسە هەڵگرتنی زیاتر لە ٣٠ گەڕەم هێرۆئین بوو. هەر لەم پێوەندییەدا ١١ کەس بەو تاوانە گیراوبوون کە هەموویان حوکمی لەسێدارەدرانیان بۆ دەرکراوە بەڵام تا ئێستا دوو کەسیان ئێعدام کراون.

پێویستە بگوترێ کە لە یاسای کۆماری ئیسلامیی ئێران دا هەڵگرتنی زیاتر لە ٣٠ گەڕەم هێرۆئین حوکمی لەسێدارەدرانی هەیە.

## سەردەشت

### تێکهەڵچوونی نێوان هێزەکانی ڕێژیمو خەڵك

ڕێکەوتی ٨٦/٢/٥ لە نزیك گوندی زەردە کەمبەر لە ٥ کیلۆمیتریی سەردەشت، هێزکانی ڕێژیم تەقە لە دوو ماشێنی کاسبکاران دەکەنو دوای پەنچەر کردنیان دەستیان بەسەر دا دەگرنو خەریکی تاڵان کردنی بارەکانیان دەبن. خەڵکی دەورووبەرو مسافیرەکانی ماشێنەکانی سەر ڕێگا بە دیتنی ئەم دیمەنە بە گژیان دا دێنو تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵكو ئەو هێزەکانەدا دەست پێدەکاو لە ئاکامدا خەڵك کەسێکی هێزەکانی ڕێژیم بریندار دەکەنو هەم ماشێنەکانو هەم بەشێکی زۆری بارەکان وەردەگرنەوەو هێزەکان ڕاو دەنێن، بەڵام هێزەکانی ڕێژیم بەشێك لە بارەکان بە ماشێنەکانی خۆیان بە تاڵان دەبەن.

## بانە

### بەهۆی تەقینەوەی مین کەسێك لاقی یەری



ڕۆژی هەینی ٣١ی خاکەلێوە لە چیای سوورکێو مینێك لەژێر پێی کەسێك دا بە ناوی نژاد مێهری خەڵکی ئاوایی نیروان تەقییەوەو لە ئاکامی ئەو تەقینەوەیەدا ناوبراو لاقێکی لەدەست دا. شایانی باسە ڕۆژانە چەند مینی چێندراو لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا دەتەقێنەوەو دەبنە هۆی کەم ئەندام بوون یان کوژرانی خەڵکی ئاسایی.

## سەردەشت

### کۆچی دوایی ئەندامێکی دێرینی حیزب

- ڕێکەوتی ١٣٨٦/٢/٣ کاك ئەحمەد محەمەد زادە برای شەهید کاوە مارەغانی لە تەمەنی ٨٠ ساڵی دا بە هۆی نەخۆشی لە شاری سەردەشت کۆچی دوایی کرد.

کاك ئەحمەد لە سەردەمی پێشمەرگایەتیی شەهید کاوە داو لە ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ وەك ئەندامێکی چالاکی و دڵسۆزی حیزب کاری کردوەو لە ساڵی ١٣٥٨ەوە تا ساڵی ٦٥ لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەدا بووە. دوای ئەوەش وەك یارو دڵسۆزێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان ماوەتەوە.

بەم بۆنەیەوە وێڕای بەداخ بوون لە کۆچی ئەم مرۆڤە نیشتمانپەروەرە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی دەکەین.

### دوا ماڵاوایی دڵسۆزێکی حیزب

- ڕێکەوتی ٨٦/٢/٣ دڵسۆزێکی حیزب بە ناوی ئەحمەدی خدری خەڵکی گوندی بنوخەڵەفی ناوچەی سەردەشت بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. کاك ئەحمەد دۆستێکی نزیکی حیزبو ئەندامی پێشووی حیزب بووەو لە ساڵی ١٣٥٨ەوە تا ساڵی ٦٣ پێشمەرگایەتیی کردوەو دواتر بە هۆی بەساڵداچوویی گەڕاوەتەوە سەر ژیانی ئاساییو وەك ئەندامو دڵسۆزی حیزب کاری کردوە. بەم بۆنەیەوە خۆمان بە هاوبەشی خەمی بنەماڵەکەی دەزانینو سەرەخۆشییان لێ دەکەین.

# شۆڕشی فەرهەنگی پیلانێك دژی نوێخوازی

ڕەسووڵ سوڵتانی

لێکدانەوەی کارو کردەوەی هەر چەشنە دەسەڵاتو ڕێکخراوێك پێویستی بە ناسینوخوێندنەوەی ئەو بنەما فیکریو ئایدیۆلۆژییانەیە کە لە سەری دامەزراوە. لەبەر ئەوەی کە پەیوەندیەکی چڕوپڕ هەیە لە نێوان بنەمای فیکریو ئیستراتژیکیی دەسەڵات دەگەڵ دەرکەوتەی ئاکارو کردەوەکانی. هەر بۆیەش لەم وتارە دا بۆ تێگەیشتن لەو هۆکارانەی لە ئێراندا شۆڕشی فەرهەنگیو سەدان کردەوەی دژە نوێخوازیی دیکەیان لێ کەوتەوە دەبێ ئاوڕێك لە جەوهەرو بنەما فیکرییەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بدەینەوە. ئەگەرچی ئامانجی سەرەکیی شۆڕشی گەلانی ئێران ڕووخاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی وەکوو دەسەڵاتێکی پاوانخواز بوو، بەڵام مەسەلەی دژایەتی کردن دەگەڵ مۆدێرنیزمو ڕۆژئاوا دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئاراستەو ڕووگەی شۆڕشی گۆڕی. دژایەتی کردن دەگەڵ مۆدێرنیزم سەرچاوەکەی لە بیرتەسکیو لە ڕاستیدا لە ناخی کۆنەپەرەستی دایە.

بەدەسەڵات گەیشتووانی ڕێژیم توێژێکی نەریتیو دژە نوێخوازی بوونو هەرچەشنە نوێبوونەوەو لادانێك لە بنەما نەریتییەکانیان بە هەڕەشەیەك بۆسەر دەسەڵاتی خۆیان دەزانیو هەر بۆیەش پاش ئەوەی پێگەی دەسەڵاتی خۆیان قایم کرد بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ناوەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنەرو پەرەپێدەری مەعریفەو زانستو چوارچێوەدارکردنی تەنانەت بیرو فکری خەڵك، هەوڵیان دا بە شێوەیەکی سیستماتیك قوتابخانەکانو زانکۆ و هەموو ڕێکخراوو ئیدارەکان لە ئاراستەیەکی ئیسلامی دا کانالیزە بکەن. ئەم نەریتخوازانە سەرچاوەیان دەچێتەوە سەر ئەو شەپۆلە هزریانەی کە "لە هەمبەر ڕۆشنگەریی ڕۆژئاوایی دا سەریان هەڵ داو لە هەموو شوێنو بوارەکاندا کەوتە دژایەتی کردنی کەلەپوورو میراتی ڕۆشنگەریو دژکردەوەیەکی پڕ لە ترس بوو بەرامبەر لیبرالیزمو هیۆمانیزمو ئازادیو شێوە ژیانی دێموکراتیكو...."(١)

سروشتی یەکەم لەمپەری بەردەم وەها شەپۆلێك زانکۆیە. زانکۆ بە پێی ماهیەتو جەوهەری خۆی ناوەندی بەرهەمهێنانی فکرو مەعریفەو کاناڵی پەرە پێدانێتی. ناوەندێکە بۆ سەرهەڵدانو بەهێزتر بوونی زانستیانەی بیرۆکەی فرەیی ( تکثّر) لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کولتووری - فیکری، ڕەگەزی،و نەتەوەیی دا. لە بەرامبەر ئەوەدا شەپۆلی نەریتخوازیو ویستی پاوانخوازانەی دەسەڵات، خوازیاری زیندووکردنەوەی نەریتو بایەخە جۆراوجۆرەکان بوو لە جلوبەرگێکی نوێ دا بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە کۆمەڵگایەکی داخراوو خاوەن دیسیپلینی کۆمەڵایەتیو هەروەها کانالیزەکردنی بیرۆکەی خەڵکی ئێران لە پێناو دروست کردنی شوناسێکی ئیسلامی و ئایدیۆلۆژیك دا "ئایدۆلۆژیای ئیسلامی پاش پاوان کردنی دەسەڵات خوازیاری لەسەر ڕێگە لابردنی گرووپو لایەنە غەیرە ئیسلامیو سیکۆلارەکان لە گۆڕەپانی دەسەڵاتی دەوڵەتی دابوونو دەیان ویست لە ڕێگەی دامودەزگا ئایدیۆلۆژییە دەوڵەتیەکانەوە پەرە بە شوناسی ئیسلامی بدەنو چەمك گەلێکی وەك میللەتی موسوڵمان، ئۆممەتی ئیسلامی، کۆماری ئیسلامی، یەکیەتی ئۆممەتو... یان هێنایە گۆڕێ"(٢)و ئەوەش دژایەتیی هەبوو لەگەڵ بیرۆکەو جەوهەرەی پلۆرالیستیی زانکۆکان. بەتایبەتی کە سەرچاوە دەرسییەکانو شێوازەکانی وانە گوتنەوە لەسەر بنەمای فەلسەفەو ڕەوتی فیکری ڕۆژئاوایی دانرابوونو خودی زانکۆ ناوەندێکی بەهێز بوو بۆ بەهێزکردنی بیرۆکەی سیکۆلاریزم.


ISNA/PHOTO:AMIR KHOLOOSI

دیارە داخستنی زانکۆکان لەلایان ڕێژیمەوە لە ساڵی ١٣٥٩ دا چەند مەبەستی گرینگی دیکەشی لە پشت بوو: لە لایەکەوە لەو زانکۆیانەی کە وانەی زانستە مرۆییەکانیان تێدا دەگوتراوە، ڕێژیم لە ڕاستیدا هەوڵی گۆڕینی نێوەرۆکی کتێبو سەرچاوە دەرسییەکانی دەدا لە پێناو دارشتنەوەی شێوازێکی ئیسلامی بە مەبەستی بارهێنانی نەوەیەکی دەروەست بە بنەماو بایەخە ئیسلامیو نەریتییەکان. چونکە وەك ئاماژەی پێ کرا بەشی هەرە زۆری کتێبو سەرچاوەکان وەرگێڕدراوی زمانە بیانییەکان بوونو سەرچاوەیەك بوون بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەی مرۆڤخوازی(هیۆمانیزم )و ئازادیو... کە ئەوەش دەگەڵ ماهیەتو ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات ناتەبا بوو. هەر بۆیەش ڕێژیم دەیویست شێوازێکی نوێ لە وانە گوتنەوەی ئیسلامی لە " حەوزە ئایینی " یەکانەوە ڕاگوازێتە زانکۆکان و لەم پێناوەش دا هەوڵێکی زۆریان دا کە ئابووریی ئیسلامیو فەلسەفەی ئیسلامی و کۆمەڵناسیی ئیسلامیو... وەك ئاڵترناتیڤێك لە جێگەی دەرسەکان دابنێن، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەم هەوڵانە هیچی لێ شین نەبوو. گرینگتر لەوە، زانکۆکان ناوەندێك بوون بۆ کۆبوونەوەی بیروڕا جیاوازەکانو شکڵ گرتنی بزووتنەوە گەلی نوێخوازو هەروەها تریبونێکی بەهێز بوو کە لەوێدا لایەنە سیاسیو ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانیش کۆ ببوونەوەو پەرەیان دەگرتو ڕێژیم باش لەو ڕاستییە ئاگادار بوو کە ئەو پێگەیەی بە دروشمی گەوج خەڵەتێن لە نێو جەماوەری خەڵك دا هەی بوو لە نێو زانکۆکان دا نەك خاوەنی وەها پێگەیەك نەبوو بەڵکو بە هۆی گیانی گۆڕانخوازو ڕوحی ڕەخنەگەرانەی توێژی خوێندکارو هەروەها بوونی مامۆستایانی پسپۆڕ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. هیچ کات ناتوانێ جێگەیەکی نەگۆڕو مسۆگەر بۆ خۆی دابین بکا. هەر بۆیەش لە پیلانێکی پاوانخوازانەدا زانکۆکانی داخستو دەستی کرد بە دەرکردنو لە سەر کار لابردنی هەموو ئەو دەنگە جیاوازانەی کە ڕێژیم وەکوو دەنگی "ڕۆژئاوا" ناوی دەبردنو بە دوژمنی خۆی دەزانین. "دیارە دەست نیشان کردنو ناساندنی دوژمن لە ئایدیۆلۆژیای نەریتخوازدا گرینگترین ئەرکە. دوژمنان نوێنگەی هێزو دەسەڵاتنو بۆ دژایەتیو بەربەرەکانیان بەهێز بوون پێویستە. هەست بە مەترسیکردنو ترس لە جیهانی نوێ ڕۆحی نەریتخوازی پاراو دەکاو ئۆخژنی پێ دەبەخشێو لە بەر ئەوەی کە ئەم نەریت خوازانە ناتوانن بە شێوازی مۆدێڕن بژین هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن."(٣)

هەمووی ئەم فاکتەرانە دەری دەخەن کە نوێبوونەوە هەڕەشەی مەرگە بۆ سەر نەریتخوازیو چەقبەستوویی، بەو پێیە دژایەتی کردنی ڕێژیم دەگەڵ زانکۆ شتێکی سروشتییە و وەك دەبینین تەنانەت دوای شکستی پرۆژەی شۆڕشی فەرهەنگییش کۆماری ئیسلامی بە پێی ماهیەتی خۆی لە شێوازی جۆراوجۆردا هەروا بەردەوامە لە سەر دوژمنکاریی خۆی بەرامبەر زانکۆ و هەوڵ دان بۆ پاوان کردنی ئەم ناوەندە مەعریفیە وەکو هەموو تریبۆنەکانی دیکە. بەڵام هەتا ئێستاش هەوڵەکانی ڕێژیم لەو پێناوەدا هیوایەکی تراویلکەیی بووە.

(١)، (٢)، (٣) کتێبی: عقل در سیاست، حسین بشیری

# نموونەی خەڵخاڵییەکان لە کوردستان دا زۆرن

سویس ـ ناسر ئەزەغ


کۆمەڵێك لاوی کورد کە بە فەرمانی خەڵخاڵی ئێعدام کران (سنه ١٣٥٨)




هەر کە کۆماری ئیسلامی ئێران هاتە سەر کار دەستبەجێ دەستی بە کوشتو بڕی خەڵکی کوردستان کرد. گەرچی گەلی کورد سەدان ساڵە لە ژێر دەستی تورکو عەرەبو فارس دەچەوسێتەوە، بەڵام کوردی ڕۆژهەڵات جینایەتی ئەوەهای بە خۆیەوە نەبینیبوو. یەکێك لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە وتەکانی خومەینیو سەرانی کۆماری ئیسلامیی جێبەجێ دەکرد خەڵخاڵی بوو. هەر لە سەرەتاوە ناوی خەڵخاڵی هەموو ئێرانی داگرتو لە کوردستان بە جینایەتکارێکی گەورە ناسرا. خەڵخاڵی ئەو کەسە بوو کە سەدان نەفەری لە خەڵکی بی گوناحی کوردستان کوشت. ئەو تەنانەت ڕەحمی بە ژنی دووگیانیش نەدەکرد. خەڵخاڵی تەنیا یەکێك لە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بوو. بەڵام ئەگەر سەیری ڕۆژنامەو سایتە خەبەرییەکان بکەین ڕۆژ نیە لە کوردستان کەسێك یا چەند کەسێك بە دەستیجینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی نەکوژرێنو چەندین منداڵ هەتیو نەکەونو چەند دایك جەرگ سووتاو نەبنو بەسەر جەنازەی کوڕەکانیاندا نەکەون. هەر لەم ڕۆژانەی دوایی دا تەنیا لە شاری مەریوان کە شارێکی تا ڕادەیەك بچووکە ٣ نەفەر بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژرانو چەن کەسی تریش بریندار بوون. ئەم لاوانە لە شوێنێکداو بە جۆرێك کوژراون کە بێجگەلە ڕەشە کوژی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ناکرێ هیچ ناوێکی دیکەی لەسەر دابنێین. چونکە ئەوان نە سەر بە حیزبێکی سیاسیی کوردی بوونو نە باری قاچاخیان پێ بووەو نە لەسەر مەرزدا کوژران.

ئەگەرچی ئەمانە هیچیان تاوان نینو سزاکەیان نابێ مردن بێ! ئەوانە لە نێو جەرگەی بازاڕو لەبەردەم بەناو دادگای کۆماری ئیسلامیدا کوژران. ئەم شێوە جینایەتانەی ڕێژیم تەنیا لە شاری مەریوان دا رووی نەداوە، بەڵکوو لە هەر نوقتەیەکی کوردستان ڕۆژانە لەم چەشنە جینایەتانە روو دەدەن. هەر ئەمڕۆش نەبووە کە ئەم شتانە ببیسین. بەڵکوو لەوەتا کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەرکار ڕۆژانە خەبەری جەرگ بڕی لەم چەشنانە دەبیسین. بەڵام سەیر لەوە دایە کە تەنیا خەڵخاڵی ناوبانگی دەرکردووەو ئەوانەی ئێستا خەریکی درێژەدانی ئەرکو ڕۆڵی خەڵخاڵین کەس نایانناسێتو لە دوای ئەنجامدانی مەئموورییەتەکانی خۆیان کە بێجگەلە کوشتنو بڕینی خەڵکی بێتاوانی کوردستان هیچ شتێکی تر نیە، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ شوێنێکی دیکە ڕادەگوێزرێنو کورد وتەنی وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن. زۆرن ئەوانەی کە لە کوردستاندا زیاتر لە خەڵخاڵی جینایەتیان کردوەو هیچ ناوێکیان لە هیچ ڕۆژنامە یان بڵاوکراوەیەکی کوردیدا نیەو بۆ خەڵکی ناسراو نین. بۆ نموونە هەر لە مەریواندا کەسێك بە ناوی سەرهەنگ عەموویی کە لە ساڵەکانی ٧٢و ٧٣ لە مەریوان مەئمووریيەتی کوشتاری گەلی کوردی پێ درابوو و لە خەڵخاڵی زیاتر جینایەتی کرد، ئێستا کەس نازانێ لە کوێیەو خەڵکی کوێ بوو. نموونەی خەڵخاڵییەکانو سەرهەنگ عەموویییەکان لە کوردستان زۆرن. گەلی کورد بە هیوای ئەو ڕۆژەیە کە سەرانی جمهووری ئیسلامی وەك سەدامو دارو دەستەکەی ڕۆژێك بێت کە کۆتایی بە دەسەڵاتیان بێتو بدرێن بە دادگاو مەحکەمە بکرێن. بۆیە پێویستە کە لاوانی کورد زۆر بە هوشیارییەوە بجووڵێنەوەو بکەونە شوێن ناوو جێگەی ئەو کەسانە کە ئەمڕۆکە لە کوردستان ئەو کارانە دەکەن. چونکە دڵنیا بن کە ڕۆژێك دێت کە پەتی سێدارە بۆ سەرانی جمهووری ئیسلامییش هەڵ دەواسرێتو لەبەر ئەوەی ئەو زانیارییانە نەچنە ژێر گڵ، دەبێ ناوی ئەو کەسانە سەبت بکرێتو تەنانەت ئەگەر بکرێت ڕێکخراوێك لە کوردستان بە مەبەستی کەوتنە شوێن پێی ئەو کەسانە دروست بکرێت.

درێژەی

# ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی کومیتەی ناوەندی

کوردستان دەیدەن. بەو حاڵە ئەگەر شتێکی ئاوا ڕوو بدا، وەك جاری دیکەشمان گوتوە نە میللەتی کوردو نە گەلانی دیکەی ئێرانێ نابێ تووشی ئەوە بن کە لە سیاسەت دا پێی دەڵێن نیشتمانپەروەریی ناواقعی. بچین خۆ بە کوشت بدەین بۆ جمهووریی ئیسلامی، چونکە پێمان وایە کوردستانمان ڕزگار کردوە یان ئێرانمان ڕزگار کردوە. عەکسی ئەوە، دەبێ گەلانی ئێرانێ چەندی بکرێ یەك بگرن بۆ ئەوەی ئەگەر مومکینە، پێش ئەوەی ئێران تووشی بەڵایەکی ئاواو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی وا بێ بە ئیستیفادە لە هەموو ئیمکاناتێکی خۆیانو دۆستانیانو یان دۆستانی ئازادیو دێموکراسی لە دەرەوە کاری خۆیان لەگەڵ جمهوریی ئیسلامی تەواو کەن. بەڵام ئەگەر هەرواش نەبوو، لەجیاتی ئەوەی خەڵکی ئێرانێ خۆی بۆ جمهوریی ئیسلامی بەکوشت بدا سەعی بکەن شەڕی جمهوریی ئیسلامی زووتر لەسەر خەڵکەکەی تەواو بێو دەسەڵاتی ئێرانێ بکەوێتە دەستی خەڵکی ئێرانێ پێش ئەوەی وڵاتەکە دوچاری مەرگو ماڵوێرانییەكو فاجیعەیەکی ئینسانی بێ.

مەعلوومە بۆ ئەوەی ئێمە بۆ شتێکی ئاوا ئامادە بین، پێویستیمان بە کارکردنێکی زۆر هەیە. لە پێش هەموو شتێکی دا لە نێو حیزبەکەمان-دا، دوایە لە نێو کوردستان دا، لەگەڵ گەلانی ئێرانێ، لەگەڵ خەڵکی ئێرانێ بە گشتی.

ئەوانەی باسمان کردن هەموویان ئەرکی گەورە دەخەنە سەرشانمان. دەبێ کار بۆ هەموو ئەو مەجالانە بکەین. ئێمە لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوو دا هەر بە ئینتیزاری ئەوەی کە وەزعییەتمان دەگەڵ کۆنە ڕەفیقەکانمان یەکلا بێتەوەو تەفکیك بینو لێك جیا بینەوە، کەممان کار کردوە. نەهاتووینە سەر تەتبیقی ئەو پرەنسیپانە کە ئێعلانمان کردوون. ئێستا ئیدی ناتوانین لەسەر ئەوە ڕاوەستین. ئەدی ئەگەر شەش مانگی دیکەی خایاند؟ ئەگەر پتری خایاند، خۆ ناکرێ کارەکانمان ڕاگرین. بۆیە دەبێ کار بۆ تەتبیقی ئەوانە بکەین. هەروەك وەختی ئێعلانی پرەنسیپەکان گوتوومانە، ئەو ئاڵوگۆڕانە کە دەبێ لە حیزب داو لە کۆمەڵ دا پێکیان بێنین، بەشێکیان دەتوانین هەر ئێستا دەستیان پێ بکەینو پیادەیان بکەین. بەڵام بەشێکیان ئیحتیاجیان بەوە هەیە کە کۆنگرە بڕیاریان لەسەر بدا. کەوابێ دەبێ خۆمان بۆ کۆنگرەش ئامادە بکەین.

بەش بەحاڵی خۆم - هیوادارم ئێوەش هەر وا بن - دەگەڵ ئەوەی دەزانم کارو تێکۆشانمان زۆر لە پێشە، باوەڕم بە عەلاقەو هێزو تواناو ئامادەیی کادرەکان، ئەندامانی حیزبو پێشمەرگەکان هەیە کە ئامادەن چ ئەوانەی لێرەن، چ ئەوانەی لە دەرێنو چ ئەوانەی لە ژوورێن، بۆ ئەو ئەرکانەی لە پێشیان دان، لەخۆیان مایە دابنێنو کارو تێکۆشان بکەن. دیارە هەرکەسە لەسەنگەری خۆیەوەو بە نیسبەت توانای خۆی. بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە دەبێ بەرنامەی بۆ دابنێین. ئەوە ڕێبەرایەتیيە کە دەبێ ئەرکی بەرنامەڕێژی، ئەرکی ڕێکخستن، ئەرکی وەحەرەکەتخستن بگرێتە ئەستۆیو ئەمەش لە پێش دا بە عۆدەی ئەم پلینۆمەیە کە بڕیاری بۆ بدا. لە پاشانیش دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی دەبێ کاری بۆ بکەن.

ئەمن قسەکانم لێرە دا تەواو دەکەم. ئاواتم ئەوەیە ئێوە ئەو بەحسانە تەکمیل بکەنو نەتیجەیەکی باش لەو بەحسانە وەربگرینو پاشان بێینە سەر بەشەکانی دیکەی کاری پلینۆم.

سوپاستان دەکەم.

## خالید محەمەدزادە:

# داهاتووی ڕاگەیاندن لە کوردستانی ئێران بۆ میدیای ئازادو دێموکراتیکە

**دیمانە: عەلی بداغی**

**خالید محەمەدزادە ناوێکی دیارو ناسراوە لە پانتایی ڕۆژنامەنووسیی ئەمڕۆی کوردستان دا. پێوەندیو تێکەڵاوییەکی باشیشی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران دا هەیە. لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنییدا بە باشمان زانی کۆمەڵێك پرسی پێوەندیدار بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە ژێرسێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ دا بێنینەبەرباس:**

**ڕۆژی سێزدەهەمی بانەمەڕ(٣ی مای) ڕۆژی جیهانیی چاپەمەنییە، پێتوایە ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە چ دۆخێك دا پێشوازی لەو ڕۆژە دەکەن؟**

لە ولاتێك دا کە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بوونی نیەو لە هەمووی گرنگتر پیشەی ڕۆژنامەوانی نەهادینە نەکراوەو ڕۆژنامەنووس وەك دوژمن سەیر دەکرێو یاسایەك نیە بۆ پاراستنیان، بڵێی ئەم توێژە چون پێشوازی لە ڕۆژێکی وا بکەن؟ لە ڕاستی دا غەمی ڕۆژنامەوانی کورد لە ئێران پێش ئەوەی غەمی پێشوازی لە وەها ڕۆژێك بێ، غەمی پاراستنی گیانو حۆرمەتی پیشەو مافو ئەرکی ڕۆژنامەوانییەکەیەتی. لە بیرت نەچێ ڕاست لە ڕۆژێك دا کە بە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ناوزەد کرابوو چوار ڕۆژنامەنوسی کورد ڕاپێچی دادگای سنە کرانو هەر ئێستاش چەند کەسێکی دیکەش لە چاوەڕوانیی حوکمی دادگا دان. من پێموایە ئەم ڕۆژەش دەتوانێ ڕۆژێکی ئاسایی دیکە بێ بۆ ڕۆژنامەنوسان، ئاسایی نەك بەو مانایە کە ئەم ڕۆژە گرنگیی خوی نەبێ بۆ ڕۆژنامەنووسان، بەڵکوو ئەم ڕۆژە لە ئێران هیچ ڕەسمییەتێکی نیەو حاکمییەت بە توندی پەلاماری دەدا، بە بوونی ئەو واقیعەش ئەمەش وەك وتم ناتوانێ غەمی ڕۆژنامەنوسان بێ، بەڵکوو ئێستا نەبوونی تریبوونو بلاوکراوەی ئازادو ئەمنیەتی پیشەیو شوێنێك بۆ قسەکردنو کۆکردنەوەی ڕۆژنامەنوسان دەتوانێ لە گرنگترین غەمەکانی ئەم توێژە بێ. هەموو ڕۆژنامەو بلاوکراوەکان داخرانو پەروەندەی زۆرێك لە ڕۆژنامەنووسان لە دادگاکان کۆتایی پێ نەهاتوە. من پێشتر لە نووسینێك دا ئەو فەزایەی کە ڕۆژنامەنووسان کاری تێدا دەکەن شوبهاندبووم بە کێڵگەیەك لە مینو، ڕۆژی جیهانیی چاپەمەنییش دەتوانێ یەکێك لەو هۆکارانە بێ بۆ گرتنو زیندانی کردنی چەند ڕۆژنامەنووسی دیکە بەو بیانوویەی بە پێشوازی ئەم ڕۆژەوە دەچن. بۆیە بە داخەوە ناتوانم بلێم پێشوازی لەم ڕۆژە سەرنج ڕاکێش دەبێ.

**من پێم وایە ئێمە لە کوردستانی ئێران زۆرترین خوێنەرو کەمترین بڵاوکراوەو ڕۆژنامەنووسمان هەیە. ئاماری ڕۆژانەی وێبلاگێکی ئەنتێرنێتی لە کوردستانی ئێران پێمان دەڵێ خەڵك تینووی خوێندنەوەن، بەڵام هەر وەك وتم شوێنی بڵاوکردنەوە لە قامکەکانی دەست تێپەڕ ناکەن. بە هەموو ئەوانەشەوە کەم نین ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە خوێنەری بەردەوامیان هەیەو نووسینەکانیان بە هێند وەردەگیرێن.**

**هەر بەم بۆنەیەوە چاپەمەنیی کوردیی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ڕووی چەندایەتیو چونایەتییەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

ئێستا کە باس لە چاپەمەنیی کوردی لە ئێران دەکەین لە بیرت نەچێ زۆربەی بڵاوکراوە کوردییەکان داخراون، میدیای جێی باوەڕو خوێنەرپەسند بوونی نیەو، لە پاڵ ئەو ڕاستییەش دا چاپەمەنیی کوردی لە ئێران واقیعی نەخوێندراوە. بەو مانایە کە کەمترین خوێندنەوەی بۆ کراوە. سەرەڕای ئەوەی چاپەمەنیی کوردی بە سەر چەند قۆناغی لێکدابڕاوو جیاوازدا دابەش دەکرێ، بەڵام هەر قۆناغێك دەتوانێ دەرکەوتەو تایبەتمەندی خۆی هەبێو هەر هەمووشیان دەکەونە ناو ئەو کاروانە کە بە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ناودێر کراوە. بەڵام بە بوونی ئەو مێژوویەو ئەو خەسارە بەرچاوەی ڕووی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی کردوە بە باوەڕی من مێژووی نوێی ڕۆژنامەوانیی کوردی هەم لە ڕووی چەندایەتیو هەم لە ڕووی چونایەتیەوە دەتوانێ سەرنجراکێش بێ. ڕۆژنامەوانی کوردی لێرەدا جێگای خۆی دەگرێو زۆرترین ڕۆژنامەنوسو زۆرترین بڵاوکراوە دێنە دەرکەوتن. دەیەی ٧٠و نیوەی یەکەمی دەیەی ٨٠ی هەتاوی پڕکارترین وەرزی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ئێران دا دەبێ. هاوکات لە گەل ئەو جموجۆلە هەلسووڕانێکی بەرچاوی فەرهەنگی دەست پێ دەکاو کۆمەلگا وێنەیەکی دیکە لە خۆی پێشان دەداو دەنگو ڕەنگی نوێ دەر دەکەون. کوردستانو کوردستانییەکان لە ڕێگای ڕۆژنامەنوسییەوە هەول دەدن زۆرترین تەعبیر لە خۆیان بکەن. ڕۆژنامەنووسیی کوردی لێرەدا لە نەبوونی تریبونەکانی دیکە ئەرکی زۆر قورستری دەکەوێتە سەر. دەبێ بەزمانحالی بێ زمانان. ئەو قۆناغە بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی ڕێنێسانسێکی بەرچاو بووو زۆر شوێنەواری لە خۆی بە جێهشت کە ڕەنگە لەم چاوپێکەوتنەدا مەجالی خستنەڕووی دەرکەوتەکانی ئەو سەرهەلدانەمان نەبێ.

**ڕۆژنامەنووسیی کوردی تا چەند توانیویەتی لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسیو پێشڤەچوونی ئاستی وشیاریی گشتیی کوردی ڕۆژهەڵات کاریگەریی خۆی دابنێ؟ واتە دەستکەوتەکانی ڕۆژنامەنووسی لەو بەشەی کوردستان چۆن پۆلین دەکەی؟**

وەك دەزانی کۆماری ئیسلامی دوای هێرش هینانە سەر کوردستانو



ڕاونانی هەموو حیزبە سیاسییەکانو پەرەپێدانی فەزای تیرۆرو تۆقاندن، ترسێکی زۆر گەورەی لە کوردستان بەرهەم هێنا. بەرچاوترین کاریگەریی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەو قۆناغە بە بڕوای من لابردنی ئەو ترسە بوو. ئەگەر دەیەی ٦٠و سالەکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی دەبێتە دەیەی بێ دەنگکردنی کۆمەڵگای کوردی لە ناوخۆدا، ئەوە دەیەی ٧٠ واتە دەیەی ڕۆژنامەنووسی، دەیەی شکاندنی ئەو بێ دەنگیو ترسە دەبێ. دەسکەوتێکی دیکەی ڕۆژنامەوانی کوردی، شکاندنی ئەو سانسۆرو بێ دەنگییە بوو کە باڵی کێشابوو بە سەر کوردستانی ئێران. دەسکەوتێکی دیکەی ئەو بوارە لە دایکبوونی ڕۆژنامەوانیی ئازاد بوو، تا ئەم ساتە لە کوردستانی ئێران ڕۆژنامەوانی ئازاد مانا نادا. وەك دەزانی لای ئێمە ڕۆژنامەوانی تا ئەو سالانەش بە سەر دوو بواری حکوومەتیو حیزبی دا دابەش دەکرا. بە دەرکەوتنی ئەم ڕەوتە ڕۆژنامەوانیی حکوومەتی دەکەوێتە پاشەکشەیەکی سەیرەوە، بە شێوەیەك کە دەتوانم بڵێم ئێستا ڕۆژنامەوانیی حکوومی نە تەئسیری ماوەو نە خوێنەریشی هەیە. ڕۆژنامەوانیی حیزبیش کەمترین دەوری هەیە. زیاتر تەئسیر پەزیرە تا تەئسیر گوزار. بەڵام ڕۆژنامەنووسیی ئازاد لەو ساڵانەدا تریبوونێکی باوەڕپێکراو بوو بۆ تەعبیر لە کۆمەڵگای کوردیو من پێم وایە ئەوەندەی دەرەتانی کارکردن هەبووە ڕۆژنامەنووسان توانیان مودیلێکی دیکەو جیاوازمان لە کاری ڕۆژنامەنووسی بۆ یەکەمجار لەکوردستانی ئێران بخەنەڕوو.

**ڕۆژنامەنووسانی کوردی ڕۆژهەلات چەند لەمافو ئیمتیازە تایبەتیەکانی خۆیان بەهرەمەندن؟و پێگەی ڕۆژنامەنوسانی کورد لە پێکهاتەی دەسەڵاتو ئاستی کۆمەڵگادا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ئێران هیچ مافو ئیمتیازێکی تایبەتییان نیەو لە هەر مافو ئیمتیازێکیش بێ بەهرە کراونو ڕۆژانەش پەلاماری مافو دەستکەوتەکانیان دەدرێ. ئەوەی بە ناوی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ناوی لێ دەبردرێو قورسایی خۆی سەپاندووەو وای کردوە ئەورۆ ئێمە لێی بدوێین، بەرهەمی هەوڵو خەباتی کەسانێکە کە بێ گوێدانە هێڵە سوورەکانو چاوسوورکردنەوەکانو کوسپەکانی ناوخۆی کۆمەڵگای کوردییش ساڵانێکە کاری تێدا دەکەن. ڕۆژنامەنووسی کورد لەبەرامبەر کارێك دا کە دەیکا هیچ دەستکەوتی ماددیی نیەو پیشەی ڕۆژنامەنووسی لای ئێمە پیشەی یەکەم نیە بۆ ژیانو کاتێکیش ڕاپیچی دادگاکان دەکرێن، نەك وەك ڕۆژنامەنووس بەڵکوو وەك کۆمەڵێك کەسی یاغی لە گەڵیان بەرخورد دەکرێ. بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان دا کە باس لە پێگەی ئەم توێژە لە پێکهاتەی دەسەڵات دەکەی، دەمەوێ پێت بڵێم کە ڕۆژنامەنووسانی کورد نەك هیچ پێگەیەکیان لە دەسەڵاتی سیاسی نیە بەڵکوو ئەم دەسەڵاتە تا سەر ئیسقان بە دژی ئەم توێژە جوڵاوەتەوەو لە ماوەی ساڵانی ڕابردووش دا زۆرترین ڕۆژنامەنووسی ڕاپێچی دادگا کردوە. من لێرەدا کە باس لە ڕۆژنامەنووسی کورد لە ئێران دەکەم مەبەستم ڕۆژنامەنووسانی ئازادەو هیچ شتێکی هاوبەش ڕۆژنامەنووسانی ئازادو دەسەڵات لێکتر کۆناکاتەوەو دنیایەك جیاوازی لە نێوانیان دا دەبینرێ. ئەم توێژە زۆرترین زەربەیان لێ کەوتوە. هەڵشاخان بەرانبەر بە ڕۆژنامەنووسانی ئازاد سیمای دیاری ئەم ساڵانەی دوایی بزاڤی ڕۆژنامەنووسییە. بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ پێگەی ڕۆژنامەنووسان لە کۆمەڵگادا دەتوانم بڵێم کە ئێستا ئیدی ڕۆژنامەنووسان توێژێکی دیارو ناسراوو چالاکی کۆمەڵگان. ئێستا کەمپێنی چەند سەد کەسی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسان وەڕێ دەخرێ، هەواڵی گرتنو دادگایی کردنی ڕۆژنامەنووسان لەو هەواڵانەن کە دەیانخوێنینەوە، ئێستا بە داخستنی بڵاوکراوەکان زۆرترین وێبلاگو سایتی ئەنتێرنێتی لە کوردستانی ئێران کاری لە سەر دەکرێ کە هەمووی ئەمانە پێگەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ئێران پێشان دەداو بە بڕوای من ئەمە گرنگە.

**هۆکارەکانی نەبوونی ناوەندێکی داکۆکیکەر لە ڕۆژنامەنووسانی کورد و ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزرانی ڕێکخراوێکی سینفیی ئەوتۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەتوانێ چی بێ؟**

لە ڕاستی دا دەتوانین گەلێك هۆکار لێرەدا نێو بەرین. من لێرەدا ناچمە سەر هەر هەموو ئەو هۆکارانەی کە دەکرێ دەسەڵاتی سیاسیی ناکوردی پێکی بێنێو هەر هەمووشمان دەتوانین باسیان بکەین. من گومانم نیە کە دەسەڵات ئەوەندەی بۆی بکرێ ناهێڵێ ڕێکخراوو دامەزراوەیەکی مەدەنی لە کوردستان دا پێك بێ چ بگا بە دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان. دیارە لە ئاستی سەرتاسەرییش دا ئەو مەجالو ئازادییە بۆ دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان پێك نەهاتوەو ئەوناوەندانەش کە هێندێك جار وەك "ئەنجومەنی سینفیی ڕۆژنامەنووسان" ناوی لێ دەبرێ لە پێکهاتەیەکی مەحفەلیو پرسیار خوڵقێن لە ناو ڕۆژنامەنووسان زیاتر نین. کەواتە لە کوردستان وەزعەکە داخاوی ترە.

لە پاڵ ئەوەدا کە ڕۆژنامەنووسی لە کوردستانی ئێران دا مێژوویەکی هەیە بەلام بە هەرحاڵ پیشەیەکی تازەیەو کادری حیرفەییو ڕۆژنامەنووسی تەواو وەخت کە هەموو کاتی خوی بۆ ئەم پیشە تەرخان کردبێ لە قامکەکانی دەست تێ پەڕ ناکەن یا هەر نین. ئەمە دەتوانێ گرفت بێ. لەپاڵ ئەم ڕاستییەش دا ئێمە کەمترین ئەزموونمان هەیە، کەمترین بڵاوکراوەمان هەبووەو کەمترین دەرەتانمان هەبووە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیو وەزعی ئەمنیەتی کۆمەڵگای کوردیش بۆ خوی کۆسپیکی دیکەیە. خاڵێکی دیکە دەستێوەردانە حیزبیو مەیلە سیاسییەکانی ناو خودی ڕۆژنامەنووسانو نەبوونی باوەڕمەندی لە فەزای چاپەمەنی لە کوردستان دایە، کە "توهم پیلان"و بڵاوکردنەوەی تۆوی دوودڵی لە لایەن حاکمییەتیشەوە گرفتێکی دیکەی بەردەم یەکگرتنی ڕۆژنامەنووسانە. هەموو هەولێك بە چاوی گومانەوە سەیر دەکرێ. ساڵی پار لە شاری سنە چەند دۆستێك "ناوەندی نووسەرانی کورد"یان ڕاگەیاند. وێڕای ئەوەی کە ئەندامانی ئەم ناوەندە بانگێشتنی ئیدارەی ئیتلاعات کران، لە ناو کۆمەڵگای کوردییشەوە چەندین دەنگی موخالیف بەرز بوونەوە. یەکێك دەیگوت ئەمانە دەبێ ناوی خۆیان بگۆڕن، یەکێکی دیکەی دەیگوت ئەمانە نووسەر نینو هەزارو یەك بیانووی دیکە. بە گشتیو بە داخەوە فەزایەکی ناسالم زاڵە بە سەر بواری ڕۆژنامەنوسیی لە کوردستانی ئێران دا. کێشەکانی ناوخۆی کوردستانی ئێرانیش لە بەردەم دامەزرانی ناوەندێکی داکۆکیکار لە ڕۆژنامەنووسان زۆرنو بە داخەوە هەموو هەولێك بە گومانەوە سەیر دەکرێ. بە نیسبەت فشارەکانی حاکمییەتیش لە ساڵی ڕابردوو دا نامەوێ درێژدادری بکەمو سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ئامارێکی بەرچاوی لە دادگایی کردنی ڕۆژنامەنووسان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا خستوتە ڕوو. لە لایەکی دیکەشەوە لە بیرت نەچێ ئێستا زۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوەکان داخراون. نەبوونی ڕۆژنامەو بڵاوکراوە گرفتێکی دیکەی پێك گەیشتنی ڕۆژنامەنووسانە. شوێنی بڵاوکردنەوە گرفتی سەرەکیی بەردەم ڕۆژنامەنوسانە. تۆ نازانی باوەر بە چ تریبوونو بڵاوکراوەیەك بکەی بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینو بۆچوونێکت. ئێستا ئێمە لە بەردەم کەمترین بلاوکراوەی باوەڕپێکراوداین. بە وتەی دوستێك فەزایەکی گۆرستانی باڵی کێشاوە بە سەر چاپەمەنییەکان لە کوردستان دا. هەر چەند لەم چەند ساڵەی دوایی دا چەند سایتو وێبلاگێك لە غیابی بڵاوکراوەکان دا توانیان ڕۆڵی باش بگێڕن. بەڵام ئەمە تەواو نیەو دەبێ هەوڵ بدرێ بە دانانی میدیاو بڵاوکراوەی ئازادو دێموکراتیكو هەوڵ بدرێ کۆسپەکانی سەر ڕێگای پێکهاتنی ناوەندێك بۆ داکۆکیی لە ڕۆژنامەنووسان وەلابنرێن.

**پرسی نەتەوەییو داوا نەتەوەییەکانی کورد چەندی لە پانتایی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران دا داگیر کردوە؟**

٨ ←

**برووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

ئەدەب و هونەر
کوردستان
ژمارە: ٤٦١ (١١ی بانەمەڕی ١٣٨٦)
adabstan24@yahoo.com

## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین






### کاوە حەکیم زادە

دایکم دەیگوت ئەو شەوانەی
شەختەو کرێوەو بارانە،
ئەو شـــەوانەی دنیـا تــارە
باڕێزو تۆفو زریانـــە،
ڕۆڵە مەنوو، چـــاوەڕوان بە
ئیمشەو بابە دێتەوە دێ
دڵنیا بە، ئێستا دێتو دیارییەکی
جوانت بۆ دێنێ.
زۆر چاوەڕێت بووم بابە گیان
هەتاکوو خەو چاوی لێك نام
دەمەو بەیان بە دەنگی شیوەنی دایکم راتڵەکام

هـــۆ بابـــە گـیان
هێشتا نیگای تۆم نەدیبوو
ماڵاواییت کـــــرد
تەنیا دیارییەك کە جێت هێشتبوو
چەکەکەت بـــــوو
وا هەڵم گرت، هەروەك بۆخۆت داخوازیت بوو
ئەوا بوومە بە پێشمەرگە.

(شێعری یەکێك لە گۆرانییەکانی هونەرمەندی جوانەمەرگ کاوە حەکیم زادە)

وەرز، بەهارێکی تەژی لە سەر سەوزیو جوانیی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوییەو، شوێن: شیوودۆڵێکی بە دارستان داپۆشراوی تەنیشت گوندێکی بە زۆر چۆڵکراوی داوێنی قەندیلە. دراوسێی تازەی بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانن کە سەرکانیو بن دارەتوویەکی ئەم شیوەیان کردوە بە بنکە. بنکە کەپرێکی شاعیرانەی لە گوێن ئەو کەپرە جوانانەیە کە لە حەیرانی کوردیدا وەسفیان کراوە، بەڵام لە جیاتی بە ریحانەو بەیبوون بە گوڵە لاولاو دیواری بۆ هەڵچنراوە. لە بن ئەو کەپرەدا، بەیانیو ئێواران ڕۆژێ چەند سەعاتێك دەنگی ویۆلۆنو ئۆرگو جازو هتد، تێکەڵ بە نەغمەی چەند لاوێکی دەنگخۆش دەبێو، لەگەڵ بۆنو بەرامەی گوڵو گیای ئەم ناوەدا، بە دەوروبەردا بڵاو دەبێتەوە. دەنگێکیان بە گوێم ئاشنایە. دەنگی منداڵێکە، پێشتر لە رادیوی دەنگی کوردستان دا چەند جارێك بەر گوێم کەوتوە: هەر ئەو دەنگەیە کە لە سروودی منداڵانی "قوتابخانەی نیشتمان"دا، لە سروودی "لێرە ناڕۆم "دا بیستوومە. دەنگەکە دەنگی منداڵی خاوەن بەهرە کاوە حەکیم زادەیە.

لەگەڵ کاوەو هاوڕێو هاوکارانی لە کۆڕی هونەری دەبین بە هاوئۆرگانو لێرە بە دواوە لە ڕێوڕەسمەکانی یەکیەتیی لاوانو فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبو، جێژنو بۆنەکانی بنکەی دفتەری سیاسیی حیزب دا کە چەند مانگ دواتر دەبێتە دراوسێی تازەمان لەو ناوچەیەدا، گوێمانو چاومان بە سروودو گۆرانیو شانۆو بەرهەمە هونەرییەکانی دیکەیان، رادێو چێژ وەردەگرین. تا ئەو کاتەی ٦ساڵ دواتر لەو بنارە هەڵمان دەکەنن، نێوە نێوە کاوە بە بەرهەمی تازە دەبینمەوەو لە بەهرەو دەنگو بەرهەمە نوێیەکانیدا، داهاتوویەکی گەش دەخوێنمەوە. لەو ساوە ئەو بەرهەمانە لەو کاسێتانەدا کە کاتی خۆی کۆڕی هونەریی حیزب بڵاوی کردنەوە، دەبیسمەوە، ئەگەرچی ئێستا تۆزی فەرامۆشییان لەسەر نیشتوەو بە ڕێکەوتو بە دەگمەن بڵاو دەبنەوە.

وەرز، هاوینێکی گەرمی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاویی دەشتی کۆیەیە. بنەماڵەکانمان بە دوای تۆپو مووشەکبارانی کەمپو بارەگاکانمان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە بەردەرکی un لە هەولێر مانیان گرتوە. بنەماڵەی کاوەش کە هەر دوای وێرانکردنی شارۆچکەی سەنگەسەر لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە، جارێکی دیکە تووشی ڕاگوێزتن بوون، لەرانیە گیرساونەوەو، کاوەی هونەرمەند بووە بە هاوکاری تیپی موسیقای رانیە. لەو هەلومەرجە ناخۆشەدا هەواڵی تێرۆر کرانی تازە لاوەی هونەرمەند کاوە حەکیم زادەمان پێدەگا. جەستەی بێگیانی کە شوێنەواری دڵتەزێنترین ئەشکەنجەکانو دڵڕقانەترین جۆری کوشتنی پێوە دیارە، لە دەرەوەی شار فڕێ دراوە. چلۆن دڵیان هاتوە لاوێکی ١٩ ساڵەی بێ ئازار بەم هەموو بەهرە هونەرییەوە، بە تونی مەرگ دابکەن؟ دەکەومەوە بیری ئەو قسەیە کە لە بواری وەرگێران دابیستوومە: " وەگێڕانی شێعر وەك ئەوە وایە بولبولێك بۆ گۆشتەکەی سەر ببڕن". ئەدی ئەوانەی ئەم لاوە هونەرمەندەیان کوشت بۆ چنگێك پووڵی دەزگای جاسووسیو تیرۆری کۆماری ئیسلامی نەبێ، لە پێناوی چیدا ئەم تاوانەیان ئەنجام دا؟ باوەڕ کردنی زەحمەتە، بەڵام نەدیتنەوەی بە یەکجاریی کاوە، جگە لە بڕوا هێنان بەم ڕاستییە تاڵە، ڕێگای دیکەم بۆ ناهێڵێتەوە.

نێوەڕاست مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوییە. بە یادی کاوەو وەك ڕێزلێنانێك لەو هەموو زەحمەتو ئەرکەی بنەماڵەی حەکیم زادەکانی سەردەشت لە پێناوی حیزبی دێموکراتو خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەیان دا، وەخۆیان گرتوە، لە "کارلسکۆگا"ی سوئێد لە دایكو بابو خوشكو برا جەرگبڕاوەکانی وەژوور دەکەوم. جێگای خاڵیی کاوە، لە کۆڕی ئەم بنەماڵەیەدا، بە وێنەی سەر دیواری کوڕە شەهیدەکەیان پڕکراوەتەوە، فیلمی ڤیدیۆیی بەشداریی " کاروان" برای بچووکتری کاوە لە ڕێوڕەسمێکی بنەماڵەییدا دەبینم. دەنگی خۆشی "کاروان "، دەنگی برا جوانەمەرگەکەیم لە گوێ دا دەزرینگێنێتەوەو بۆنی خونچە هەڵوەریوەکەی سێ ساڵ لەمەوبەری لێ دەکەم. بەیانی بە دڵپڕیو بەو ئاواتەی "کاروان" لە بواری هونەرییش دا جێگای براکەی بۆ ئۆگرانی ئەم دەنگە شەهیدە پڕبکاتەوە، بە جێیان دێڵم ...

# هێلکە مریشکەکانی بن قازی ئێمە

ڕەسووڵ سوڵتانی



لەوانەیە ترسی ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان مریشك بە جێی جوچکە.. بێچوە گورگ هەڵێنێ، بە شێوەیەکی سامناك دڵی زۆر گەورە پیاوی داگرتبێ. ئەوەندەی وەبیرم دێو بیستوومە ماڵی باپیرم قەلو مریشكو قازو مراویو شتی دیکەیان بەخێو کردوە. مریشکی هێلکەکەر، کەڵەشێری لاری، لەهەموو ڕەنگێك. باپیرم شایی دونیای پێیان بوو. ئەوەندەی بەوان رادەگەیشت نیوهێندە ئاگای لە ماڵو منداڵی نەبوو. بەڵام تلەڤزیۆن لێی تێك داین. نەك لەبەر ئەوەی باپیرم لەبەر تلەڤزیۆن پێی نەدەکرا ئاوڕ لە پەلەوەرەکانی بداتەوە.نا. تلەڤزیۆن شەو ناشەوێك لە یەکێك لە کاناڵەکانیەوە پەلەوەری سەیرو سەمەرەی نیشان دەدا. باپیرم بۆیان شێتو شەیدا ببوو. بۆ ئەوەی چەند مریشکێکی ئاوای هەبێ حازر بوو تەواوی پەلەوەرەکانی بفرۆشێ. بەڵام لێرە دەست نەدەکەوتن. کەسیشمان لە دەرەوەی وڵات نەبوو لانیکەم هێلکەیەکی ئەم جۆرە مریشکانەمان بۆ بنێرێتەوەو ئێمە لە هێلانەی مریشك یان قەلێکی کورك دایننێینو هەڵی هێنێ. دوکتورخدری ڕەفیقی بابم پێیگوتبوو کە ئەوانە بە زانستی نوێ دروست کراونو تێکەڵاوێکن لە قەلو قازو مریشك. بابەگەورەم کە هەمیشە بە ئاواتی ئەوە بوو دانە مریشکێکی ئاوای هەبێ بەداخەوە تەمەنی نەگەیشتیو ئێوارەیەك کە بە مەبەستی پەیدا کردنی هێلکەی مریشکی سەیرو سەمەرە ڕووی کردبووە قامیشەڵانەکەی قەراغ ئاوایی ئەو سەرەی بردی نەیهێناوەو نەنکم ئێستاش کە ئێستایە هەر دەگریو دەڵێ بە مریشکی کۆنو ڕەسەن ڕازی نەبوو مریشکی تازە سەری خوارد.

دوایی بابم کەوتە فکری دروست کردنی ئەو جۆرە مریشکانە. هێنای مریشکێکی لە نێرە قەلێك چا کرد. مریشکەکە هێندەی پێنەچوو پێنج هێلکەی کرد. دوکتور بە بابمی گوت هەر هێلکەیەی وەبەر قازێکی کورکی بنێ. بەڵام ئێمە تەنیا دوو قازمان هەبوو. سێ قازی دیکەشمان کڕی. هێلکەیان وەبن نان. کەس بۆی نەبوو لێیان نزیك بێتەوە. شەوانە خەونم بە قەل مریشكو قاز مریشکەوە دەبینی. نەك هەر ئێمە، دۆستو دوژمن چاوەڕێی ئەوە بوون قازەکان هێلکە بتروکێننو ئەوانیش قەل مریشكو قازمریشكو شتی وابببینن. بابم پێیوابوو ئەو جوچکانە لە هێلکە بێنە دەرێ میدیا جیهانیەکان ڕوومان تێدەکەنو زۆر مەشهوور دەبین. شەوێك لە شەوان بابم خەونێکی زۆر ئاڵۆزی دیتبوو. بەیانی بە ترسو لەرزەوە بۆ دایکمی دەگێڕاوە. دیار بوو هەردووکیان لە ترسان هەڵ دەلەرزین. بابم دەیگوت: لە خەونم دا قازەکان بە جێگای جوچکە، بێچوەگورگیان هەڵێناوە. بابم ئەو ڕۆژە بە نیگەرانیەوە وەدەرکەوت.

چیرۆکی هێلکە مریشکەکانی بن قازی ئێمە هەموو وڵاتی داگرتبوو. خەڵکێکی زۆر سەردانی بابمیان دەکرد. هەر کەسەی بە جۆرێك لێکیدەداوە. نەك هەر ئێمە، قازەکانیش وەڕەز بوونو هێلکەیان پێنەترووکا. پێموایە خەونەکەی بابم بە گوێی ئەوانیش گەیشتبوو. قازەکان لەوە دەترسان ئەگەر بەجێی قەل مریشك بێچوە گورگیان لێ بێتەدەرێ یەکەم جار ئەوان تێدادەچن. بابم نەی دەوێراهێلکەکانیان لە بن بێنێتە دەرێو هەتا دەست دەگرێ فڕێیان بدا. دەیگوت خەڵك چیچاکم پێنالێن. ئاخر چۆن فڕێیان دەم. چ جوابی خەڵکی بدەمەوە؟!؟!

دەپاڕاوە قازەکان شەوێك لە شەوان لەسەر هێلکەکانیان ڕەق هەڵێن. بابم بە مردنی قازەکان رازی بوو. ئەم خەونە وای تۆقاندبوو ژیانی لێتاڵ ببوو. بەردەوام پێی وابوو پێنج بێچوە گورگ لە هێلکە دێنە دەرێو گەرووی قازەکان هەڵدەبڕنو هوروژم دێنن زگی ئەویش بدڕن. "ئای خودایە ئەو کارە چ بوو من کردم؟ " شەوێکی تاریك کە بابم لەلای دوکتور خدرەوە دەهاتەوە، لە حەوشەوە هاوارێك هەستا. کە گەیشتمێ بابم بانگی دایکمی دەکردو شتێکی وەك گلۆڵەیەکی ڕەش لە بەر دەستی دا کەوتبوو. بابم وای زانیبوو ئەوە بێچوە گورگی نێو هێلکەمریشکەکانە هاتۆتە دەرێو هەر بۆیەش بە هەموو هێزی خۆی گۆچانێکی لە تەپڵی سەری دایکم راکێشابوو. خەونەکەی بابم خەریك بوو وەراست دەگەڕا بابم بە دڵ پەشیمان ببۆوە لە هەرچی هێلکەی نۆیو مریشکی تازەیە. دیگوت: " شتی نوێمان پێوەنایە. برا گەورەکەم ئەو شەوەی دەستێکی مرادخانی تازەی کڕیبوو.، لە خۆوە دڵی راوەستا. بابیشم هەر لە سۆنگەی ئەم وەسوەسەیەدا تێداچوو. حاشا لە هەرچی شتی..... " هەر بۆیەش بەبێ گوێ گرتن لە قسەی خەڵك غاری دایە کولانەو بە گۆچان وەرگەڕایە سەرو گوێلاکی قازەکان. هێلکەی لەبن دەرهێنانو هەتا دەست گرتی تووڕی دانو گوتی: خۆم سلامەت بم مریشکی تازەم ناوێ. خەڵکیش کەیفی خۆیانە چ دەڵێن با بڵێن.

## ناساندنی کتێب

لە دایك بوونی هەر کتێبو گۆڤارێکی نوێو زیاد بوونیان بە کتێبخانەی کوردی کرانەوەی ڕۆچنەی هیوایەکی نوێیە بۆ دەوڵەمەندکردنی بواری ڕۆشنبیریی نەتەوەکەمان.

لەم پرۆسەی داهێنانو خولقاندنەدا، ئەوا کتێبی: زمان، هزرو کولتوور کە بە قەڵەمی بە توانای کاك ڕەحیمی سورخی وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردیو رووبەرگی کتێبەکەش بە پەنجەی هونەرمەند ئاسۆ مامزادە نەخشێندراوە، کەوتە بەردەستی خوێنەرانو توێژەرانی ئەم بوارە.

هەروەها ژمارەی ٣ی گۆڤاری سابات کە گۆڤارێکی ئەدەبی، ڕۆشنبیریی گشتییەو خوێندکارانی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین دەری دەکەن چاپو بڵاو بۆوە. ئەم گۆڤارە کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبی، فیکریو ڕۆشنبیریی لە خۆ گرتوە.







## شێتانە

**که به بیرم دێیەوه**
**نامۆبوونم لە وڵاتی بێ دەنگی شێعرت.**
**هەستی تۆیە دەم گرێ.**
**دڵۆپ دڵۆپ دەبم بە ئاو، پڕ لە گریان.**
**هەڵم...**
**کە دێیەوە یادم**
**تۆ هێڵێکی لەسەر چوارتیشکی لاکێشی تەمەن**
**برۆ ئیتر وێڵ کە**
**من کە شێرن نیم چەند شێتانە**
**ئەسیری سەهۆڵ بەندی عەشقی تۆ بم!!!؟....**

**تروسکە سادقی**



# کازیوەنووسانی تاراوگەنشین

خەبات رەسووڵی

کەس ناتوانێ نکولی لە پێنووسی بەتوانای یاشار کەماڵ لە خەملاندنی حەمەدۆك دابکات، حەمەدۆك پاڵەوانی خاراوی، چاو کراوەی زەمەنی خۆیەتی‌و رۆحی لە خۆبردوویی لە ناو کانیاوی پاکی رۆحیەتی کوردانەیدا پەنگ دەخواتەوەو زەریا ئاسا بەرەنگاری گاشە بەردەکانی تەنگ‌و چەڵەمەی سەر رێگە دەبێتەوە.

رابوون لە بەرانبەر دەرەبەگی ناوچەو یاخیبوون لە نەریت‌و زۆرانبازی لەگەڵ مەرگ تەنیا بە حەمە دۆك دەکرێ‌و حەویقی حەوتی ئاسمان ملکی هەڵۆی چاو تیژەو عەبدییەکان‌و داگیرکەرانی دڵرەق‌و سەر شۆڕی وڵات جێیان نابێتەوە.

زارەکی بوونی کولتوری کوردو بە دۆکیۆمێنت نەکردنی گرینگترین رووداوە نەتەوەییەکان، کارەساتێکی قەرەبوو نەکراوەیەو سەرچاوەکەشی هەلومەرجی دژوارو دۆخی ئاستەمی ئەو کات‌و نەبوونی وشیاریی پاراستنی دیکۆمێنتە لە هزری کوردیدا.

پتر لە نیو سەدە شۆڕشی کوردەکانی رۆژهەڵات‌و تێپەڕین بە دەیان قۆناغی جۆراوجۆردا، گۆڕەپانێکی بەرفراوان بووە بۆ خولقاندنی دەیان‌و سەدان پاڵەوانی بە جەربەزەو بە زیبکو زاکوون کە حەمە دۆك شانازی بە قوتابیبوونیان دەکات‌و داستانی بەرەنگاریان، داستانی راستەقینەی بوێری‌و گیانفیدایی نەتەوەیەکە بۆ گەیشتن بە ئازادی.

کتێبی "لە چیاکانی موکریانەوە تا دەشتی کۆیە " نووسینی برایم چووکەڵی، سەرەتایەکە بۆ نووسینەوەی رووداوە وردو درشتەکانی سەدەیەك بەرخودان‌و ئەزموونی شاخ لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەژاندنی گۆمی مەندی فەرامۆشی مێژوویی.

پاش نەمانی "یەکیەتیی سۆڤیەت"و تاکە سوارمانەوەی ئەمریکا لە ناوەندی دەسەڵاتی جیهانیدا، هەلوومەرجێك لە جیهاندا هاتۆتە پێش کە بە ئەمریکایە کردنی کولتورەکانی دنیا دەناسرێ‌و ئەو شاڵاوەش لە هەموو بوارەکاندا ( سینەما، سیاسەت، ئەدەب، هونەرو.....). رووبەرو هەموو نەتەوەکان‌و بەتایبەت وڵاتە هەژارو بێ دەسەڵاتەکان بووەتەوە. هەوڵی تواندنەوەی وردە کولتورەکانی جیهان لە نێو کولتوری دەسەڵاتدا ئەگەرچی بە هۆی راگەیاندنەوە تارادەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بووەو ئێستا منداڵێکی کورد زۆر باشتر لە قاسملوو مستەفا بارزانی‌و قازی محەمەد، ئارنۆڵدو واندام‌و رامبۆ دەناسێ‌و خۆشی دەوێن. بەڵام ناپلیۆن گوتەنی "تاکوو لە هەزار جارشکست تێنەپەڕین" سەرکەوتن بە دەست ناهێنین. ناسین‌و بە خەڵکی ناساندنی کولتوری نەتەوەیی بە هەموو بیچم‌و پێکهاتەو رەگەزەکانیەوە، پێویستی بە شۆڕشێکی بەر فراوانی مەعریفی‌و ئاکادیمی هەیەو بەسستی‌و خاوەخاو کردنی ئێمە توانەوەو لە نێو چوونمان حەتمییە.

شۆڕش کتێبێکە کە بە قەڵەمی سوور دەنووسرێتەوە. هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی پڕە لە فرمێسك‌و پێکەنین‌و ئەزموون. نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی شۆڕش، جیا لە بەدیکۆمێنت کردن‌و هەمیشەیی کردنی ئەو بیرەوەریانە، بۆ گەلێکی چەوساوەی وەکو کورد کە هێشتا رێگەیەکی درێژی تا گەیشتن بە ئازادی لە بەرماوە، دەسکەوتێکی گەورەیەو فێری پشوو درێژی‌و بە ژیری جووڵانەوە لەگەڵ نەیاران‌و بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانیان دەکات. بۆ رێزگرتن لە رچەشکێنی کاك برایم هاندانی هەموو قارەمانەکانی شۆڕشی خوێناوی کورد بۆ نووسینەوەی لاپەڕە زێرینەکانی ژیانیان پێکەوە گەشتێك بە نێو کتێبەکەی دا دەکەین‌و ئاوڕێك لەو کەڵە پیاوانە دەدەینەوە کە بە نرخترین شتی ژیانیان واتە تەمەن‌و گیانیان لە پێناو حەسانەوەو رزگاریی نەتەوەکەیان تەرخانی ئەو رێگە پڕلە کەندو هەڵدێرە کردوەو دێوی رەشی مەرگیان بە چۆك داهێناوە. رێزگرتن لە فیداکاریی رۆڵە بەنرخەکانی نەتەوەیەك رێزگرتنە لە گەورەیی‌و شەرافەتی ئەو تەنەوەیە. ئەوەتایبەتەمەندیی هەموو شۆڕشێکە کە زۆر کەسایەتی لە خۆ بوردوو لە نێو ئاپۆرەی جەماوەردا دەشاردرێنەوە. دۆزینەوەو بە خەڵکی ناساندنی ئەو تاکە بوێرانە کاریگەریی راستەخۆی دەبێ لە بەرانبەر هێرشی بێبەزەییانەی دوژمنانمان کە هەموو توانایی خۆیان وەگەڕخستووە تاکو شوناسی کوردی لەناو بەرن‌و نەوەیەکی لەخۆنامۆو ناوشیارو نائاگا بەو هەموو بەرخۆدان‌و فیداکارانە پەروەردە بکرێن‌و کەسایەتیەکی بێپشتیوانەی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی لەتاکی کوردی دروست بکەن.

ئانالیزە کردنی مێژوو ودەرخستنی راستێکان تەنانەت ئەگەر بەزەرەریشمان بێ لە ئەنجامدا هەر قازانجی لێدەکەوێتەوەو وانەی بەخۆداچوونەوەو ئەزموون وەرگرتن لەشکستمان فێردەکات.

کتێبی لە (چیاکانی موکریانەوە تادەشتی کۆیە) لە ٢٩٦ لاپەرە داچاپ کراوەو نووسەر لەیەکەم دێری بیرەوەرێیەکانیدا ئاماژە بەو راستیە دەکات کەوەك زۆربەی گەنجانی شۆڕشگێر هەستی نەتەوایەتی‌و هەست بەچەوساندنەوە هانی داوەو بەرەو گۆرەپانی خەبات پاڵیپێوە ناوە ئەو دەڵێ:

((شەوی ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ی هەتاوی بۆمن دەرفەتێك بووتا بەئاواتی هەرەگەورەی خۆم بگەم‌و خۆم لەدەست ئەو هەمۆ بێ ئۆقرەیی‌یە رزگاربکەم کە لە مێژ بوو بیرو مێشکی تەنیبووم‌و دڵ‌و رووحی پاوان کرد بووم. ئەوشەوە دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان هاتنە گوندەکەمان‌و بۆ ماوەیەکی کورت لە داشبەند گیرسانەوە منیش کە خۆم بە یەکجاری یەكلا کردبووە، خۆم پێ ناساندن‌و رەگەڵیان کەوتم.)

پاش ئەوەی کە بڕیار دەداو دەچێتەوە نێو ریزی پێشمەرگایەتیەوە بۆ جارێکی دیکەش دەکەوێتە سەر دووڕیانی هەڵبژاردن‌و دیسان هەر مانەوە لە شۆڕشدا هەڵدەبژێرێ.

" شەوی دواتر دایکم‌و باوکم هاتن بە شوێنم دا تا لەگەڵ خۆیان ببەنەوە، ئەو کات تەمەنم ١٥ ساڵ بووو کوڕە گەورەی ماڵە خۆشمان بووم. زۆریان فشار هێنا تا لەگەڵیان بچمەوە، رازی نەبووم چونکە بڕیارم دابوو ببمە پێشمەرگەو خزمەت بە گەل‌و نیشتمانەکەم بکەم.

شۆڕشی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان رەوتێکی ماکزیمۆمی پێواوەو لە ساڵانی سەرەتای راپەڕینی گەلانی ئێراندا بە هەزاران نەفەر چەکی پێشمەرگایەتیان لە شان کردوەو بە سەدان شەڕی قارەمانانە لە بەرانبەر داگیر کەرانی کوردستاندا خولقاوە. لە هەمبەردا داگیر کەرانیش بە توندو تیژی‌و ترساندنی خەڵکی‌و هەژار هێشتنەوەو گیرۆدە کردنی لاوان بە موخەدەرات‌و ئازاردانی بنەماڵەی پێشمەرگە هەوڵیانداوە پێش بە شۆڕش بگرن. لە پەراوێزی لاپەڕە ١٨ نووسەر ئاماژە بەو ترسە دەکات کە بەرەوڕووی بنەماڵەی پێشمەرگە دەکراوەو دەڵێ " جارێکی دیکە لەگەڵ قاسم باقی بۆ شناسایی چووینە مەزراکانی داشبەند، بە هەڵکەوت تووشی مامم هاتین لە جێگای خۆی رەق راوەستا دوای چاك‌و خۆشی، کاك قاسم گوتی ئەوە برایمە گوتی برایم کێ؟ گوتی برایمی برازات گوتی: هەرسێ تەڵاقم کەوێ برازام نیە ناوی برایم بێ. لەوانەیە ئێستا بە خوێندنەوەی ئەو دێڕانە بزە بێتە سەر لێومان بەڵام ئەوە راستییەکانی شۆڕشەو دەبێ قەبووڵی بکەین.

کتێبی (لە چیاکانی کوردستانەوە تا دەشتی کۆیە ) لە ١٥ فەسڵدا چاپ کراوەو هەر بەشێك بۆ ساڵێك تەرخان کراوە. بەشی یەکەم ساڵی ١٣٦٠ دەگرێتە خۆو کۆتاییەکەی فەسڵی ١٥یە کە باس لە رووداوەکانی ساڵی ١٣٧٥ دەکات. ئەو دابەشکردنە ئاسانکارییەکە بۆ ناسینەوەی روداوەکان‌و پۆلێن کردنی باسەکە. زۆربەی هەرەزۆری شەڕەکان ناوی شوێن‌و کات‌و ژمارەی بەشدار بووانی شەڕەکە ناوی شەهیدەکانی نووسراوەو لە کۆتاییدا ئەگەر شەڕەکە سەرکەوتوو نەبووبێ هۆکارەکانی روون کرانەوەتەوە. ل١١١

نووسینەوەی ئەزموونەکانی فەرماندەیەکی شۆڕشگێڕ زۆر خاڵی وردی گرینگ دەردەخات کە دەتوانێ بۆ هەموو شۆڕشێکی پارتیزانی کاریگەر بێ‌و یارمەتی بە سەرکەوتنیان بدات.

لە لاپەڕەی ٦٢دا ئاماژە بە گرینگیی کاری تەشکیلاتی دەکات‌و باس لەوە دەکات کە بە هۆی بوونی تەشکیلاتێکی بە هێزەوە دەکرێت پێش بە زۆر پیلان‌و کارەساتی ناخۆش بگیرێت. نووسەر چەندین جار باس لە بریندار بوونی خۆی‌و هاوسەنگەرەکانی دەکات کە پاش چاکبوونەوە دیسان گەراونەتەوە نێو بەرخۆدان‌و پشوو درێژترو شێلگیرتر درێژەیان بە چالاکیان داوە. لە چەندین جێگا بەباس کردن لە سروشتی کوردستان کتێبەکەی رازاندۆتەوەو بە گێرانەوەی نوکتەو قسەو بەسەرهاتی خۆشی بزەدەخاتە سەر لێوی خوێنەرەکانی (ل ١٩) .

"بەفر تەواو رێگاو بانی پڕ کردبوو سەعدوون بارزان یەکێك لە ماشێنەکانی لێ دەخوڕی لە نەکاو بە هۆی نەبوونی رێگا لە قووڵکەیەك کەوتن‌و ساڵح بەننایی لە یەکێك لەمەنجەڵە گۆشتەکان کەوت ئێمەش ئەوەندە پێکەنین تاکوو قەڵس بوو لە ماشێنەکە دابەزی‌و رێگای دوو سەعاتی بە پێیان بڕی، کە گەیشتەوە مەقەڕ هەموو گۆشتاوەکە بە جلەکانێوە بەستبووی":

دیارە لە زۆر جێگاشدا باس لە زۆر دیاردەو کێشەی خەڵکی کوردستان دەکات کە بە هۆی رێژیمەوە بەسەر خەڵك دا هاتووە. بۆ وێنە لەلاپەڕەی ٧٦دا دەڵێ.

" ئەو ساڵە واتە ١٣٦٥ رێژیم چەکی زۆرەملی بەسەر خەڵکی "بۆ گەبەسی "داسەپاندبوو. لە پاڵ ئەوەشدا بە دەیان جار باس لە یارمەتی خەڵك دەکات کە چۆن ئامێزیان بۆ پێشمەرگە ئاواڵا بوو و لە بەرامبەردا پێشمەرگەش هەموو کات پارێزەری گیان‌و ناموسی خەڵك بووە لە ل ٧٨دەڵێ:

" بەیانی رۆژی ١٢ی گەلاوێژ سەعات ٩ دوو پاسدار لە پایەگای هەر مێلەڕا کەوتبوونە شوێن بێریی مەڕ دۆشین. لەگەڵ ئەحمەد خزری‌و عەلی لالەو سەعدوونە چکۆڵ‌و سمایل بازیارو ئەمیر رەسوڵی‌و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە بۆیان چووینە خوارێ.

دوو پاسدارەکە ئێمەیان دی خۆیان خستە نێو دار قەیسیەکان، دەنگمان دان‌و داوامان لێکردن خۆیان بەدەستەوە بدەن. بەڵام گوێیان پێنەدا، هەر بۆیەش کوژران".

هەروەها لە چەند جێگادا باسی لە دیالۆگی پاسدارو پێشمەرگە تەنانەت ئەسیر گۆڕینەوەو مەعامەلەی نێوانیان دەکات. بۆ وێنە لە لاپەڕی ٨٦دا دەڵێ:

" ئەو کاتەش نانمان کەم بوو، بۆیە کومیتە شارستان‌و هێز بە وانەی لە سەردەر ئاباد و دێیەکانی دیکە را بۆ وەرگرتنەوەی کەلاکەکە نێردرابوون گوتیان کە چەند فەردە نانمان بۆ بێنن‌و کەلاکەکە بەرنەوە. هۆیەکەشی ئەوە بوو رێژیم پێشی نانی بۆ مەزراش گرتبوو بە ئەندازەی خۆیان ئیجازەی دەدا خەڵك نان بۆ مەزرا بەرێ".

هەر لەو لاپەڕەیەش دا باسی شەڕی براکوژی نێوان کۆمەڵەو دێموکرات دەکاو رووداوەکە دەگێڕێتەوە. نووسەر هەوڵیداوە تا ئەو جێگایەی لە بیری ماوە رووداوەکان باس بکات‌و هەموولایەنەکان شی بکاتەوە بۆ وێنە باس لە رووداوەکانی باشووری کوردستانیش دەکات‌و لەلاپەڕی ٩٠ دا دەڵێ: " بارو دۆخی ئەوکات لە دەوری دەفتەری سیاسی بە تەواوی ئاڵۆز بوو رێژیم بە تۆپی دوور هاوێژو لە دەوروبەری سەردەشتەوە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دەکوتا. پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیش کە لە شاخی "گۆجار" لە نزیك بنکەکانی دەفتەری سیاسی حیزب بوون، لەگەڵ هێزەکانی رێژیمی بەعس لە شەڕو پێکدادان دابوون".

نووسەر نەیویستووە هیچ شتێك دیزە بە دەرخۆنە بکات‌و بیشارێتەوە تەنانەت باس لە شکست‌و ماندوو بوونی پێشمەرگەو هەڵاتن‌و خۆبەدەستەوە دانیشیان دەکات لە لاپەڕەی ٩٣دا دەڵێ:

" هێزی پێشەوا بۆ سەر چاوەی قەمتەرێ‌و ئێمەش لە نێوان کولیجەو حوسێن ئاباد دا جێگیر بووین‌و بۆ سێ رۆژ لەوێ پشوومان دا، دواتر بە مەبەستی چوونە عیلماباد وەرێ کەوتین. سەعات ٨یشەو لە یەکەمین ماڵ کەوتینە کەمینی دوژمنەوە بەڵام دوای تەقەو لێکدانێکی کورت درێژەمان بە رێگای خۆمان داو رێگەمان بۆ باغی خۆراسانە گۆڕی. بەیانی ئەو رۆژە پێشمەرگەیەکمان هەڵاتبۆوەو خۆی بەدەستەوە دابوو. ئێمەش حاڵەتی ئامادە باشمان راگەیاند".

دیارە نووسەر هەر لە سەرەتای کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە هەر کاتێك دەرفەتی بووبێ هەوڵی خوێندنەوەی داوەو لەلاپەرەی ١١٩دا کە ئاماژە بە چیرۆکێکی حەسەنی قزڵجی دەکات خوێنەر هەست بەوە دەکات کە نووسەر بەشی خۆی ئاگاداری ئەدەبی کوردیش هەیە.

شەڕی ئێران‌و ئێراق، کاریگەرییەکی راستەو خۆی لەسەر هەردوو پارچەی کوردستان هەبووەو ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی دێموکراتیش لە کاتی کارەساتی هەڵەبجەدا لەو ناوچەیە بوون‌و لەم پێوەندییەدا داستانی تایبەت بە خۆیان هەیە کە لەو کتێبەدا بەوردی باسی دەکرێت‌و هەروەها تەواو بوونی شەڕ راستەوخۆ لەسەر شەڕی کوردستان دەوری دەبێ‌و بەسانایی بۆمان دەردەکەوێ کە شۆڕشی چەکداری دو بەشی گرینگی پاش شەڕو پێش شەڕی ئێران‌و ئێراق هەیەو توندو تیژی ئێران لە بەرامبەر شۆڕەسوارانی کورد پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران‌و ئێراق زیاتر دەبێ‌و تەنانەت زۆرجار هێزی زۆرو ئیمکاناتی زۆرو زەبەندی دوژمنان بۆتە نسکۆی کاتی شۆڕش‌و کشانەوەیان بۆ باشووری کوردستان (ل ١٢٨ـــل ١٣١)

نووسەر لە لاپەرە ١٣٣دا باس لەوە دەکات کە: " بەگشتی ساڵی ١٣٦٧ بۆ خەباتی چەکداری‌و پارتیزانی ساڵێکی دژوارو ئەستەم بوو بەتایبەت بۆ چالاکی نیزامی لە ناوچەیەکی وەك بۆکان کە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکە پێدەشتە".

زۆر سیاسەتی چەپەڵانەی رێژیم لەو ماوەی ٢٨ساڵەدا لەو کتێبەدا باس دەکرێ‌و بە دیکۆمێنت لەسەریان دواوەو بە رێکەوت‌و شوێن‌و ناوی کەسەکانەوە، بەڵگەیان بۆ دەهێنێتەوە. لە سیاسەتی کورد بە دەستی کورد بە کوشتندان تاکو کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەستی ئایینی خەڵك بە مەبەستی دژایەتی کردن لەگەڵ تێکۆشەرانی گەل باس‌و تاوتوێ دەکرێت ل ١٩٣. باس لە سوێندانی خەڵکی دڵ سافی کورد دەکات لەلایەن رێژیمی چاو چنۆکی کۆنەپەرستەوە کە سیخوڕی لە پێشمەرگە بکەن.

شۆڕش درێژخایەنەو قۆناغی جۆراوجۆر دەبڕێ. مانەوە لە بنکەی سابت رۆڵی حیزب‌و پێشمەرگە دەگۆڕێ‌و دۆخێکی جیاواز دەخولقێنێ. پەروەردەو فێر کردنی بەردەوام هێز لە سست بوون‌و خاو بوونەوە دەپارێزێ‌و کاك برایمیش لەلاپەڕە ١٨٥دا بە وردی باس لەو قۆناغە دەکات.

دیارە زۆر خاڵ کە زۆربەی شۆڕشگێڕو پارتیزانەکانی دنیا ئاماژەیان پێکردوە لەو کتێبەدا دەبینرێن بۆ وێنە کاتێك کە نووسەر ژن دەهێنێ‌و زەماوەند دەکات‌و کاتی گەڕانەوەی بۆ ناوچە دێت بە دڵە خورپێ‌و نیگەرانیەوە باس لە چارەنووسی خۆی‌و خێزانەکەی دەکات.

هەروەها هاتنە خوارێی حیزب لە قەندیل‌و هاتنە دەشتی کۆیە دەکەوێتە بەرتیشکی نیگای نووسەرو لە لاپەڕەی ٢١٤ دا دەڵێ.

" ئێمە ساڵانی پێشووتر لە وەرزی پاییزدا دەگەڕاینەوە بەڵام چۆڵ کردنی قەندیل شوێنی لەسەر خەباتەکەی ئێمە داناکە نەتوانین زۆر لە ناوچەدا تێکۆشانمان هەبێ". وبە داخەوە ئەو هۆکارە زۆر لەوە زیاتر کاریگەری بەسەر دێموکراتەوە هەبوو کە ئێستا شوێنەوارەکانی دەبینرێن‌و هەست پێدەکرێت.

تا ئەو جێگایەی لە لاپەڕە ٢٤٨دا باس لە بڕیارێك دەکات کە تەواو گۆڕانی خەبات‌و چوونە قۆناغێکی دیکەی حیزب زیاتر دەردەخات.

"بەلە بەرچاو گرتنی وەزعی سنوورەکان‌و هەل‌و مەرجی ناوچە، تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ لە "عملیات" خۆ بپارێزین. بە گشتی هەدەفی ئێمە لە ساڵی ٧٤ حزوورلە نێو خەڵکەکەمان‌و کاری سیاسی‌و تەشکیلاتی‌و ماڵی بوو"

تا ئەو جێگایەی کە لە ساڵی ٧٤وە گۆڕانێکی بەرچاوی تێدا پێك هات بە چەشنێك کە حوزووری کادرو پێشمەرگەی حیزب لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا زۆر زۆر کەم بۆوە.و هەروەك پێشتر باسم کرد فەسڵی ١٥ باس لە قۆناغێکی تەواو جیاوازی حیزبی دێموکرات دەکات.

دیارە بە بڕوای من نووسینەوەی ئەو کتێبە لە چەند لایەنەوە زۆر جێگەی سەرنج دانەو دەبێ بە گرینگی بگرین.

١ـ لە زمانی پێشمەرگەو بەدەنەی حیزبەوە باس لە رووداووەکانی کوردستان دەکرێت .

٢ـــ زۆر شتی وردی نێو شۆڕش کە لە هیچ شوێنێك باس ناکرێت لەوێ قسەی لە سەر کراوە.

٣ـــ رەوتی شۆڕشی چەکداری رۆژهەڵاتی کوردستان‌و هۆکارەکانی درێژ بوونەوەی شۆڕش روون دەکاتەوە.

نووسەر لە لاپەڕەی ٢٠٨دا دەڵێ: بە بەردێکەوە پاڵم دابۆوە خەو دەیبردمەوە کە خۆر هەڵات. خەوەکەم رەوی، بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بووین، سیگارێکم هەڵکرد. بیرم لەو شەوە سەختە دەکردەوە کە چۆن دوو رۆڵەی ئەو نیشتمانە چەندە قارەمان‌و ئازا بوون وابەسانایی شەهید بوون. بیرم لەو بەیانی‌یە زووە دەکردەوە کە بڵێی کەس بەدەردومەرگی ئێمە بزانێ کە دەردی گەلەکەمانە. لەپڕ بەتەپەتەپی کۆپتێر لە بیرکردنەوە راچەنیم".

تۆ بڵێی ئێمە نەوەی دوای ئەو نووسەرە بەرێزە وەڵامی ئەو پرسیارەمان لەلانەبێ‌و هەست بەو هەموو دەردوکوڵەمەرگی‌و شەو نخوونیانە نەکەین کە ئەو رۆڵە بە جەرگانە لە پێناو ئازادی گەلەکەیاندا چەشتوویانە.

دیارە پێم خۆشە بە دوو قسە کۆتایی بە باسەکەم بێنم.

شەهید دوکتور سەعید شەرەفکەندی دەڵێ:(ل١٠٣)

(( ئەمە شۆڕشە، وەك دەڵێن ئاشی شۆڕش بە خوێن دەگەرێ. لە خەباتێکی سەخت‌و خوێناویدا بمانەوێ، نەمانەوێ شەهیدو بریندارمان دەبێ. گرینگ ئەوەیە خوێنی ئەو شەهیدانە ون نەبێ‌و رێگایان هەمیشە پڕ رێبوار بێ))

دوکتۆر قاسملووش دەڵێ ((هیچ میللەتێك بە بێ زەحمەت‌و تێکۆشان، بە بێ بەخت کردنی رۆڵە بەنرخەکانی خۆی بە ئازادی نەگەیشتووە.))

دیارە حیزبی دێموکرات تەنیا هەر لە شەهیدەکان پێك نەهاتووەو زیندووەکانیش لە هێنانی ئەو کاروانە دا زەحمەتیان کێشاوەو رێزگرتن لەو هەموو فیداکارییە، نیشانەی ژیری‌و هەست بە دڵسۆزی کردنە لە بەرامبەر خاك‌و نەتەوەو نیشتماندا بەو هێوایەی هەموو تێکۆشەرانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان قۆڵی هیممەت هەڵماڵن‌و نەهێڵن ئەو چرکە ساتە گرینگانەی خەبات و تێکۆشانی رۆڵەکانی گەل لە ژێر تۆزی فەرامۆشیدا بفەوتێ.

لەو کتێبەدا وێنە دەورێکی گرینگ، لە ناساندنی تاکەکانی نێو بزوتنەوەدا دەبینێ‌و بە دەیان وێنەی گرینگ پەرتووکەکەیان رازاندۆتەوە.



# یەکی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکاران

سیامەک قەوی‌پەنجە
وەرگێڕان بۆ کوردی: ئەمیر سەرڕووتی

سێشەممە یازدەی بانەمەڕ بەرامبەرە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی مانگی مەی، ڕۆژی جیهانیی کرێکاران. هەموو کرێکار و زەحمەتکێشانی جیهان لەو ڕۆژەدا بە وەرێخستنی خۆپیشاندان و کۆڕوکۆبوونەوەی شکۆدار، لە لایەک ڕێز لە یادو بیرەوەری ئەو کرێکارانە دەگرن کە لەرەوتی خەباتی حەقخوازانەی کرێکاران دا گیانیان لە دەست داوەو لەلایەکی‌تر بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای خۆیان پێداگری دەکەن و تێدەکۆشن. هەر چەند لە هێندێک وڵاتانی جیهان کرێکاران و زەحمەتکێشان توانیویانە بەشێك لە مافەکانیان وەدەست بێنن و مافەکانیان ڕادەیەك دابین کراوە، بەڵام کرێکاری واش هەن کە ئێستاش کویلەئاسا دەچەوسێنرێنەوە و سەرەڕای ئەوە کە هێزو توانا و بەهرەیان لە لایەن خاونکارانەوە بە تاڵان دەبردرێ، بەڵام لە کەمترین ماف و حەقدەستیش بێبەش کراون.

لەو پێوەندییەدا بارودۆخی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا دەتوانێ نمونەیەکی روون و بەرچاو بێ. لە ئێران سەرەڕای تێپەربوونی ٢٩ ساڵ لە شۆرشی دژی پاشایەتی، چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە هۆی سیاسەتی چەوتی ئابووریی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم کە لە هزرو ئەندێشەی دواکەوتوویان سەرچاوە دەگرێ، کرێکاران لە بارودۆخێکی نالەباردا ژیان تێپەر دەکەن.

نەبوونی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری، ئەو توێژەی لە هەبوونی تریبوونێك بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانیان و ناڕەزایەتی دەربرین بەرامبەر بە سیاسەتی دژە کرێکاری ڕێژیم، بێبەش کردوە. وەدواخستنی مووچەی کرێکاران کە هێندێك جار دەگاتە هەشت مانگ، دەرکردن و کرینەوەی کرێکاران لە لایەن خاوەن کارەکانەوە، کەڵك وەگرتن لە مناڵان لە کەمپەکان و پەسەند کردنی یاسای دواکەوتووانە و دژی مرۆڤایەتی سەبارەت بە کرێکاران، لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیم، بێکاری و گرانی و زۆر گرفتو کێشەی دیکە بەشێکن لە ژیانی کرێکارانی وڵاتەکەمان .

سەرەڕای هەموو ئەو گرفت و زوڵمانە، هەر کاتێك کە کرێکاران بە مەبەستی دابین کردنی ویستو داخوازی ڕەوای خۆیان هاتوونەتە مەیدانو بە شێوەی هێمنانە خوازیاری مافی پێشێل کراوی خۆیان بوونە، لە لایەن دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم بە تەنیا زمانێك کە لە گەڵی ئاشنان، واتە زمانی ئەشکەنجە و سەرکوت وەڵامیان دەدەنەوە و بە لێدان و توندوتیژی بەرامبەر بە ئەندامانی بنەماڵەی کرێکاران، هەروەك لە ناڕەزایەتی دەربرینی کرێکارانی شیرکەتی واحیدی تاران دا دیتمان و هەروەها بازداشتی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری، لە هەوڵی کپ کردنی دەنگی حەقخوازانەی کرێکاران دا بوون. بەڵام کرێکاران و زحمەتکێشانی ئێران سەرەڕای هەموو ئەو سەرکوتکاریانە، بۆ ساتێکیش وازیان لە ویست و داخوازی ڕەوای خۆیان نەهێناوەو جاروبار لە حەرەکەتێکی دارێژراو و ڕێکخراودا، بەرەنگاری ڕێژیم و سیاسەتە چەوتەکانی بوونەوتەوە. بەڵام بەداخەوە هەر ئەو بێپلانی و نارێکییەیە بۆتە هۆی ئەوە کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان لە خەباتی حەقخوازانەی خۆیان سەرکەوتنی بەرچاوو سەرنجڕاکێش وەدەست نەهێنن .

هەر بۆیە جگە لەوە کە کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی ئێران، دەبێ ریزەکانی خۆیان ڕێك بخەن دەبێ تێبکۆشن بە یەکیەتیی کردەوە و هاوئاهەنگیی زیاتر و پلانی وردتر خەباتی خۆیان بەرەوپێش بەرن و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم ناچار بە پاشەکشە بکەن. دیارە بۆ ئەوەی خەباتی کرێکاران بێ‌پشتیوان نەمێنێتەوە دەبێ چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش وەکوو مامۆستایان، خوێندکاران، ژنان، لاوان‌و بە گشتی خەڵکی وڵاتەکەمان وەك ئەرکی سەرشانیان دیفاع لە داخوازیەکانی کرێکاران بکەن و یەکگرتووانە ڕووبەڕووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و سیاسەتی دواکەوتووانەکانی ببنەوە.

تەنیا بە یەکیەتیی و هاودەنگیی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە کە دەتوانین بە سەرکەوتنی حەق بە سەرناحەق‌و یا بە واتایەکی ڕوونتر دەکرێ بە سەقامگیربوونی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك لە ئێران‌و دابین کردنی ژیانێکی مرۆڤانە بۆ خەڵکی ئێران هیوادار بین.

لە کۆتایی دا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران پیرۆزبایی لە گشت کرێکارانی جیهان، ئێران‌و بە تایبەتی کوردستان دەکەین‌و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی گیانبەختکردوانی بزووتنەوەی کرێکاری لە وڵاتەکەمان و گشت جیهان .

**پیرۆزبێ یەکی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران**

**وەدی بێت ئازادی و دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی بەڵا لێدراوی ئێراندا**


Photo : Ebrahim Noroozi FARS NEWS AGENCY

درێژەی :

# داهاتووی ڕاگەیاندن لە کوردستانی ئێران...

پێش هەموو شتێك ئەمە پێوەندیی بەوە هەیە کە تو وەك ڕۆژنامەنووسێك "پرسی نەتەوەیی" چون پێناسە دەکەی‌و"داواکانی کورد" لای تۆ چی دەگەیەنێ‌و ڕێکاری تۆ وەك ڕۆژنامەنووسێك بۆ باسکردنیان چۆن دەبێ؟ هێندێك کەس ئەم پرسەیان کورت کردۆتەوە سەر نووسینی کۆمەڵێك شیعارو شێعرو پەخشان‌و نووسینی وتاری ئیحساسی‌و توند. خەڵکانێکی دیکەش هەن هەمان پرس بە شێوەیەکی عەقڵانی‌و تەحلیلی‌و دوور لە گرژی‌و ئاڵۆزی نانەوە لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەخەنە ڕوو. هەر چەند دیدو تێگەیشتنی ڕۆژنامەنووسان‌و شێوەی کارکردنیان لە سەر ئەو پرسە جیاوازە، بەڵام پرسی کورد لە ڕۆژنامەنووسی کوردی هیچ کات پرسێکی غایب نەبووە. ئەوانەی ڕۆژنامەنووسان تاوانبار دەکەن کە بایەخ بە پرسی کوردی نادەن، پێم وایە خوێنەری باش نین یا دەیانەوێ هەموو شتێك بە پێی میتۆدو ئاراستەی خۆیان دا بچێتە پێش. بۆ نموونە ئەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی حیزبی دێموکرات لە سەر پرسی کورد کردوویەو دەیکا بە تەواوی جیاوازە لەو کارەی کە " پیام کردستان" لە قۆناغی یەکەمی خوی لە مەهاباد کردی. ئەم بڵاوکراوەیە بە کردنەوەی لاپەڕەکانی "مێژووی زارەکی"و"لاپەڕەی میوان" مەجالێکی باشی بۆ قسەکردن لە سەرپرسی کورد پێك هێنا. ئەوەی کە گۆڤاری "تیشك" وەك گۆڤارێکی تەحقیقی لە ژمارەکانی خوی دا لە سەر پرسی کورد کردوویە بە تەواو جیاوازە لەوکارەی کە گوڤاری"راڤە" لە سەرپرسی کورد دەیکا. جا ڕەنگە من کارکردی ئەوانەم بە دل نەبێ بەلام لە بیرت نەچێ خوێنەریان هەبووەو ئەم پرسەشیان شەن‌و کەو کردوە.

ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگای کوردییە. بێ گومان ئەم بوارە چەندە تەئسیرگوزارە ئەوەندەش تەئسیر پەزیرە. چارەسەرنەبوونی پرسی کورد بارێکی گەورەی خستۆتە سەرشانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی. من پێم وایە ئەوەندەی مەجالی قسەکردن بوویێ لەم بوارەدا زۆرترین کار کراوە. ئەو گۆڤارە تەحلیلی‌و ڕۆژنامەو نووسین‌و لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا بڵاو بوونەتەوە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە پرسی نەتەوەیی کورد لە پرسە گرنگەکانی ڕۆژنامەنووسی دەبێ. لە نموونە هێنانەوە خۆ دەبوێرم بەڵام زۆر شتی جوان لە سەر پرسی کورد لە بڵاوکراوە غەیرە حیزبییەکان نووسران کە هیچ کات ئەو جۆرە نووسینانەمان لە بڵاوکراوەی حیزبەکان دا نەدی. لە غایب بوونی بڵاوکراوەو میدیای حیزبی باسکردنی پرسی کورد لە ناو خوی ولات ئەرکەکەی خرایە سەرشانی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد وئەو بلاوکراوانەی کە بە هیممەتی ڕۆژنامەنووسان بڵاو دەکرایەوە. ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە پال ئەوەدا خوی بە سەکۆیەك دەزانی بۆ دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی کوردستان، لە هەمان کاتیش دا شێوازە کارەکانی ناو بزووتنەوەی کوردی نەقد دەکردو رەخنەی خۆی هەبوو کە ئەمەش زۆرجار تووڕەبوونی بەرهەم دەهێنا.

**لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"ئازادیی چاپەمەنی نیە، ئازایەتی ڕۆژنامەنووسان هەیە" ئەمە وتەی ڕۆژنامەنووسێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەم ئازایەتییە چەند توانیوێتی سنورەکانی سانسۆرو هێڵە سوورەکان ببەزێنێ‌و ببێتە سەرچاوەی گۆڕان‌و شڵەقان‌و بە چ نرخ‌و بەهایەك؟**

تەعبیرێکی جوانە. بەڵام ڕەنگە قورسترکردنی ئەرکی سەرشانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەو ئەزموونە کەمەو بەو هەموو کۆسپەی سەر ڕێگای لە جێگای خۆی دا نەبێ. لە بیرت نەچێ ڕۆژنامەنووسیی نوێی کوردی لە بۆشاییەکی گەورەو بێدەنگییەکی سامناك دا هاتە گۆڕێ کە لە هەموو لایەکیشەوە ڕووبەڕووی گومان‌و پرسیار بۆوە. لەم لا کەم نەبوون ئەو هێزو جەریان‌و کەسانەی کە ئەو ڕەوتەی بە دەستکردی کۆماری ئیسلامی نێو دەبردو لەو لاشەوە کۆماری ئیسلامی بە دەستکردی بێگانە دەیدایە قەڵەم‌و ڕۆژنامەنووسانی زیندانی دەکرد. ئەمە گرفتێکی هەتاکو ئێستای ڕۆژنامەنووسی لە کوردستانی ئێران دایە.

لە لای ئێمە ئەگەر ڕۆژنامەنووسی ناتوانێ سەرچاوەی گەورەی گۆڕان بێ، بەڵام دەتوانێ وورووژێنەر بێ. ڕۆژنامەنووسانی ئازاد لە چەند ساڵی رابردوودا زۆر پرسی لەبیرکراویان وروووژاندوە، تووڕەبوونێکی زۆریان هەم لە ناوحاکمییەت خستەوە هەم لەناو حیزبە کوردییەکان. ڕۆژنامەنووسانی ئێمە لێرەدا ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنیان دەگێڕا. بەڵام ئەم ئازایەتییەی ڕۆژنامەنووسان پێویستی بە پاڵپشتی هەیەو پێم وایە حیزبە کوردییەکان‌و بە تایبەت حیزبی دێموکرات دەبێ پرسی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستانی ئێران بکا بە یەکێك لە پرسە گرنگەکانی خوێ، نەك بەو مانایە تەداخولی تێدا بکا، بەو مانایە بە پێی توانای خۆی دەرەتانێك بخولقێنێ بۆ کارکردی میدیای ئازادو دێموکراتیك. بە بڕوای من داهاتووی ڕاگەیاندن لە کوردستانی ئێران بۆ میدیای ئازادو دێموکراتیکە. بۆیە دەبێ هەر لە ئێستاوە پشتگیریی ڕۆژنامەنووسان‌ومیدیای ئازاد بکرێ‌و زۆر جوان دەبێ کە ئێستا گرنگیی ئەم پرسە تێ بگەین. بەهێز کردنی ڕاگەیاندن‌و میدیای دێموکراتیك دەتوانێ خزمەتێکی بەرچاو بە قەزیەی کوردی لە ئێران دا بکا.

**زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی کورد باس لە قەیرانی خوێنەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەکەن. بە بۆچوونی ئێوە هۆکارەکانی ئەم قەیرانە چین کە تا ئێستا چاپەمەنیی کوردی نەیتوانیوە لێیان قۆتار بێ؟**

من بە پێچەوانە پێم وایە


خالید محەمەد زادە

ڕۆژنامەنووسیی کوردی پێش ئەوەی قەیرانی خوێنەری هەبێ قەیرانی بلاوکراوەو ڕۆژنامەی هەیە. بەو مانایە کە ئێمە ئێستا کەمترین تریبونمان هەیە بۆ نووسین‌و بڵاوکردنەوە، هەموو بلاوکراوەکان داخران‌و کەمترین سایتی باوەڕپێکراویشمان هەیە. میدیای حیزبییش نەیتوانیوە ببێ بە تریبونی هەمووان. گرفتی گەورەی ڕۆژنامەنوسان لە کوردستانی ئێران نەبوونی شوێنێکە بۆ کارکردن، شوێنێکە بۆ نووسین‌و قسەکردن. تو لە کوردستانی ئێران دا میدیای ئازادو متمانە پێکراوت نیەو زۆربەیان داخران. میدیای حیزبی کە لێرەدا دەیتوانی ئەم بۆشاییانە پڕ بکاتەوە، ئەمانیش چووکترین دەرەتانیان بۆ ڕۆژنامەنووسان نەکردەوە. کێشەی ڕۆژنامەنووسیی کورد لە ئێران نەبوونی میدیای ئازادو دێموکراتیکە. من پێم وایە ئێمە لە کوردستانی ئێران زۆرترین خوێنەرو کەمترین بڵاوکراوەو ڕۆژنامەنووسمان هەیە. ئاماری ڕۆژانەی وێبلاگێکی ئەنتێرنێتی لە کوردستانی ئێران پێمان دەڵێ خەڵك تینووی خوێندنەوەن، بەڵام هەر وەك وتم شوێنی بڵاوکردنەوە لە قامکەکانی دەست تێ پەڕ ناکەن. بە هەموو ئەوانەشەوە کەم نین ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە خوێنەری بەردەوامیان هەیەو نووسینەکانیان بە هێند وەردەگیرێن.

**کە باس لە چاپەمەنیی ئازادو سەربەخۆ دەکرێ پێتان وانیە تا کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە مافە سیاسی‌و نەتەوەییەکانی خۆی نەگاو دەسەلاتی دێموکراتیکی خوی نەبێ ئەو کارە دوورو نامومکینە؟**

من ڕاست بە پێچەوانەی تۆ بیر دەکەمەوە. لە بیرت نەچێ ڕزگاریی نیشتمان زۆرجار بە واتای دابینکردنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی نیە. بەڵکوو لە وڵاتانی لای ئێمە زۆرجار قۆناغی پاش ڕزگاریی نیشتمانیش دەبێ بە زیندانێکی گەورە بۆ ڕۆژنامەنووسان. بە داخەوە پرسی چارەسەرنەکراوی کورد بیانوویەکی باش بووە بۆ بیانووگرتن بە ڕۆژنامەنووسان. داوا دەکەن نابێ ڕەخنە بگرین، چونکە لە قۆناغی ڕزگاری داین‌و گومان دەخەنە سەر ڕۆژنامەوانی ئازاد. بەڵام هەر هەموو ئەو بەرێزانەی ئەم قسانە دەکەن بۆخۆیان ڕۆژانە لە سەر دابەشکردن‌و پەرتەوازەکردنی کێشەی کورد دەژین. ئەوانەی ئەوان بە هێڵی سوور بۆ ڕۆژنامەنووسان بە بیانووی ڕزگار نەبوونی نیشتمان تەفسیری دەکەن، خۆیان ڕۆژانە دەیان جار دەی بەزێنن. ئەم بەرێزانە دوای ڕزگارییش هیچ باوەڕێکیان بە ئازادیی ڕۆژنامەنوسی نییە، بۆیە ڕۆژنامەنووسیی ئازاد لە قۆناغی پێش ڕزگارییش دا پێویستییەکی حەتمییە بۆ خستنەرووی هەموو ئەو گەندەڵکارییانەی کە لە بزووتنەوەی کوردستان دا روو دەدەن. خەڵك لەپاڵ هەموو کێشەکانی دیکەی دەیەوێ بزانێ لە ناو پارت‌و حیزبەکان چی روو دەدا، دەیەوێ بزانێ هۆکاری ئینشعاب‌و شکست‌و دارمانەکان‌و...چین؟ ئەمەش پێویستیی بوونی ڕۆژنامەوانیی ئازاد دەخاتە روو.

لەو بوارەدا بە داخەوە حیزبە سیاسییەکان هەم بۆخویان خراپ تێ گەیشتوون‌و هەم خەلکیشیان خراپ بار هێناوە. ئەم بەرێزانە نەك هەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بەڵکوو هەموو پرسەکانی دیکەیان وەلا ناوەو دایاناوە بۆ دوای ڕزگاری! ! ١٥ساڵ بە سەر ئازادیی کوردستانی عێراق تێ دەپەرێ، بەڵام ئێستاش دۆستانی ئێمە زیندانی دەکرێن‌و هیچ یاسایەك بۆ بەرگری کردن لە ڕۆژنامەنووسان نیەو ڕۆژنامەنووسان بە یاساکانی سەردەمی بەعس دادگایی دەکرێن. لە لایەکی دیکەشەوە هەر هەمووی وڵاتانی دەوروبەرمان چەندین دەیەو سەدە لە قۆناغی پاش ڕزگاری‌و بەدەوڵەت بوونیان دا دەژین، بەڵام ئازادیی ڕۆژنامەنوسییان تێدا نیە. دیارە ئەمە بە مانای نەبینینی جیاوازییەکانی نێوان حکوومەتێکی داگیرکەرو حکوومەتی کوردی نیە. من هیچ گۆمانم نیە کە ڕزگاریی کوردستان دەتوانێ دەرفەتێکی زۆر گەورەتر لە بەردەم ڕۆژنامەنووسان دا بکاتەوە، بەڵام ڕۆژنامەنووسیی ئازاد بەرهەمی سیستەم‌و ساختارگەلی دێموکراتیکە. ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەبێ هەر لە ئێستاوە کاری بۆ بکەین‌و ڕۆژنامەنووسان وەك دوژمن سەیر نەکرێن.

من پێم وایە حیزبە کوردییەکان لە باتی پشتگوێ خستنی ئەم پرسە گرنگەو فرێ دانیان بۆ داهاتوویەکی نادیار دەبێ هەنگاوی جیددی بنێن بۆ ڕاگەیاندنی ئازادو دێموکراتیك. حیزبە کوردییەکان دەتوانن لە زۆر بوارەوە هاوکاریی ڕۆژنامەنووسان بکەن‌و دەرفەتی تازەیان بۆ بکەنەوەو کۆتایی بێنن بە گومان خستنە سەر هەموو ئەو قەلەم‌و دەنگانەی کە وەك ئەوان بیر ناکەنەوە. تۆ کە ئێستا بە بیانووی ڕزگار نەبوونی نیشتمان مەجالی نووسین‌و قسەکردن بە من نەدەی، گۆمانم نیە سبەینێش بە بیانووی پاراستنی ئەزموونی کوردی هەزارو یەك کێشەم بۆ دروست دەکەی. بە ڕای من ئەم شێوە بیرکردنەوەیە نەك هەر مەترسیهێنەرە، بەڵکوو خزمەت بە بزووتنەوەی کوردستان‌و ئەو عەقڵییەتەش ناکا. من پێم وایە نابێ چاپەمەنیی ئازادو سەربەخۆ وەك مەترسییەك بۆ سەر خەباتی ئێستای کوردی سەیر بکرێ، بەڵکوو دەبێ وەك پشتیوانی ئەو بزووتنەوەیە سەیر بکرێ‌و پەرەپێدانیشی نەبەستێنەوە بە هیچ پرسێکی دیکەوە.

# ژیان لەسەر گۆڕەپانی مەرگ

نووسینی: محەمەد باریکانی
وەرگێڕانی: حەمە ڕەسووڵ کەریمی

دوو دەیەی دوای کۆتایی شەڕ، ئێستاش مەیدانەکانی مین لە ڕۆژئاوای ئێران خاوێن نەکراونەتەوە.

ئێقباڵ لاوێکی تەمەن ٢١ ساڵەیە کە لە ئاواییەکی سەر سنووری ئێران‌و ئێراق لەگەڵ ٧٢ بنەماڵەی دیکە ژیان دەبەنە سەر. نێوانی ئەم گوندە لەگەڵ گوندەکانی ئەودیو سنوور تەنیا بەرزایەکەو هیچی‌تر. دەوری ئەم گوندەو بە تایبەت خانوەکەی ماڵی ئێقباڵ بە مینی چێنراو گیراوە.

باوکی ئێقباڵ لە ڕێگای کۆڵ کێشی‌و قاچاغی (سووتەمەنی)و شتومەکی‌تر بۆ ئێراق پوولێکی کەم بەدەست دێنێ. ئەو بۆ هەڵگرتنی ٢٠ لیتر بنزین بۆ نێو خاکی ئێراق تەنیا ٣٠٠ تمەن وەردەگرێت.

دوای ساڵانێکی زۆرو ڕێپێوانێکی زۆر لەم ناوچەیەدا، ئەو ئێستا باش دەزانێ کە دەبێ لاقەکانی لەسەر کام تاشە بەرد دابنێ، نەوەکوو دەنگی تەقینەوەیەك، جارێکی تر بە پەرۆش بوون‌و نیگەرانیی ئەم ئاواییەوە زیاتر بکا.

دوو دەیەی دوای کۆتایی شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان ئێران‌و ئێراق، ئێستاش سەدان بنەماڵەی ئێرانی لە نێو ئەو مەیدانە مەرگ هێنەرانەدا خەریکی ژیانی ڕۆژانەیانن. تا ئێستا ١٦ میلیۆن مینی هەڵنەگیراو لە مەیدانەکاندا ماونەوە کە بە پێی ئامارێك ڕۆژانە ٣ کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە دەبنە قوربانی‌و گیانی خۆیان لەدەست دەدەن. بە قسەی کاربەدەستانی ڕێژیم ئێستاش ساڵانێکی زۆری دەوێت تا مینەکان کۆ بکرێنەوەو ناوچەکە لە بوونی مین خاوێن بکرێتەوە.

**"دوژمن" لە نێو قووڵایی زەوی‌دا**

باوکی ئێقباڵ لە کاتی کۆڵکێشیی بێنزین بۆ ئەو دیو سنوور کە بەشێوەی نایاساییە، هەموو کاتێك بە وشیاری‌و بە چاوی کراوەوە دەڕوانێتە پێش خۆی. ئەو کاتێك دەیهەوێ تەپۆڵکەکانی نێوان سنوور ببڕێ، بە وشیاری‌یەوە هەنگاوەکانی خۆی هەڵدێنێتەوەو لاقەکانی لەسەر ئەو تاشەبەردانە کە سەریان لەزەوی دەرهێناوە دادەنێ، لەبەر ئەوە نەوەکوو مینی سێ چوکڵەداری دژە نەفەر بتەقێتەوەو تا ناو قەدی‌و سەروچاوی بە ساچمەکانی ئەو مینە کە ٢٢٠٠ ساچمەی تێدا هەن، بە توندی بریندار بێ.

ئەگەر "شانس‌و بەختی" زیاتر بێ‌و بە جێگای مینی سێ چووکڵەدار، لاقی لەسەر مینێکی دژە نەفەری ئاسایی دابنێ، ئەوە دەبێ تا کۆتایی ژیانی بە دەست‌و لاقێکی دەست کردەوە بنالێنێ‌و ئەو بارە قورسەش بخاتە سەر شانی.

باوکی ئێقباڵ، دەنگی تەقینەوەی لە کوێستانەکاندا بیستووە، تەنانەت ئەو بە چاوی خۆی دیتویەتی کە "کەریم"ی تەمەن ٣٥ ساڵ کە یەکێك لە دراوسێکانی ماڵی خۆی بوو کەوتە سەر مین. کەریم بۆ بژێوی ماڵی خۆی لە نێو دارە چڕو پڕەکان‌و باغە چۆڵەکانی دەوری ئاوایی خەریکی گەڕان بە دوای گوێز دابوو، کە لە پڕ پاشنەی لاقی لە سەر مینێکی دژە نەفەر دادەنێ‌و لەگەڵ تەقینەوەی مینەکە ئەو فڕێ دەدرێتە لایەکی دیکەو لەو کاتەوە کەریم بە لاقێکی دەست کردەوە لە ئاوایی ژیان دەباتە سەرو ئێستا لاقە دەستکردەکەی بۆتە کەرەسەیەکی یاریی منداڵە چووکەکانی ئاوایی.

ئێقباڵ‌و باوکی‌و دراوسێکانی لە ئاوایی "دزئاور" دەژین. خانووەکانی ئەو ئاوایی‌یە بە سەریەکەوەن‌و زۆر لێك نێزیکن‌و لە قەراخ جادەیەکی خۆڵ دروست کراون. ژیان لەو ناوچەیە گەلێك دژوارەو گوشاری رووحی‌و ڕەوانی لەمەڕ بوونی ئەو هەموو مینانە بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێك لە دانیشتووانی ئەو ئاوایی‌یە خانووەکانیان بەجێ بێڵن.

**پشووی مەرگهێنەری منداڵان**

ناسر لاوێکی تەمەن ١٩ ساڵەیە کە لەو ئاوایی‌یە پڕ لە "مین"ە دا ژیان بە سەر دەبا. ئەو دەڵێ تەنیا "مین"ە چێندراوەکان نین کە بوونە جێگای مەترسی بۆ منداڵان‌و دانیشتووانی گوندەکەمان. ئەو دەڵێ: لە ماوەی رابردوو دا مینە چێندراوەکان بوون بە هۆی ئەوە کە چەند کەس لە خەڵکی ئاوایی گیانیان لە دەست بدەن‌و هەروەها بە هۆی تەقینەوەی مین یەکێك لە مامۆستایەکانی قوتابخانە کە دانیشتووی ئەو دیو سنوور بوو لاقی پەڕی. مامۆستا بۆ کۆکردنەوەی کارگ چوو بوو بۆ کێوەکانی سنووری نێوان ئێران‌و ئێراق.

بە وتەی ناسر منداڵەکان تووشی مەترسیی زۆر دەبن، ئەوان زانیارییان لە سەر مین‌و گوللە خۆمپارە نەتەقیوەکان نیەو لە کاتی دۆزینەوەیاندا بە کۆمەڵ دەوریان دەدەن‌و جاری وا هەیە کە چاویان بە مینی سێ چوکڵەدار بە دەوریدا هەڵدەسوورێن‌و یاری دەکەن‌و جاری وایە بەرد لە مینەکان دەگرن‌و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵکی ئەم ئاواییە زۆرتر پەرۆش‌و نیگەرانی بارودۆخی منداڵەکان بن.

دانیشتووانی ئاوایی دزئاور هیچ زانیارییەکیان لەسەر شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ مین‌و گوللە نەتەقیوە بەجێ ماوەکان نیە.

لاوان‌و گەنجانی ئاوەدانی تەنیا کارێك کە لە دەستیان دێت‌و بەڕێوەی دەبن شاردنەوەی دووبارەی ئەو کەرەسانەیە لە نێو قەڵشی گابەردەکان‌و یا لە شوێنی دوور لە ئاوەدانی‌و لە بەرزاییەکان، بۆ ئەوەی منداڵان‌و ژنانی ئاوەدانی دەستیان پێیان نەگا، لەبەر ئەوەی ئەوان بەپەرۆشن کە نەکوو لە کاتی دۆزینەوەیان دا منداڵەکان یا ژنانی ئاوەدانی لە ئاگریان بخەن‌و لەکاتی تەقینەوە دا تووشی کارەسات ببن.

ناسر دەڵێ ناوێرن کەرەسە دۆزراوەکان تەحویلی بەرپرسانی ئەمنیەتی‌و ئاسایش بدەین، چونکە لە کاتی تەحویل دانی دا تووشی لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوەی بەناحەق دەبین. بەپێی یاسای نێوخۆیی ئێران هەڵگرتنی چەك‌و تەقەمەنی بۆ خەڵکی ئاسایی وەك تاوان چاو لێدەکرێ‌و هەڵگرانی چەك بەبێ بەڵگەو ئیزنی حکوومەت وەکوو دژە شۆڕش‌و تێکدەری نیزام‌و ئاسایشی گشتی سەیریان دەکرێ‌و وەك تاوانبار سزا دەدرێن‌و یا دادگایی دەکرێن.

ناسر لە درێژەی قسەکانی‌دا دەڵێ ئەوەندەی کە من لەبیرمە، تەنیا چەند کەسێك لە ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی دا هاتوونە ئاوایی ئێمە بۆ ئەوە بەشێکی بچووك‌و کەم لە مەیدانەکانی مین‌و ناوچەکە خاوێن بکەنەوە. ئەو بەدەست ئامارە بە باغێکی چۆڵ دەکات کە بەشێکی زۆری دارەکانی دارە گوێزن: "ئەوانە بە کەلکی هیچ شتێك نایەن، لەبەر ئەوە خەڵك لە ترسی مینی چێندراو لەو باغەدا کە لە



کاتی شەڕی ئێران‌و عێراق دا داندراون، ناتوانن بچنە نێو باغەکە. تەنیا بە باریکە ڕێیەك دا دەتوانن بچن بۆ نزیك باغەکەو دوایەش دەچنە سەر پاردە بەردەکەو لقە نیزیکەکانی دارە کوێزەکە دەگرن‌و گوێزەکان کۆ دەکەنەوەو دوایەش هەر بەو ڕێگایەدا دەگەڕێنەوە.

باغەکە بەتەواوی چۆڵە، ئەو باغە زۆرتر وەك قەبرستانی ئاواییەکەمان دەچێ، کێلە قەبرەکانی ئەو قەبرستانە لەبەر بەرز بەرزبوونەوەی گیا دیار نین. دانیشتوانی ئاوەدانی دەڵێن کە قەبرستانەکەش مینی زۆری تێدا چێندراوە.

یەکێك لە بەرپرسانی ڕێژیم لە ناوەندی بەسەر ڕاگەیشتنی ناوچە مینرێژکراوەکان دا دەڵێ، بەشێك لە خەڵکی ئاسایی ناوچە، بۆخۆیان بە شێوازی جۆراوجۆرو پرمەترسی مینەکان پوچەڵ دەکەنەوەو تەنانەت ئەگەر بتوانن‌و سەرکەوتوو بن ئەوە دەرمانە جۆراوجۆرەکانی تەقینەوە لە نێو مینەکانیش دا بەتاڵ دەکەن. ئەوان ئەو دەرمان‌و ماددانە بۆ سووتەمەنی‌و گەرما کەڵك وەردەگرن کە ئەوەش دەبێت هۆی گیرۆدەبوون بە نەخۆشی. بە وتەی ئێقباڵ‌و دۆستەکانی، جیا لە هێزەکانی هەڵگرتنەوەی مین کە سەر بە ڕێژیمن "ئێقباڵ‌و دۆستەکانی تەنیا یەك جار چاویان لە کاری ئەوان بووە لە کاتی هەڵگرتنەوەی مین دا". تا ئێستا هیچ یەك لە دانیشتووانی ئاوەدانی وەبیریان نایە کە گرووپێکی غەیرە دەوڵەتی (NGO) کە هەڵگری ئیجازە نامەی تایبەت بن بۆ هەڵگرتنەوەی مین هاتبنە ئاوایی دزئاور بۆ "هەڵگرتنەوە یا بۆ فێرکاری"و لەهەمان کات دا بە منداڵان بڵێن کە بۆچی دەبێ خۆ لە هەڵگرتنەوەی مینەکان بپارێزن‌و یا بۆچی نابێ بەدوای گوللە خۆمپارە نەتەقیوەکان دا هەڵبێن‌و بگەڕێن‌و یا خەڵك لە مەترسیی مین‌و گوللە نەتەقیوەکان ئاگادار بکەنەوە.

دیارە بەرپرسانی حکوومەتی ئیدیعا دەکەن کە لە نێو تەواوی ئەو NGO یانە کە لە بواری هەڵگرتنەوەی مین دا کار دەکەن یا بە دژی بوونی مین‌و یا ناویان تۆمار کراوە، تەنیا یەك NGOی چالاك بەسەرپەرستیی دوکتورێکی ئێرانی‌و بە پشتیوانیی یەکێك لە ڕێکخراوەکان کە سەر بە حوکمەت نیەو لە وڵاتی نۆروێژ، چالاکیی هەیە، ئەویش تەنیا چالاکی‌یەکەیان یارمەتیدان بەو کەسانەیە کە تووشی تەقینەوەو کارەسات‌و بریندار بوون هاتوون‌و زامداری تەقینەوەکانی مینن.

باوکی ئێقباڵ‌و بەشێك لە کۆڵکێش‌و قاچاغچیانی سووتەمەنی‌و هەڵگری شتوومەك بۆ عێراق، توانیوایانە تا ئێستا کۆمەڵێك نووسراوەو بروشور کە زانیاریان لە سەر "جۆری مینەکان‌و مەترسی‌یەکانی دەستکاری مین‌و ناوچە مین ڕێژکراوەکان‌و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی چالاکی بواری مین هەڵگرتنەوەو دژ بە مین کە خاریجین" و تا ئێستا لە عێراقدان تێدا نووسراوە، وەك دیاری بۆ ئاوەدانی بێننەوە: ئەو لاپەرە کاغەزیانە کە بە ڕێنووسی لاتینی ڕەش کراوەنەوە، تەنیا دیاری‌یەکن بۆ دانیشتووانی کوردی ئاوایی دزئاور لە ڕۆژئاوای سنووری ئێران.

**میراتێکی تاڵ**

خەتێك بە پانایی ١٠ کیلۆمیتر لە سنوورەکانی ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاوای ئێران، چێندراو بە مینە. بە وتەی یەکێك لە بەرپرسانی پایەبەرزی ناوەندی مین هەڵگرتنەوە، پەنتایی زەوی‌یە مینڕێژکراوەکانی ئێران دەگاتە دوو میلیۆن‌و چوارسەد هەزار هێکتارو ئەوەش ڕێژەیەکی زۆرە. لە دوای کۆتایی شەڕی ئێران‌و عێراق کەمتر لە دوو میلیۆن هێکتار زەویی مینڕێژکراو لە بوونی مین پاك کراوەتەوە.

وەزارەتی بەرگریی ئێران لە کۆتایی دەیەکانی ٩٠دا، خەریکی ساز کردن‌و داڕشتنی ماشێنی مین هەڵگرتنەوە بوو. ئەوان دەڵێن کە دروست کردنی کەرەسەیەکی لەم چەشنەو لەو کاتەدا کە ئێران لەلایەن ئەمریکاوە لە ژێر ئابلۆقە دایە شانازی‌یەکی گەورەیە بۆ بەرپرسانی ئێرانی.

بەڵام ئەو دەزگاو ماشێنانە تەنیا لە پێدەشتەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران (خوزستان) کار دەکەن. هەر لە بەر ئەم هۆیە کوێستان‌و کێوەکانی ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاوای ئێران بە شێوەی سوننەتی واتە لە سەرەند دانی گڵ‌و هەڵکەندنی شوێنە مین ڕێژکراوەکان‌و زەوی‌یەکان بەڕێوە دەچێ.

لەبەر ئەو هۆکارەو تەنانەت ئەگەر هەموو پلانەکان بۆ هەڵگرتنەوەی مین بە باشی بەڕێوە بچن، ئەوە ئەو مینانەی کە لە ماوەی هەشت ساڵی شەڕدا چێندراو و بڵاو کرانەوە، ئەوە چارەگە سەدەیەکی پێ‌دەچێ‌و مینەکان هەروا لە ژێر گڵ‌و خۆڵ دا دەمێننەوە.

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## سوئێد

### کۆنفرانسی کارو ڕێفۆرم کۆتایی بە کارەکانی هێنا

ڕێکەوتی ٢٨ی ئاوریل کۆنفرانسی گشتیی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو ئەندامانی حیزبی بەڕێوە چوو.

کۆنفرانس بە سروودی نەتەوایەتی‌و ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد.

دواتر ئەندامانی هەر سێك دیوانی بەڕێوەبەریی کۆنفرانس ناسێندران‌و دەنگی متمانەیان پێ‌درا. هەر لەو بەشەدا ناوی کۆنفرانسیش کە لە ڕاپۆرتی گشتیی کومیتەدا پێشنیار کرابوو پەسند کراو ناوی کۆنفرانس نرا" کۆنفرانسی کارو ڕێفۆرم". لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکان دا بەڕێز مەریوان نستانی وەك نوێنەری یەکیەتیی لاوان وتاری کردنەوەی کۆنفرانسی پێشکەش کرد.

بە دوای ئەودا بەڕێز سەعید بەگزادە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات بەم بۆنەیەوە بۆ بەشدارانی کۆنفرانس دوا. لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکان دا بەڕێز خالید گەردی بەرپرسی کۆمیتە ڕاپۆرتی کۆمیتەی سوئێدی پێشکەش کردو بەڕێز ئەحمەد عەزیزی باسێکی سەبارەت بە شێوازی نوێی باسەکان‌و کاری کۆنفرانس هێنایە گۆڕێ. بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە خرانە بەر باس‌و پەسندکردنی ڕاپۆرتی کۆمیتەی سوئێد، باسێك سەبارەت بە شێوازی داهاتووی کاری تەشکیلاتی لە وڵاتی سوئێد، ئەرکەکانی داهاتووی کۆمیتە، هەڵبژاردنی بەرپرس‌و ئەندامانی سەرەکی‌و جێگری کۆمیتە. لە دوابەشی کارەکانی کۆنفرانس دا کۆمیتەیەکی ڕاوێژکاری بۆ ئاسانکاری‌و ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسەکانی داهاتووی حیزب دیاری کرا.

شایانی باسە سەرجەم بڕگەو بەشەکانی کۆنفرانسەکە بە بەشداریی چالاکانە بەشدارانی کۆنفرانس دەوڵەمەند کران‌و کۆنفرانس دوای جێبەجێ کردنی سەرجەم کارەکانی سەرکەوتووانە کۆتایی پێ‌هات.

## نۆروێژ ـ ترۆندهایم:

### کۆبوونەوەی کۆمیتەی هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ حیزبی سوسیالیستی نۆروێژ

ڕێکەوتی ٢٨ ئاوریل کۆمیتەی هێزە کوردستانییەکان کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ خاتوو ئۆگۆت ڤاڵە ئەندام پارلمان‌و شارەزای پرسی کورد پێك هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێك بابەت خرانە بەرباس، لەوانە: بابەتی پێوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوەی حیزبی سوسیالیستی نۆروێژ سەبارەت بە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و لە نێو ئەوان کێشەی کوردو مافی مرۆڤ، پرسی پەنابەران‌و گرنگیدان بە زمانی زگماکی، پرۆژەی ناوەکیی ئێران‌و کاردانەوەی ئەو، کارکردن بۆ دروست کردنی پێوەندی لە نێوان زانکۆکانی نۆروێژو کوردستان‌و دانی بورسی خوێندن بە زانکۆکانی کوردستان، کێشەی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تورکیەو تیرۆری یەکێك لەو پەنابەرانە بە ناوی ئەیوب ئەمینی، هەرەشەکانی تورکیە لە باشووری کوردستان.

لە کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر پتەوکردنی پێوەندییەکان‌و نزیك بوونەوەی زیاتر پێ داگیرایەوە.

## فینلاند

### کۆبوونەوەی کومیتەی هاوکاریی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان

ڕێکەوتی ٢٧ی ئاوریل کۆمیتەی هاوکاریی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بە مەبەستی تاوتوێ کردنی کارەکانی رابردووو هەڵبژاردنی سەرۆکی دەورەیی کۆبۆوە.

دوای دەست پێ کردنی کۆبوونەوەکە بەڕێز تاریق خالید سەرۆکی دەورەیی کۆمیتە لە ڕێکخراوی فینلاندی پارتی دێموکرات باسێکی سەبارەت بە کارو چالاکییەکانی کۆمیتە پێشکەش کرد. دواتر بەڕێز مێهدی خەمبار نوێنەری ڕێکخستنی فێنلاندی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەك سەرۆکی دەورەیی کۆمیتەی هاوکاریی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە فینلاند هەڵ بژێردرا.

شایانی باسە لەلایەن کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەڕێزان لوقمان زەهرایی‌و تاهیر قاسمی بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزب بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

کۆمیتەی هاوکاریی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە فینلاند ساڵی ٢٠٠٤ بە مەبەستی لێك نزیك کردنەوەو هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە فینلاند دامەزراوە.

## نۆروێژ ـ ئۆسلۆ

### بەڕێوەچوونی کۆڕێکی سیاسی ـ تەشکیلاتی

ڕێکەوتی ٢٢ی ئاوریل کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئۆسلۆ کۆڕێکی سیاسی تەشکیلاتیی بۆ بەڕێز جەعفەر حامیدی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب پێك هێنا.

لەو کۆڕەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە بەشدار بوون بەڕێز حامیدی باسێکی سەبارەت بە سیاسەتەکانی حیزب‌و هاوکاریی حیزب لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان‌و گرفت‌و ئاستەنگەکانی ئەم دواییانەی حیزب‌و پێویستی چالاك بوونی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دا پێشکەش کرد.

شایانی باسە ئەم کۆڕە لەبەر بەشداریی چالاکانەی بەشدارانی زیاتر لە سێ کاتژمێر درێژەی کێشا.

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا خاوەن بۆچوونەکان خۆیان لە نێوەڕۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

**هادی سۆفیزادە:**

# ئەمرۆ گرنگترین پوتانسیەلی سیاسی لە ئێراندا نەتەوەکانی ئێرانن

**دیمانە: ئامانج**

**بەشی یەکەم**

***هادی سۆفی زادە ساڵی ١٣٥٠ لە شاری بانە لە دایك بووە، ساڵی ١٣٦٨ بووەتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئێستا لە وڵاتی نۆروێژ دەژی‌و لە ئاستی زانستگەدا خەریکی درێژەدان بە خوێندنە. شانبەشانی خوێندنیش، ڕووداوو ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە کوردستان‌و ئێران تەعقیب دەکا. ماوەیەك لەمەوبەر گەڕایەوە بۆ کوردستان، بۆیە بە پێویستم زانی لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکانی کوردستان‌و ئێران‌و، هێندێك بابەتی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی نێو حیزبی دێموکرات ئەم دیمانەیەی لەگەڵ پێك بێنم:***

**◆ئەگەر پێشەکی ئاوڕێك لە بارودۆخی سیاسیی کوردستان‌و ناوچەکە بدەینەوە، بارودۆخی سیاسیی کورد لە پارچەکانی کوردستان‌و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

◖زۆر جار گوتراوە کە دەروازەی چوونی تورکیە بۆ ئورووپا لە ئامەدەوەیە، بەڵام من دەمهەوێ ئەوەش زیاد بکەم کە ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد بە گشتی هەر لە (دیاربەکر) ئامەدەوەیە. برایانی کوردی ئێمە لە باکوور بە شوێن ڕاستیی کوردستان دا دەگەڕێن‌و ئەم پرسیارە لە خۆیان دەکەن کە کوردستانی تورکیا هەیە، کوردستانی ئێراق هەیە، کوردستانی ئێران هەیەو کوردستانی سوریە هەیە، ئەی کوردستانی کوردستان بۆ نیە؟ تەواوی دیاردەکان وا نیشان دەدەن کە بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان بە دروستی دەچێتە پێش‌و سێ ڕووکاری هەیە: شار، شاخ‌و ئورووپا سێ کوچکەی ئەم بزووتنەوەن.

ڕێبەرانی سیاسیی کورد لە تورکیا توانیویانە کە بە باشترین شێوە لە ئەهرۆمە قانوونییەکان کەڵك وەرگرن. لام وایە هەڵبژاردنی پارلمانیی ئەم ساڵ کە قەرارە مانگی ١١ بەڕێوە بچێت کێشەی کورد بباتە قۆناغێکی چارەنووسازو من بەراستی چاوەڕوانی ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەم. لەم قۆناغەدا پارتی کۆمەڵگەی دێموکراتیك DTP نوێنەرایەتیی کورد دەکا.

کورد لەم بەشە لە کوردستان چەند دەسکەوتی گرنگی هەیە کە دەکرێ بڵێین بەشداریی ژنان لە مەیدانی سیاسیدا، شاری بوونی فۆرمی خەبات‌و حوزووری چالاکی توێژی ڕووناکبیر، ئۆرگانیزە کردنی نەورۆز بە چەشنێك کە هەر ساڵ بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز سنووری جوگرافیایی نێوان کوردو تورکیای دیاری کردوە، هەبوونی زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی کە دەربڕی بیری نەتەوەیین. لێرەدا حەز دەکەم باسی ئەوە بکەم کە قانوونی بوونی زمانی کوردی دەتوانێ بۆ هەمیشە کێشەی کورد چارەسەر بکات‌و نیگەرانیی دەوڵەتی تورکیاش لەوەیە کە بە قانوونی بوونی زمانی کوردی لە تورکیا دا ڕێگا بۆ سەربەخۆیی دەکاتەوە. زۆر جوان لەبیرمە کە ساڵی ٢٠٠٢ زیاتر لە ٤٥٠٠٠ خوێندکار لە تۆماریکدا داوای ئازاد کردنی زمانی کوردییان کرد کە تەنانەت ٥٠٠٠ کەس لەو ئیمزا کەرانە خوێندکاری تورك بوون.

جگە لەمانە، کۆمەڵگای تورکیە هێندێك تایبەتمەندیی هەیە.

کۆمەڵگای تورکیا کۆمەڵگایەکی پووڵیە ئەو وڵاتە بە سەر ٦٨ پارێزگادا دابەش بووە کە تێیدا جۆرێك " اشتغال زایی"و جۆرێك "تمرکز زدایی" پێك هێناوە، هەروەها وڵاتێکە کە جورمی سیاسیی تێدا تەعریف کراوەو زۆر هەنگاوی باشی ناوە کە موتابیقی ئیستانداردە ئورووپاییەکانە. لە هەمان کاتدا تورکیا بە گشتی وڵاتێکی سەندیکالیستییەو کورد توانیویەتی خۆی لە ڕێکخراوە مەدەنی‌و سینفییەکانی دا بدۆزێتەوەو ئۆرگانیزە بکات.

کێشەی کورد لە باشوور بوعدێکی جیهانیی هەیە کە بە باوەڕی من تەسبیتی بزووتنەوەی کورد لەم بەشە بەستراوەتەوە بە یەکریزیی ماڵی کورد. هەر چۆن شکستیشی دیسان بەستراوەتەوە بە پرش‌و بڵاویی ماڵی کورد. بە باوەڕی من هەمیشە زەمینەی مودارا لە بەینی حکوومەتی ناوەندیی عێراق‌و شۆڕشی کورد دا هەبووە، بەڵام فاکتەری دیکە زۆر بوون بۆ تێکدانی ئەو فرسەتانە، کە پرش‌و بڵاویی ماڵی کورد یەك لەوانە.

باری ژیۆپۆلێتیکیی کوردستانی ئێران گرفتێکی گەورەی کوردی ئێرانە. لە مێژووی کوردی ئێراندا شتی سەیر هەیە بۆ نموونە لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتەدا لە کاتێکدا سەرانی مەشرووتە بەرەو کرماشان هەڵاتن‌و لەوێ حکوومەتی دەرتەبعیدیان پێك هێنا کوردەکانی شیمالی کوردستان بە دژی مەشرووتەخوازان لە تەورێز شەڕیان کردەوە. یەکەم جەرەقەی شەڕی سارد لە نێوان دوو بلۆکی شەرق‌و غەرب لە سەر ئێران‌و لە ئێرانیش لەسەر دوو کۆماری کوردستان‌و ئازەربایجان هاتە ئاراوە. لە سۆنگەیەکی دیکەشەوە، ئەگەر وا دابنێین کە کورد لە تورکیاو عێراق کێشەی لەگەڵ دەوڵەت‌و نەتەوەی تورك‌و عەرەب دا هەبووەو هەیە، بەڵام لە باری مەزهەبییەوە یەك مەزهەبن، بەڵام کورد لە ئێراندا لەگەڵ سێ نەتەوەی ئازەری لە باکوور، فارس لە نێوەڕاست‌و عەرەب لە باشوورەوە دراوسێیە کە خاڵی هاوبەشی هەرسێکیان مەزهەبی شیعەیە، بەڵام کورد بە پێچەوانەی مەزهەبی ئەوانە - ئازەری بە پێی خەسڵەتی پان تورکیستی، فارس بە پێی تەحمیلی مەزهەبی‌و فەرهەنگی‌و، عەرەب بە پێی سیاسەتی چەپاول‌و تاڵان دژایەتیی کوردیان کردوە.

**◆هەرکام لەوانەی باست کردن کۆمەڵێك پرسیار لەخۆ دەگرن تکایە ئەگەر دەکرێ باسی ئەم کێشانەمان بۆ بکەی؟**

◖زەقترین دیاردەی پان تورکیسم داگیر کردنی زەویە واتە "تسخیر اراضی" ـ تەواوی ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردو ئازەری ئەو ڕاستییە نیشان دەدەن کە پان تورکیسم خاکی ئێمەی داگیر کردوە. ئەم جار بێینە سەر نەتەوەی فارس کە لە ڕێگای تەحمیلی (داسەپاندنی) فەرهەنگی‌و مەزهەبییەوە کە لە کرماشان‌و کەنگاوەرو نێوەڕاستی کوردستانەوە خۆی نواندوە بە دوو قۆناغ لە زەمانی شا دا بە تەحمیل‌و ئیمتیازی فەرهەنگی‌و لە دەورانی ئێستا دا بە تەحمیل‌و ئیمتیازی مەزهەبی.



**◆وەك ئاگاداری نزیکەی چوار مانگ لەمەوبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تووشی لەتبون هات، هۆکارەکانی ئەم ڕووداوە بۆ چ دەگەڕێتەوە؟ ئەم لەتبوونە لە گەورەترین حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا چ کاردانەوەیەکی لە سەر بزووتنەوەی سیاسی کورد دەبێ؟**

◖ بە نەزەری من هۆکاری لەتبوون زۆرن کە زەمین گیر بوونی حیزبی دێموکرات، لێك تێنەگەیشتنی دوو نەسلی پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧و دوای شۆڕش، چەرخش بەراستی حیزبی دێموکرات دوای کۆنگرەی ١٣ کە ستراتیژیی حیزبی خستبووە مەترسییەوە، ناکارایی قەوارەی ڕێکخراوەیی حیزب‌و زۆر شتی دیکە لەوانەن. پێشتر من لەو پێوەندییەدا لە ڕوانگەی خۆمەوە بابەتێکم لە ژێر ناوی "کبوتر با کبوتر باز با باز" بە زمانێکی سادە نوسیبوو. تێنەگەیشتنی دوو نەسڵی نێو حیزب‌و جیابیرکردنەوەی مێژوویی ئەم دوو نەسڵە لە پانتایی کاری سیاسیدا ستراتیژی حیزبی خستبووە گێژاوەوە.

**◆ئێستا بێینە سەر قەوارەی ڕێکخراوەیی حیزب کە ئاماژەتان پێ کرد، تکایە ئەگەر مومکینە تیشك بخەرە سەر ئەم لایەنەی کێشەکان؟**

◖من هەشت ساڵ بەر لە ئێستا لە نامیلکەیەکدا لە ژێر ناوی " باسێك لە سەر شێوەی خەباتی سیاسی" بە وردی ئاماژەم بەم کێشانە کردبووو نیگەرانیی خۆم دەربڕیبوو لەو قەیرانە تەشکیلاتییەی کە حیزبی تێ کەوتبوو. یەك لەو شتانەی کە لەبیرمە ئەوە بوو کە ئێمە خۆمان لە دەست "تمرکز گرایی" دەناڵێنین بەڵام خۆمان جۆرێك "تمرکز گرایی"مان لە خەبات دا هەیە کە ناوی سانترالیزمی دێموکراتیکە. زۆر حیزبی ئێرانی‌و بیانی وازیان لە سانترالیزمی بە ئیستلاح دێموکراتیك هێناوە، چەند نموونەم هێنابووە لەوانە کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقای باشوور کە لە کۆنگرەی ٤٩ی خۆیدا وازی لە "تمرکز گرایی" هێناوە یا هاتنە دەری خانمی حەنان عەشراوی لە ساف هەر لەسەر ئەو کێشانە بووە. بە ڕاستی سانترالیزمی دێموکراتیك زنجیرێك بووە لەدەست‌و پێی حیزبی دێموکرات دا.

لە مێژووی حیزب دا زەعفی دیپلۆماسی زۆر بووە کە دیسان ئەویش ڕیشەی لە قەیرانی تەشکیلاتیی حیزب دا هەبووە. ئەگەر ئێوە بڕواننە ئەو کاتەی کە کۆماری ئیسلامی پێشنیاری وتووێژی داوە، لە کاتێکدا بووە کە حیزبی دێموکرات چۆتە ناو بەرەیەکەوە یا لە قەیرانێکی قووڵی تەشکیلاتی دا بووە. ئەگەر ئێوە دیققەت بکەن حیزبی دیموکرات لە ماوەی ١٥ ساڵ دا چوار جار لەگەڵ چوار تەیفی جۆر بەجۆر کە بینشی فکریی هەر کام لەوانە ١٨٠ دەرەجە لەگەڵ یەکتر فەرقیان هەیە کەوتۆتە هاوکارییەوە.

واتە سەرەتا لەگەڵ جەریانێکی خەشن‌و دێموکرات ئیسلامی، دوای سێ ساڵ لەگەڵ جەریاناتی ڕیفۆرمیست کە باوەڕیان بە شێوەی خەباتی حیزبی دێموکرات نەبووەو دوای چوار ساڵی دیکە لەگەڵ جەریاناتی چەپی سوننەتی کە خۆیان لە قەیرانێکی توندی فکری دابوون، وە ئەخیرەن لەگەڵ پان ئێرانیستەکان. باشە ئەگەر هەموو ئەوانە لەگەڵ ستراتیژیی حیزبی دێموکرات دا کۆك بوون ئیتر کەواتە دوای نەمانی کۆماری ئیسلامی کێشەمان لەگەڵ هیچ لایەنێك نابێ، بەڵام وانیەو لە حەقیقەتدا ئەو هەموو ئەو لاو ئەو لا کردنە ڕیشەی لە تەزاددی دەروون حیزبیدا هەیە، نەك دیپلۆماسی‌و بەرژەوەندی نەتەوەیی. لە کاتێکدا کێشەی ناوخۆیی حیزب دوای کۆنگرەی ١٣ بەرجەستە ببۆوە بەڕێوەبەری دوای کۆنگرەی ١٣ بە بێ ئەوەی ئیعلامی کشانەوە لە "اتحاد عمل برای دمکراسی" بکات یا تەنانەت ئەندامانی ئەو بەرەیە ئاگادار بکات کە ئەو بەرەیە کاربوردی نەماوە، بەبێ لەبەر چاوگرتنی عورفی دیپلۆماتیك لەگەڵ حیزبی پان ئێرانیستی ئێران پرۆتۆکۆلی ئیمزا کرد کە هەر وەك وتم ئەمە ناشی لە پاکانە حیسابی دەروون تەشکیلاتی بوو نەك بەرژەوەندیی حیزبی. مەسەلەیەکی دیکە کە دەکرێ باسی بکەم ئەوەیە کە سکرتێری ح د ك ئێران لە یەکەم وتووێژی دوای کۆنگرەی ١٣ دا وتی کە بە پێی بڕیاری کۆنگرە دیپلۆماسی حیزب بەهێز دەکەین، بەڵام لە ڕاستیدا کاری دیپلۆماسی بۆ بردنە پێشی دۆزی کوردەو بەدەس هێنانی دۆستە، نەك دوژمن تاشی. بەڵام دەتوانم بڵێم دوژمن تاشی یەك لە دەسکەوتەکانی کاری دیپلۆماسی بووە دوای کۆنگرەی ١٣.

**◆لە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ئەم حیزبە بە گوتاری نەتەوەیی، کوردستانی بوونی خۆی تۆخ کردۆتەوەو دەیهەوێ بە قورساییەکی زیاتر لە پێشوو لەم بوارەدا کار بکاو بەگشتی باری نەتەوەیی خۆی قورستر بکات، بەڕێزت پێتان وایە ئەم وەرچەرخانە چەندە لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان کە تا دێ زیاتر وشیاریی نەتەوەیی تێدا بەهێز دەبێ دەگونجێ؟**

◖ لە ڕاستیدا ئەمرۆ گرنگترین پۆتانسیەلی سیاسی لە ئێراندا نەتەوەکانی ئێرانن. بە بێ ڕێگاچارە بۆ کێشەی نەتەوەیی، ئێران ئارامی بە خۆیەوە نابینێ. سەرچاوە مێژووییەکان، کێشەی کورد ئاوا دەردەخەن کە لە سەروبەندی شۆڕشی مەشرووتە دا تەنیا لە ناوچەیەکی بچووکی کرماشان‌و ئەویش دوو عەشیرەتی سەنجابی‌و زەنگەنە پشتیوانی دەنگی ئازادیخوازی بوون، پلانی بە ئەیالەتی کردنی ئێرانی هەبووو کرماشان یەك لەو ئەیالەتانە بە حیساب دەهات. لە سەردەمی سمکۆو هەروەها کۆماری کوردستان دا بەشێکی دیکە لە کوردستان کەوتنە بیری نەتەوە خوازی. لە جەریانی شۆڕشی ١٣٥٧ هەستی نەتەوەیی بۆ سەرەوەو خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەشەنەی کردو ئێستا دەبینین کە هەستی نەتەوەیی باڵی بەسەر نزیك بە تەواوی کوردستان دا کێشاوە. ئەمە لە حاڵێك دایە کە ئەگەر گۆڕانێك لە ئێران ڕوو بداتو ئەحزابی کوردی ئێرانی بگەڕێنەوە دەبێ ئەو کات ڕادەی هەستی نەتەوەییمان بۆ دەربکەوێ. هەر بۆیە مەسەلەی بە کوردستانی بوون لە جێی خۆی دایە ئەم هەڵوێستە باوەڕ بەخۆبوونێکی زیاتر لە ڕووحی تاکی کورد دا دروست دەکات.

**◆ئایا پێتان وانیە کە پێویستە ئەو ئیرادە میللییە بە ئەحزابی ئێرانی‌و کۆڕوکۆمەلە نێودەوڵەتییەکان بۆ وێنە "UNPO" نیشان بدرێ؟**

◖ شتێك کە بەراستی بێ ڕەبت نیە بەم پرسیارەی جەنابتانەوە لەم ماوەی پێشوودا کە لە نۆروێژ بووم‌و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی زۆر گەورە کراوە باسیان لە ئەندامەتیان لە "UNPO" دا کرد، بەڕاستی زۆر بۆ حاڵی میللەتی کورد گریانم دەهات کە کارێکی ئاوا عادی‌و ڕۆژانە بە شێوەیەك گەورە بکرێتەوە کە لە لایەك خەڵکی سادەی وڵاتی پێ چەواشە بکرێ‌و لەلایەکی دیکەوە بەهرە بەرداری حیزبیی لێ بکرێ. لەگەڵ ئەوەیدا کە ئەم کارانە لە ژیانی ڕێکخراوەیی ئورووپا دا زۆر ئاساین‌و لەگەڵ ئەوەدا کە پێم باشە ئەندامەتی لە "UNPO"دا بەڵام نە ئەنتر ناسیونالّو، نە "UNPO" نابنە نان‌و ئاوو خۆشی بۆ خەڵکی کوردستان‌و، "پشت بەستن " بەو ڕێکخراوانە هیچ سوودێکی نیەو ئەگەر ئەم کارانە بوونایە کوردەکانی تورکیا زۆر لەوە زیرکترن کە خۆیان بگەیەننە ئەو جۆرە ڕێکخراوانە، بە تایبەت کە نوێنەری ئەو حیزبە لە دوا کۆبوونەوەی "UNPO"دا کاك عەبدوڵڵا حیجاب، خۆی شارەزای سیاسەتی کوردەکانی تورکیایە. بەڵام داخوا ئەو برادەرانە دەتوانن کەسێکی وەك خانمی فەلەکناس ئوجا کە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپایە بۆ دۆزی کورد لە ئێران ببیننەوە کە ئەوە بۆ دوو دەورەیە لە پارلمانی ئورووپا دایە.

بەکورتی دەبێ بڵێم تەنیاو تەنیا پشت ئەستوور بوون بە میللەت ڕەمزی سەرکەوتنە. هەر هێزێکی سیاسی کە لە گەل ئیلهام وەربگرێ، تووشی هەڵە نابێ. بە کورتی دەکرێ ئەوەش بزانین کە "UNPO" زۆر ناشیانەو بە دەعوەت کردنی تەنیا تورکمانەکانی کەرکوك لە بێلژیك، نیشانی دا کە ئەوانە ناتوانن دڵسۆزی کێشەی گەلانی بێ وڵات بن.

# شەپۆلێکی دیکەی توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئێران

کوێستان فتوحی



دەسەڵاتدارانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە لە ژێر ناوی خەبات دژی "بدحجابی" (خراپ پۆشی) هێرشێکی توندو بەربڵاویان کردۆتە سەر ژنانی ئازادیخوازی ئێرانو رۆژانە ژمارەیەکی زۆریان لێ دەگرنو سووکایەتی بە هەزاران ژن دەکەن.

لە سەرەتای مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ (٨٦)دا گەڵاڵەیەکی تازە لە لایەن کاربەدەستانی رێژیمەوە بە ناوی "هێمنایەتیی کۆمەڵایەتی بە لێڕوانینی ئاکارییانە" پەسند کرا. واتە ئەوەی پێی دەگوترێ خەبات دژی "بدحجابی". لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەو گەڵاڵەیەدا، هێزە دژی گەلییەکان لە شەقامو شوێنە گشتییەکان دا پێش بە ژنان دەگرنو بە تاوانی "بدحجابی" ئازارو ئەزییەتیان دەدەن، سووکایەتییان پێ دەکەنو تا ئێستا ژمارەیەکی زۆریشیان رەوانەی زیندان کردوە. هەر بە قسەی پۆلیسی سەرکوت لە ماوەی تەنیا ٣ رۆژدا نزیك بە ٤٠٠٠ کەس لە سەر لە بەرچاونەگرتنی یاسای پۆشینی جلوبەرگو شێوەی جلوبەرگ لەبەرکردن دەنگ دراون، واتە هەڕەشەی توندیان لێ کراوەو ژمارەیەکیشیان دراونەتەدادگای ئینقلاب.

بە پێی ئەم گەڵاڵەیە ـ لەگەڵ ئەوەی تاریفێکی روونی نیە بۆ شێوەی جلوبەرگی ئیسلامی ـ بەڵام ژنان حەقیان نیە مانتۆو شەڵواری کورتو تەسك لەبەر بکەنو، سەرپۆشی چووکە بەڕەنگی شاد (روون)یان لەسەر بێو ئارایشیش قەدەغەیە. چونکە بە پێی روانگەو بۆچوونەکانی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرست، ئەم شێوە پۆشینو خۆئاراستە کردنە، نۆرمو بەها ئەخلاقییەکان پێشێل دەکەنو تەناهیو هێمنایەتیی وڵات دەخەنە مەترسییەوە!

ئەمە یەکەمجار نیە گەڵاڵە لە دژی مافو ئازادییەکانی ژنان لە لایەن کۆنەپەرستانەوە پەسند دەکرێ. چیرۆکی چەوسانەوەی ژنان لە ئێرانی ژێر سایەی حاکمییەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیدا یەکێك لە لاپەڕە هەرە تاریکەکانی کارنامەی ئەو رێژیمەیە.

هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم رێژیمەوە شەڕی ژنانو ئەو رێژیمە لە سەر شێوازی پۆشینو ئازادییە تاکە کەسییەکان دەستی پێکردوەو، ئێستاش بە شێوەی سیستماتیك هەر بەردەوامە. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو توندوتیژیو هەڕەشەو سەرکوتانەی رێژیم لە دژی ژنان نواندوویەتی، ژنانی ئازاو ئازادیخواز تەسلیمی خواستە کۆنەپەرستانەکانی دەسەڵاتبەدەستانی ئێران نەبوونو تەنانەت ئەگەر بە پۆشینی جلوبەرگی دڵخوازی خۆشیان بووە دژی خواستە کۆنەپەرستانەکانی کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامی راوەستاون. رێژیم بۆیە دەورێکی تازەی لە سەرکوت دژی ژنان دەست پێکردوە چونکە ئەمرۆ بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دا تا رادەیەك بەرەوپێش چووە کە بۆتە یەکێك لە بزووتنەوە ئاکتیڤەکان دژی رێژیم. هەر بۆیە ماوەیەکە چالاکانی ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لە پێشوو زیندانی دەکرێنو هەڕەشەیان لێدەکرێو ئازارو ئەزییەت دەدرێن. ئەم شەپۆلی هێرشانەش هەر لە درێژەی ئەو سەرکوتکردنانەی چەند مانگی رابردوو دایە کە لە دژی ژنانی خەباتکارو لە دژی کەمپەینی یەك میلیون ئێمزا دەستیان پێکردوە. ئێستاش ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرانو چالاکانی ئەو کەمپەینە لە زیندان دان.

رێژیم بۆ چاوترساندنی ژنان کە بوونە هۆی ئابڕوو بردنی ئەو رێژیمە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، هێرش دەکاتە سەریانو بەناوی خەبات دژی "بدحجابی" دەیەوێ ئەم حەرەکەتە نوێیانەی خەباتی ئازادیخوازانەو یەکسانیخوازانەی ژنان تووشی پاشەکشە بکا یان ئەگەر بۆی بکرێ بەتەواوی سەرکوتی بکا.

کەمپەینی یەك میلیون ئیمزا لە دژی یاسا نابەرابەرەکانی رێژیمی ئیسلامی نزیك بە ٨ مانگ لەمەوبەر لە لایەن کۆمەڵێك ژنی چالاکەوە وەڕێ خراوەو خوازیاری ئاڵوگۆڕی هێندیك لە یاساکانی کۆماری ئیسلامین کە دژایەتییان لەگەڵ مافە ئینسانییەکانی ژنان دا هەیە. هەر لەو پێوەندییەش دا ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەی کە ئەم کەمپەینەیان وەڕێ خستبوو لە ناو خەڵك دا خەریکی کۆکردنەوەی ئیمزای پشتیوانی بوون، لە لایەن رێژیمەوە گیراون یان هەڕەشەیان لێکراوە.

ئەم شەپۆلە تازەیەی سەرکوتی ژنانو ئازادییە مەدەنیو تاکەکەسییەکانی ئەوان، نەك ناتوانێ ژنان بۆ ژێر پۆششە رەشەکان بگەڕێنێتەوەو ناچاریان بکا مل بۆ یاسا کۆنەپەرستانەکانی رێژیمی ئیسلامی راکێشن، بەڵکوو چاوەڕوان دەکرێ گەرمییەك بە خەباتی ئازادیخوازانەی ژنان ببەخشێ. چونکە بە تایبەت لەم سەردەمەدا ژنان زیاتر لە هەر کاتێك لەگەڵ مافو ئازادییەکانیان ئاشنا بوون. ئەم جۆرە هەوڵانە نەك ناتوانێ بزووتنەوەی ژنان بەرەو دواوە بگێڕێتەوە بەڵکوو چاوەڕوان دەکرێ پەرچەکرداری بەرینو بەربڵاوی ژنانی وڵاتی لێ بکەوێتەوەو ئەمجارەش بۆ کاربەدەستانی کۆنەپەرەستی دەرکەوێتەوە کە سەرکوت گیانی بەرەنگاریی ژنانو هەموو ئازادیخوازانی ئێران بەهێز دەکا.

# هەرکام لە ئاخو ناڵەکانی ئەو، هەناسەی ژیانی ژنانیترە

(پێشکەشە بە رۆحی دۆعا، ئەو کیژە کوردەی کە بووە قوربانیی جەهلو نەزانیی تاریکبیران)

رۆژین

وەرگێڕان بۆ کوردی: عەلی بداغی

ئەرێ باوەڕمان بە چۆن ژیانو بۆ ژیان هەیە کە چرپەی هەزاران رۆحی سەرگردان لە ناخماندا قرپ دەکەین. ئەمرۆ بە هەزاران هاوار لە سینگی ئەم نیشتمانەدا پەنگ دەخۆنەوەو لە سووچەکانی ئەو گۆڕستانە قاقڕەدا سەر دەنێنەوە. ئەو چ پاکو بێ خەوش پێوشوێنی رێیەك کەوتووە شوێن پێی هەڵ ناگیرێو ئێمەش، حەقایەتێك کە منو تۆ نووسیومانەتەوە پێکەو، بوونمان هەڵ ناگرێ، نا. باوەڕێك کە لە مەنزڵگەی ئەم نیشتمانە مەنفایەدا ساباتێك شك نابا بۆ پشوودان. نیشتمانێك کە بە هەزاران گورگی دڕ پێوشوێنی کەوتوون، ئەو شوانێکی دڵسۆز شك نابا کەچی عەودالی خۆشویستنەو لە لێدان کەوتنی دڵی پڕ حەسرەتی هێشتا تینوێتی گورگە خوێنمژەکانی نەشکاندووە. کوت کوتی دڵی گڕ گرتووی لە لایەك کەوتووەو خەونی نووستووی ژنانی دیکەش هەر بەپێوە.

باسی ئێمەش بەسەرهاتی خەڵکێکە کۆڵەباری خەمیان ئەوەندەی دی قورسایی خستۆتە سەر رێگای ماندوویان. لەو خەڵکەی کە منداڵی ناخی خۆیان بە کەلوپەلی یارییەکانی ئەم جیهانە تێ پەڕاندووەو لە تەنیشت چۆماوی ژیان بۆ نغرۆ بوونی گەمی ئاواتیان شینو شەپۆریانەو پێکی ئازار هەڵ دەدەن، ژانو مەینەتێکی بێ کۆتاو هەتا هەتاو هەر هەمووشی لەخۆمانو بۆ خۆمانە.

ئێمە نیگای دڵۆڤانی بۆ یەکتر دیستێنینەوە، بەڵام سەد ئاخ کە قەت یەکتر نابینینەوە. مەگەر خۆشویستن دێ تا سنورێك بناسێ؟ مەگین خۆشویستن ئیمانی بە رەگەزو نیشتمانو ئایینە؟ چۆن دەتوانین لە نیشتمانی پیرۆزیو پاکیدا باس لە نێزەو تفەنگو گولله بکەین؟ تۆ بڵێی مرۆڤایەتی لەو هەرێمە کۆچی کردبێ، یان مردبێ؟ یانی دەبێ چاوەڕوانی حەزرەتی مسیح بین تا هەناسەی ژیان بەبەری ئەو مردوویەدا بکاتەوە تا ئێمەش ناوێکمان لە مێژوودا بمێنێ؟و

بۆچی هەموو کات عەواڵی ناوو ناوبانگین؟ تۆماری ناو لە نێو لاپەرەکانی مێژوو دا چیمان پێ دەبەخشێ؟ مەگین مێژوو باس لە مافی پێخۆست کراوی ئەو خەڵکە دەکا کە ئێوە داگیرتان کردووە...نا، مرۆڤایەتی هێشتا زیندووە، هەناسە دەدا، ئەوە مافی رەوای هەر کەسێکە کە تەمی مەرگ دێو خەریکە دایدەپۆشێ. چۆنە ئەو پیاوەی عەودالی ئازادییە بەڵام خۆی دێو ئازادی قڕ دەکا، خۆی پێ دیموکراتە بەڵام لە ماناکەی تێ ناگا.



بڵێی ئازادی نەتەوەکان واژەیەکی نامۆ بۆ تینوانی دەسەڵات بێ کە وەك پاشایەك قەلغانی بۆ دەگرن؟ لە دێموکراتیك دەپەیڤنو دوورن دوور لەو چەمکە.

چۆن لەو هەرێمەی حکوومەت، گەلیو دێموکراتیکە مافی خەڵك ژێر پێ دەنرێو سەربەستی پشووش یاساغ دەبێ؟ چۆن بەس لەبەر خۆیان مرۆڤەکان دەکێشنە پای سێدارەو مەحکووم بە نەمانو فەوتانیان دەکەن؟

یاسا پشتیوانە جگە لە ژنانو منداڵان، بەردباران، خۆسوتاندنو ئیعدام هەر دێو نەبراوەتەوەو ئێمەش خەمسارد لەتەنیشتی تێ دەپەرین.

بەرخودان چ واژەیەکی جوانو رازاویە بەڵام دەتوانین بۆ تۆو منو ئەو بەکاری بێنین، نا، چونکی هیچمان بە باوەڕی خۆ ناسین نەگەیشتووین. تا خۆشویستنو خۆشەویستی بۆ یەکتر ژیان هەرس بکەین.

مێژوو دووپات دەبێتەوە، سەرەتا ئەوە مەنسووری حەللاجە کە لە پێناو خۆشەویستی لە سێدارە دەدرێو ئەوی تریان ئەوە کە بە ئیمان بە جوانیو خۆشەویستی هەناسەیان لێ بڕی. ئەو هێمای بەرخۆدان بوو، نوێنگەی هەموو جوانییەکانی ناخی مرۆڤ، چونکی لە سنووری رەگەزو جیایی ئایینیەکان تێپەڕیو قەفەسی تەنگی دەوری خۆی شکاند.

ئەو لە خەیاڵگەی مرۆڤەکان دا یەکبوونی ژیاندەوەو ئێمەی تێ گەیاند کە یاساکانو دەسەڵات بەس بووکەڵەیەکی قورمیش کراون کە قورمیش دەکرێتەوە کاتی بەسەر چونیان هەیە. ئەو سەرتاپا باوەڕو ئیمانو شۆڕشگێڕ بوو، ئەو سنورەکانی بەزاندو گشتی خستە ژێر پێی خۆیو چریکەی سەربەستیو رزگاری چڕی.

مەرگی جەستە مەرگو نەمان نیە، ئەوە خەڵکن کە مردوونو دەست لەسەر نێزەو پەلەپیتکە درووشمی سەربەستی دەڕشێنەوە. ژنێکی یەکسانخواز ناتوانێ خۆی لە یاساو رێساکانی کۆنو سواودا قەتیس بکا تەنانەت ئەگەر هەناسەشی لێ بستێننەوە،و بەردبارانیشی بکەن. لێرەدایە کە تێ دەگەین خۆشویستن چەندە پڕ بایەخو پیرۆزو ئەو چۆن لە باوەشی تەنیایی خۆیدا بەهاو نرخی خۆشەویستیدا.

هەرکام لە ئاخو نالەکانی ئەو هەناسەی ژیانێکن بۆ ژنانی دیکەو هێمای باوەڕ بەخۆ بوونیو پیرۆزی خۆشەویستی بوون. سەردەمێك ژنان بەبێ هۆ زیندە بەگۆر دەکران، بەڵام ئەمرۆ بە مەبەستو ئامانجەوە زیندە بەگۆڕ دەکرێن.

ئەوە هێمای سەرکەوتنو براوە بوونی هەموو ژنانەو ئەوەش کە ئێمەش دەتوانین لەوبەری خەونەکانمانەوە چەشنی ئەو بین.

# لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆ ببنەوە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 461   1 May  2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268


## بەر لەماڵاوایی

# بەڵێ بۆ پابەندیی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە مافی مرۆڤ

ع. وریا

مانگی مای ساڵێك لەمەوبەر، هەر لەم ستوونەو لە ژمارەی ٤٣٧ی "کوردستان" دا نووسیم:

"ئەگەر لە دەیەکانی رابردوودا تەنانەت ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌یەکانی چاوەدێری مافی مرۆڤیش تیشکی پرۆژێکتۆری خۆیان تەنیا دەخستە سەر کردەوەو ڕەفتاری دەوڵەتان‌و گرنگی‌یەکی ئەوتۆیان بەکارو کردەوەی هێزو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بواری مافی مرۆڤ دا نەدەدا، لە دوا دەیەی سەدەی بیستەمەوە، بە خۆشییەوە ئەم هێزەو ڕێکخراوانەش بوون بە ئامانجی ئەم جۆرە چاوەدێری‌و لێکۆڵینەوانە. پێشێلکردنی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ لەلایەن ئەوانیشەوە پاساو نادرێ‌و،بە جیددی لێی دەپرسرێتەوە. ئەمەش لەلایەن ئەو هێزو لایەن‌و کەسانەی بەراستی بڕوایان بە مافی مرۆڤ هەیە، دەبێ وەك وەرچەرخانێکی گرنگو هەر لەم کاتەدا جێگای دڵخۆشی وەربگیرێ. چونکە ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤو دابینکردنی مافو ئازادییە بەرەسمی ناسراوەکانی، لە سەرەوەی هەموو ئامانجێکەوەن‌و هەر لایەنێك پێشێلیان بکا، مەحکوومە. ئەم جۆرە لێپرسینەوانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی حیزبو ڕێکخراوەکانیش وەك دەوڵەتان [یا] ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرن، یا لەگەڵ ئاکامە نالەبارەکانی ئەم کەمتەرخەمی‌یە بەرەوروو ببنەوە. ئەم وەرچەرخانە هەر لەم کاتەدا زەنگێکی وریاکەرەوەشە بۆ ئەو هێزو ڕێکخراوانەی بە قسە هیچیان تێدا نەهێشتۆتەوە، بەڵام بە کردەوە، لە ڕێزگرتن لە مرۆڤ و ئازادییەکانی دوور کەوتوونەوە."

راست ساڵێك دوای ورووژانی ئەم باسە لەم ستوونەدا، چالاکترین ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و تەنانەت لە هەموو ئێران دا، قامکی لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە داناوە. بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە وتووێژێکی ئەم دوایی‌یانەی خۆی لەگەڵ خاتوو روئیا تلوعی (رادیو فەردا)دا، ئاماژەی بە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە نێو حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان دا کردووەو بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی راپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوەکەی دەڵێ:

"بەداخەوە حیزبو گرووپە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیون تەنیا ئەو نموونانە لە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ زەق دەکەنەوەو لە قاویان دەدەن کە لەلایەن حکوومەت‌و دەوڵەتەوە روویان داوە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەبێ بزانین بۆخۆیان تا چ رادەیەك بە مافی مرۆڤ پابەندن. هێندێك هەواڵ‌و راپۆرتمان پێ‌گەیشتوون کە بە داخەوە لە نێوخودی ئەو گرووپو حیزبە سیاسییانەدا، تەنانەت مافی ئەندامەکانی خۆیان‌و دژبەرو نارازییانی نێوخۆیان رەچاو ناکەن‌و تەنانەت بایەخێك بۆ ئەم مافانە دانانێن. لە زۆر نموونە لەو بوارەدا ئاگادار کراوین. تەنانەت راپۆرتی وامان پێ‌گەیشتوە کە کەسانێکیان گرتوەو ئەمە زۆر جێگای داخە کە حیزبێك هێشتا هیچ چەشنە دەسەڵاتێکی نیە، گرتووخانەی هەیەو کەسانی خۆی لە بەند دەکا."

سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە لەم پێوەندییەدا چیتان کردوەو ئایا ئەم گرووپانەتان لە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لەلایەن ئەوانەوە، ئاگادار کردۆتەوە؟" دەڵێ: "ئێمە لە سەرەتای ساڵی سێهەمی تێکۆشانمانەوە هەوڵ دەدەین ئەم جۆرە نموونانە بە نووسراوەو هێندێك نموونە زۆر بە روونی‌و ڕاشکاوانە لەگەڵ ئەم حیزبو ڕێکخراوانە بێنینە بەرباس‌و چاوەڕوانین کە ئەوان گرنگی بەم وریا کردنەوانە بدەن‌و لە هەوڵی باشتر کردنی بارودۆخی نێوخۆیی خۆیان دابن."

ئەگەر قەبووڵمان بێ ئەو کەسانەش کەلە حیزبو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیون دا ئەندامن، مرۆڤن‌و، مرۆڤ، سەرەڕای بەستراوەیی ڕەگەزی، جینسی، نەتەوەیی، سیاسی، ڕێکخراوەیی‌و هتد، کۆمەڵێك مافی تایبەت بە خۆی هەن کە لە ئاستی جیهانی‌دا بە ڕەسمی ناسراون‌و دەبێ ڕێزیان لێبگیرێ، دەبێ خۆشحاڵ بین کە گرووپو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیونی کوردیش بکەونە نێو بازنەی چاوەدێریی ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ. ئەگەر نەتەوەیەکی بندەست یا حیزبێکی خەباتگێر بۆی هەبێ ویست‌و داوا ڕەواکانی بەکەلکوەرگرتن لە نێوەرۆکی پەسندکراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بێنێتە گۆڕێ‌و بەمجۆرە سەرنج‌و پشتیوانیی دەوڵەتان‌و بیروڕای گشتی بۆ لای خەباتەکەی رابکێشێ‌و، لەم ڕێگایەوە دەوڵەتێك ناچار بە ملدان بۆ مافە ڕەواکانی بکا، بۆچی تاکێك لە نێو حیزبێك دا یا لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزێکی ئۆپۆزیسیون دا هەر بە کەلکوەرگرتن لەو مافە بەرەسمی ناسراوانەی مرۆڤ، نەتوانێ دەستدرێژی بۆ سەر مافو ئازادییەکانی خۆی بەرپەرچ بداتەوە؟! حیزبێکی خەباتگێرو ئازادیخواز کە دژی دەستدرێژیی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆرو سەرکوتکەر بۆ سەر مافو ئازادییەکانی خەڵکی وڵاتەکەی یا بەشێك لە نەتەوەکەی خەبات دەکا، نەك هەر نابێ ببێتە پێشێلکەری مافە ئینسانییەکانی خەڵك‌و ئەندامانی خۆی، بەڵکوو پێویستە هەرچی زیاتر ئەوان بەو مافانە ئاشنا بکا بۆ ئەوەی باشتر بیانناسن‌و زیاتر داکۆکییان لێ بکەن.

لەگەڵ ڕێزو سوپاسی زۆر بۆ تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەو بە نرخی تێکۆشەرانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان لە دوو ساڵی رابردووداو مەحکووم کردنی هەموو ئەو گرفت‌و کۆسپانەی لەلایەن داموو دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بۆیان دروست کراوە، دەبێ بڕیاری ڕێکخراوی ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە نێو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان دا، بە هەنگاوێکی گرنگو پۆزەتیڤ کە کاریگەریی باشی لەسەر بایەخدان بە مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئەو ڕێکخراوانەدا دەبێ، دابنێین. دڵنیاشم هەر حیزبو ڕێکخراوێکی پابەندی مافی مرۆڤ بێت، هەر بەم چاوەوە سەیری ئەم بڕیارە دەکا. فارس گوتەنی:

آن را كه حساب پاك است    از محاسبه چه باك است

## چیاکانی کوردستان

# پەڕاو Parrao



" پەڕاو" بە یەکێك لە ئەستەمترین چیاکانی زاگرۆس دەژمێردرێ. چیایەکی سەخت، رژدو هەر لەو کاتەدا دڵگرو سەرسەوزە. "پەڕاو" کەوتۆتە نێوان ناوچەکانی "پایرەوەند"و "میان دەربەند" کەسەر بە بەشی ناوەندیی شاری کرماشانن.

"پەڕاو" لە باکووری ڕۆژئاواوە لەگەڵ زەنجیرە چیای شاهۆ(شاکێو)، لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ چۆمی "گاماساو"و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە لەگەڵ ئاوایی "دارچیمان" دراوسێ‌یە.

ناوچەکانی "پایرەوەند"و "میان دەربەند" کەوتوونەتە باکووری ڕۆژئاواو ناوچەکانی "دینەوەر"و "بێڵەوار" لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەم چیایە، هەڵ کەوتوون.

"پەڕاو" بە دایکی چیا بەناوبانگەکانی وەك "بێستوون"، "کەمەرسیا"، "روئین"، "خەرمان"، "میرادۆڵ"، "داربیر"، "عالیوەر"، "خلج"، "بلوچ"، "شێخ عەلیخان"، "ئەبدالان" (٣٣٠٠)، سێ‌گل (٣١٠٠)، کەل بازرگان، ماسی، بێستوون‌و هتد دەژمێردرێ.

بەرزترین‌و بەناوبانگترین دوندی چیای "پەڕاو"، "شێخ عەلیخان"ە کە بەرزایی‌یەکەی ٣٣٥٧ میترە، کەوتۆتە نێوان دۆڵی "مانگ هەڵات"و دۆڵی "تیرئەنداز". لە دەوروبەری بەرزایی‌یەکانی "شیخ عەلیخان"، چاڵە بەفری هەمیشەیی‌و جۆراوجۆر هەن کەلە هەموو وەرزەکانی ساڵدا پڕ لە بەفرن.بەفری ئەم چاڵە بەفرانە لە سەردەمەکانی پێشتردا بەهۆی پەڕاونشینانەوە، دەردەهێنراو بۆ شارەکانی کرماشان، قەسری شیرین‌و ئیسلام ئاباد (شائاباد)ی ڕۆژئاوا رادەگوێزرا. ئاوە زۆرو هەمیشەیی‌یەکانی پەڕاو، بۆ ژیانی گیایی‌و گیانلەبەرانی ناوچە، سەرچاوەیەکی گەورەن‌و هاندەرو هۆکارێکی بنەڕەتیشن بۆ مانەوەی درێژخایەنی هەوارنیشینانی زەحمەتکێشی ناوچە.

لە کانیاو (گراو)ە کانی ناوچە دەتوانین تاق‌وسان، بێستوون، سەراب، کنێشت، کانی چەرموو، قتەچەرمی‌و کانیی قاوەخانە ناو ببەین. داکۆ لە داوێنە سەرسەوزەکانی ئەم چیایەدا، کۆمەڵێك گوندی جوان هەڵکەوتوون. بۆ نموونە: هۆکان، مانگ هەڵات، پیرغەیب، شێرعەلی، چەشمەباغ، دووچەشمە، سێ‌چەشمە، چنارە، گوڵدەستە، زوڵم ئاباد، تەڵخاب، زالیاب، گیلانە، سیاخانی، وزملە، گەنجە، بێستوون، عەزیز ئابادو..

نێونجی گەرما لە پەڕاو لە نێوان ٥ تا ١٠ پلەو بارانی ساڵانەش لەو چیایە لە نێوان ٥٠٠ تا ٨٠٠ میلی‌لیتر دایە کە زۆرتر بە شێوەی بەفرو بارانی بەهاری دەبارێ. بەشی هەرە زۆری ناو بانگی پەڕاو دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتەکەی کە خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن. ئەشکەوتی پەڕاو، قووڵترین ئەشکەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوراستەو بەرزایی‌یەکەی ٥٧ میترەو لە باشووری ترۆپکی "قتەچەرمی" هەڵکەوتوە.

هەڵدێرە بەرزو بەناوبانگەکانی پەڕاوو لافاوو ڕنووی زستانان لە گرنگترین مەترسییەکانی ئەم چیایەن. هەلومەرجی لەباری ئاووهەوایی‌و بارینی زۆری ساڵانە، بەهەشتێکی ڕەنگاورەنگی لە ڕووەکو دارودرەختی وەك بادامی کێوی، بەڕوو، گۆیژ، بلچ، ڕووەکە دڕکاوییەکان، هەروەها ڕووەکەکانی وەك ڕێواس، کەنگر، گەوەن، کاکوتی، سیزاب، بۆمادران، گیزمان‌و... نەخشاندوە. هەروەها کەروێشك، بزنە کێوی، گورگ، مار، چەقەڵ، هەڵۆ، ژووشك،و.... لە گرینگترین گیانلەبەرانی ئەم چیایەن کە بەداخەوە بەهۆی دانیشتووانی ناوچە ڕاو دەکرێن.

"پەڕاو" زۆر ڕێگای بۆ سەرکەوتن هەیە. ڕێگای ئاوایی "چاڵ ئاباد" یەکێك لە ڕێگا سەرەکی‌یەکانە کە ٤ کاتژمێر دەخایەنێ. باشترین ڕێگای سەرکەوتنیش هەر ئەو ڕێگەیەی قوتەی شیخ عەلیخانە کە کەوتۆتە ئاوایی "مانگ هەڵات"و ٥ کاتژمێر دەخایەنێت.

سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول: کوهها"
ئامادە کردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

# دوو روانگەو دوو ڕەوتی نێوحیزبی دێموکرات




لەژێر ئەم ناوەی سەرەوەدا، لەم دواییانەدا کتێبێکی نوێی کاك ئەحمەد قادری، تێکۆشەری لەمێژینەی حیزبی دێموکرات‌و نووسەرو وێژەری رادیۆی دەنگی کوردستان، چاپو بڵاو بۆوە. ئەم کتێبە کە لە ٢٤٠ لاپەرە پێك هاتوەو لە سلێمانی بە تیراژی ١٠٠٠ دانە چاپو بڵاو بۆتەوە بۆ باس لە کێشە نێوخۆییەکانی حیزبی دێموکرات لەم ساڵانەی دوایی دا کە سەرەنجام لەتبوونی ئەم حیزبەی لێ کەوتەوە، تەرخان کراوە.

نووسەر لە روانگەی خۆیەوەو بە نموونە هێنانەوە لەو رووداوانەی بۆ خۆی لە نزیکەوە شاهیدیان بووەو هەروەها بە کەڵك وەرگرتن لە کۆمەڵێك بەڵگەنامە، ڕەوتی رووداوەکانی نێوخۆی حیزبی دێموکرات هەر لە پێش کۆنگرەی سێزدەیەمەوە تا لەتبوونی حیزبی دێموکراتی هێناوەتە بەر باس.

## دیاریی ماڵپەری شەهید

# بۆ ئۆگرانی ڕێگای پڕ سەروەریی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوە




"سەلاح شەشە"، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی شەهید (www.shehid.com)، بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی دیارییەکی شیاوی پێزانینی بۆ ئۆگرانی ڕێگای پڕ سەروەریی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوەو تێکڕای شەهیدانی کوردستان، ئامادە کردوە. ئەم تێکۆشەرە لە مێژینەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێنەی سەدان شەهیدی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی لە کلیپێك دا ئامادە کردوە. ئەم کلیپە هەم لەسەر ماڵپەری شەهید هەیە، هەم بە شێوەی CD (لە لایەن بەشی فیلمی حیزبی دێموکراتی کوردستان)ەوە بڵاو کراوەتەوە. بەڕێوەبەری ماڵپەری شەهید دەڵێ: بەو هۆیە کە بەشێکی بەرچاو لە شەهیدان بەداخەوە وێنەیان لە بەر دەست دانیە، نەمتوانیوە، وێنەی هەموو شەهیدان لەم کلیپەدا جێ بکەمەوە، هەر بۆیە لە گەڵ پێشکەش کردنی ئەم کلیپە داوای لێبووردنیش لە کەس‌و کاری شەهیدەکانی دیکە دەکەم کە وێنەیان لەگەڵ ئەم کلیپە دا نیە.

ماڵپەری شەهید لەگەڵ وێنەکانی شەهیدان، پەخشانی حەماسیی "دایە مەگری بۆ ڕۆڵە"ی (لە نووسینی بەڕێز فەتاح کاویان‌و بەدەنگی کاك محەمەد کەریمی)ی مۆنتاژ کردوە. نووسین‌و تۆمار کردنی ئەم پەخشانە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری کۆنگرەی پێنجەمی حیزب (شیوەجۆ، ١٣٦٠) کە نووسەرو وێژەر هەردووکیان لە رادیۆی دەنگی کوردستان کاریان دەکرد.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە کاك سەلاح شەشە، نزیکەی بیست‌و پێنج ساڵە کەم ئەندامەو زیاتر لە بیست ساڵە لە سوئید دەژی، بەڵام هەر بەو نەفەسەی لە کوردستان لە سەنگەری پێشمەرگایەتی دا قارەمانەتیی دەنواند، لە سوئێدیش هەدای نەداوەو بەشی هەرە زۆری کات‌و ئیمکاناتی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی سایتی شەهیدو دەوڵەمەند کردنی ئەو سایتە بە وێنەو ژیاننامەی شەهیدانی حیزبی دێموکرات‌و گەلی کورد تەرخان کردوە.

دەستخۆشی بۆ کاك سەلاح شەشەو بەردەوامی‌و بەرەو پێشچوونی زیاتر بۆ ماڵپەری ((شەهید))و بە هیوای کاری گەورەتر.

## مرواریی دەریای وشە

ئەگەر سەرپشکم کەن کە دەوڵەتم هەبێ یان ڕۆژنامە، بێ هیچ شك‌و گومان‌و دوو دڵی‌یەك ڕۆژنامە هەڵ دەبژێرم .
(تۆماس جێفر سۆن)

خوداوەند ئازادی تەنیا دەدا بەو کەسانە کە خۆشیان دەوێ‌و هەمووکات بۆ داکۆکی لێکردنی ئامادەن.
(دانیال وێبێستێر)

بێ تەفاوەتیی ئێوە لە ئاست پێشێلکرانی مافی کەسانی دی، دەبێتە هۆی لەنێو چوونی حەقیقەتی سەربەخۆیی ئێوەو لە ئاکام دا واتان لێ دێ هەر ملهوڕێك کە لە نێوتان پەیدا بوو، بە خۆتان فێر دەبێ.
(ئابراهام لینکۆڵن)

راستی، یەکەم شتە کە مرۆڤ دەبێ بە دوای‌دا بگەڕێ. ئامرازەکانی دۆزینەوەی راستی ئەوەندە ساکارن کە مرۆڤ بە دژواریان دەزانێ.
(مهاتما گاندی)

# لیستەی سەروەری

ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆزانی کوردو دۆستان‌و ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵامی داخوازی حیزبیان بۆ دانی یارمەتیی سەخاوەتمەندانە داوەتەوەو جوامێری‌و دڵاوایی خۆیان نیشان داوە. ئەو بەڕێزانە هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەم لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە حیزبی دیموکراتیان بەسەرکردۆتەوە. لە هەر ژمارەیەکی "کوردستان" ناوی بەشێك لەو بەڕێزانە بڵاودەکەینەوە. لەو بارەیەوە روونکردنەوەی دوو شت پێویستە:

١ـ لەبەر هێندێ تێبینی ناوی ئەو دۆستانە نانووسین‌و تەنیا بە چەند پیتی ناوەکانیان ئاماژەیان پێ‌دەکەین.

٢ـ ئەوانەی پووڵی غەیری تمەنیان داوە دراوەکەیان هەرچی بووە بە دۆلار بەراورد کراوەو بۆ ئاسان کردنەوە، دۆلاریش بە نۆسەد تمەن قەبڵێندراوە.

١ـ ش.د نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
٢ـ خ.ش.د نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
٣ـ ع.م.ع نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
٤ـ ع.م.ز نۆسەد هەشتا هەزار (١٨٠/٠٠٠) تمەن
٥ـ ك.ع نەوەد هەزار (٩٠/٠٠٠) تمەن
٦ـ ر.ف.خ نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠)
٧ـ ج.ش.ع یەك میلیۆن‌و سێسەدو پەنجاهەزار (١/٣٥٠/٠٠٠) تمەن
٨ـ ر.س.ج چوارسەدو پەنجا هەزار (٤٥٠/٠٠٠) تمەن
٩ـ ف.ج.٨ هەشتسەدو دەهەزار (٨١٠/٠٠٠) تمەن
١٠ـ ع.ج.خ یەك میلیۆن‌و هەشتسەد هەزار (١/٨٠٠/٠٠٠) تمەن
١١ـ ج.ر.س دووسەد حەفتا هەزار (٢٧٠/٠٠٠) تمەن
١٢ـ س.ج.س شەسسەدو سی هەزار (٦٣٠/٠٠٠) تمەن
١٣ـ ر.خ.ق نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
١٤ـ م.ع.ص حەوسەدو بیست هەزار (٧٢٠/٠٠٠) تمەن
١٥ ج.ش.ع نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن